

# مەسخ

# کافکا

# بەشی یەکەم

گریگۆر سامزا بەیانییەک لە خەونگەلێکی بێئارامەوە بەخەبەر هات و خۆی لەناو جێگاکەیدا بە ڕموزنبوویی بینییەوە. لەسەر پشتە سەدەفئاسا ڕەقەڵەکەی پاڵ کەوتبوو و کاتێک سەری خۆی کەمێک بڵند دەکرد، زگە قەوسە قاوەییەکەی خۆی دەبینی، کە بە درزی کەوانەیی کەرتکەرت بووبوو و پێخەفەکەشی بە ئەستەم پێوە مابوو و وەخت بوو تەواو دەخزایە خوار. قاچە زۆرەکانی، کە بە بەروارد لەگەڵ چێوەی ئاساییدا بە شێوازێکی ئابڕووبەرانە باریکەڵە بوون، دەستەپاچانە لە پێش چاویدا دەبریقانەوە.

بیری کردەوە: «من چیم بەسەر هاتووە؟» خەون نەبوو. ژوورەکەی، ژوورێکی ڕاستەقینە، بەڵام کەمێک چکۆلانەی مرۆڤێک، هێشتا لە نێوان چوار دیوارە ئاساییەکانیدا بوو. بەسەر مێزەکەدا، کە پاکەتێک خاولیی نموونەیی هەڵپچڕاو بڵاو کرابووەوە- سامزا کاری گەشتکردن بوو- ئەو وێنەیە هەڵواسرابوو، کە لەمێژ نەبوو ئەم لە گۆڤارێکی تایبەت بە وێنەوە بڕیبووی و خستبوویە چوارچێوەیەکی قەشەنگی زێڕینەوە. وێنەکە خانمێکی نیشان دەدا، کە بە کڵاو و ملپێچێکی چەرم خۆی ڕازاندبووەوە، بە قیتوقنجی دانیشتبوو و دەسکێشێکی چەرمیشی لە ڕووی بینەردا ڕاگرتبوو، کە تێیدا بەشی خوارەوەی پەلی بە تەواوی ون بووبوو.

پاشان نیگای گرێگۆر کەوتە سەر پەنجەرەکە- مرۆڤ گوێی لە ترپەی بارانەکە دەبوو دەیدا بە تەختی کانزایی پەنجەرەکەدا- ئەو کەشوهەوا غەمگینە تەواو مات و مەلوولی دەکرد. بە خۆی گوت: «چۆنە گەر کەمێکی دیکە بخەوم و ئەم هەموو شێتیوشوورییە فەرامۆش بکەم.»، بەڵام ئەوە کارێکی تەواو نەکردە بوو، چونکە گرێگۆر ڕاهاتبوو لەسەر لای ڕاست بخەوێت، بەڵام لەم دۆخەی ئێستایدا خۆی پێ نەدەچووە سەر ئەو بارە. بە هەر هێزێک خۆی فڕێ دەدایە سەر لای ڕاست، هەمیشە دەکەوتەوە سەر پشت. هەڵبەت سەد جار تاقی کردەوە، چاوی لێک نا تاکوو پێویست نەکات لینگەفرتێکانی خۆی

ببینێت و هەتا لەلاوە هەستی بە ئازارێکی سووک و سستی هەرگیز هەستپێنەکراو نەکرد، لێ نەگەڕا.
بە خۆی گوت: «ئاخ خودایە، چ پیشەیەکی سەختم بۆ خۆم هەڵبژاردووە! ڕۆژ دەست پێ دەکات و ڕۆژ تەواو دەبێت من لە گەشتدام. فشارە بازرگانییەکان زۆر لەوانەی ناو کۆگاکە گەورەترن و سەرەڕای ئەوەش ئەو دەردی گەشتکردنە خراوەتە سەر شانم، خەمی گۆڕینی شەمەندەفەرەکان، ئەو ژەمە نارێک و خراپانە، ئەو هاتوچۆیە، کە هەمیشە لە گۆڕاندایە، هەرگیز بەردەوام نییە، هەرگیز نابێت بە هاتوچۆیەکی ئاسودەبەخشی مرۆیی. هەمووی بە دۆزەخ!»
لەسەر زگی هەستی بە خورانێکی کز دەکرد؛ لەسەر پشت هێواش هێواش خۆی لە کۆڵەکەی سیسەمەکە نێزیک کردەوە، تاکوو بتوانێت سەری باشتر بڵند بکات. جێ خوراوەکەی دۆزییەوە، کە بە خاڵی سپیی بچکۆلانە داپۆشرابوو و ئەم تێی نەدەگەیشت چۆنی هەڵسەنگێنێت و ویستی قاچێکیانی بۆ جێ خوراوەکەی بەرێت، بەڵام دەستبەجێ قاچی گەڕاندەوە، چونکە لە بەرکەوتنەکەدا موچورکی پیا دەهات.
خۆی خزاندەوە سەر باری پێشووی. بیری کردەوە: «ئەم زوو لەخەوهەستانە مرۆڤ تەواو تێک دەدات. مرۆڤ دەبێت خەوی خۆی بخەوێت. ڕێبوارانی دیکە وەک ژنانی ناو مۆڵگە دەژین. بۆ نموونە گەر من لە ڕەوتی

پێشنیوەڕۆدا بۆ میوانخانەکە بگەڕێمەوە، تاکوو ئەو کار و ڕاسپاردانەی دەستم کەوتوون بنووسمەوە، ئەو ئاغایانە سەرەتا لە بەرچاییدان. با من ئەوە لەگەڵ خاوەنکارەکەی خۆمدا تاقی بکەمەوە؛ وەڵا دەستبەجێ دەردەکرێمە دەرێ. جا کێ دەڵێت ئەوە بۆ من خەراپە. گەر لەبەر خاتری دایک و باوکم خۆم دوور ڕانەدەگرت، لەمێژ بوو دەستم لە کار کێشابووەوە، دەڕۆیشتمە بەردەمی خاوەنکارەکە و ڕای خۆمم لە ناخی دڵەوە پێ دەگوت. جا با بۆ خۆی لەسەر مێزەکەی خۆی بەربوایەتەوە خوارێ! ئێ ئەوە شتێکی سەیرە، لەسەر مێز دانیشیت و لە سەرەوەوە بەرەو خوار قسە بۆ کارمەندێک بکەیت، کە دەبێت وێڕای ئەوەش لەبەر ئەوەی خاوەنکارەکە گوێی گرانە تەواو نزیک بێتەوە. ئیدی هێشتا هیوا ماوە؛ کە پارەکەم پێکەوە نا، تاکوو قەرزی دایک و باوکمی پێ بدەمەوە- دەکرێت پێنج تا شەشساڵی دیکە بخایەنێت-، هەر دەبێت ئەوە بکەم. ئەوکات گۆڕانێکی مەزن ڕوو دەدات. بەڵام دەبێت جارێ من هەستمە سەرپێ، چونکە شەمەندەفەرەکەم کاتژمێر پێنج دەردەچێت.»

تەماشای کاتژمێرەکەی ئەوبەرەوەی کرد، کە لەسەر سندووقەکەوە چرکەی دەهات. لەبەر خۆیەوە گوتی: «ئەی باوکی ئاسمانی!» کاتژمێر شەشونیو بوو و میلەکانیش پەیتاپەیتا بەرەو پێش دەچوون، تەنانەت لە نیویش لای دابوو، لە سێ چارەگ نێزیک دەبووەوە. ئەی نەدەبوو

میقاتەکە زەنگی لێ بدایە؟ مرۆڤ لە جێگاکەوە دەیبینی، کە بۆ سەعات چوار بە دروستی میقات کرابوو؛ بێشک زەنگیشی لێ دابوو. بەڵێ، بەڵام ڕێی تێدەچوو مرۆڤ بەو زەنگە دیوارلەرزێنە بەخەبەر نەیەت؟ خۆ خەوێکی ئارامیش نەخەوتبوو، بەڵام لە جێی ئەوە خەوێکی قووڵتر. بەڵام دەبایە ئێستا چی بکات؟ شەمەندەفەری داهاتوو کاتژمێر حەوت دەردەچوو؛ بۆ ئەوەی پێی ڕابگات، دەبایە پەلەپەلێکی شێتانە بکات و نموونەکان هێشتا کۆ نەکرابوونەوە و خۆیشی هەستی بە زیندوویی و بزێوییەک نەدەکرد. تەنانەت گەر فریای شەمەندەفەرەکەش بکەوتایە، لە دەست هاتوهاواری خاوەنکارەکەی کە وەک هەور دەگرمێنێت ڕزگاری نەدەبوو، چونکە خزمەتکاری ناو دوکانەکە لای شەمەندەفەری سەعات پێنج چاوەڕێی کردبوو و لەمێژ بوو نەهاتنی ئەمی ڕاگەیاندبوو. ئەو مەخلووقێکی بێسرووشت و بێمێشکی خاوەنکارەکە بوو. ئەی چۆن بوو خۆی بە نەخۆش بنووسێت؟ بەڵام ئەوە ئەوپەڕی شەرمەزاری و جێی گومان دەبوو، چونکە **گریگۆر** لە ماوەی دەوامی پێنجساڵەیدا هەرگیز بۆ جارێکیش چییە نەخۆش نەکەوتبوو. بێشک خاوەنکارەکەی لەگەڵ دکتۆری «کۆمپانیای دڵنیایی نەخۆش» دەهات، دایک و باوکی لەسەر کوڕە تەمبەڵەکەیان تۆمەتبار دەکرد و لە ڕێی ئاماژەی ئەو پزیشکەوە، کە بە ڕای ئەو تەنها مرۆڤی

تەواو تەندروست، بەڵام کارنەکەر بوونیان هەیە، ڕێی هەموو بەرپەرچدانەوەیەکی لێ دەگرتن. ئەی بۆ تێبینی، ئایا لەم حاڵەتەدا دکتۆرەکە لەسەر هەق نەدەبوو؟ لە ڕاستیدا گریگۆر، خەواڵوویەکی بەڕاستی بێسوودی پاش خەویکی دوورودرێژی لێدەرچێت، هەستی بە ئاسوودەیی و تەنانەت بە برسییەتییەکی زۆریش دەکرد.

کاتێک لە پەلەپەلییەکی زۆردا، بێئەوەی بتوانێت بڕیار لەسەر جێهێلانی جێگاکەی بدات، بیری لەو هەموو شتانە کردەوە- لەو ئانوساتەدا میلی کاتژمێرەکە کەوتە سەر چارەکی بوێت بۆ حەوت- کەسێک لەسەرخۆ لە دەرگای ژوورەکەی دا.

دەنگێک بانگی لێکرد: «گریگۆر!»- دایکی بوو- «کاتژمێر چارەکی دەوێت بۆ حەوت، ناتەوێت بکەویتە ڕێ.»

ئەو دەنگە نەرمونیانە! گریگۆر، کاتێک گوێی لە دەنگی وەڵامی خۆی بوو، دەنگێک کە بێگومان و چەندوچوون هەر دەنگەکەی جارانی خۆی بوو. بەڵام زیکەیەکی ئازاراوی، کە وەک ئەوەی لە خوارەوە بێت و سەرکوت نەکرێت خۆی لەگەڵ دەنگیدا تێکەڵ کردبوو و تەنها لە سەرەتادا ڕێی بە ڕوونی و ئاشکرایی وشەکان دەدا و لە کۆتاییدا بە شێوەیەک دەیشێواندن، کە مرۆڤ گومانی لە خۆی دەکرد ئەو وشانەی بە دروستی بیستبێت. گریگۆر ویستبووی بە وردی وەڵام بداتەوە و هەموو شتێک ڕوون بکاتەوە، بەڵام لەو بارودۆخەدا قسەکانی خۆی

لەوەدا سنووردار کرد کە بڵێت: «بەڵێ بەڵێ، سوپاس دایە، وا هەڵدەستم.»
هەڵبەت بە هۆی دەرگا تەختەکەوە ئەو گۆڕانەی بەسەر دەنگی گریگۆردا هاتبوو لە دیوی دەرەوەوە هەستی پێ نەدەکرا، چونکە دایکی بەو قسانە ئارام بووەوە و ڕۆیشت.
بەڵام بە هۆی ئەو گفتوگۆیە چکۆلانەیەوە ئەندامەکانی دیکەی خێزانەکە ئاگادار بوونەوە، کە گریگۆر بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی ئەوانەوە هێشتا لە ماڵدایە. هیچی نەخایاند و باوکیشی لە دەرگا لاوەکییەکەی دا، بە ئەسپایی، بەڵام بە مست. بانگی لە گریگۆر کرد:
«گریگۆر، گریگۆر، ئەوە چییە؟» و پاش ساتێک جارێکی دیکە بە دەنگێکی گڕ ئاگاداری کردەوە: «گریگۆر، گریگۆر!»
بەڵام لەودیو دەرگا لاوەکییەکەی دیکەشەوە خوشکەکەی بە دەنگێکی نزم دەینووزاند:
«گریگۆر؟ حاڵت باش نییە؟ پێویستت بە شتێک نییە؟»
گریگۆریش بە ڕووی هەردوو لایەکەدا گوتی: «وا ئامادەم» و تەقەلای بوو لە ڕێی دانپێدانانێکی دروست بە وشەکاندا و مەودادانێکی درێژ لە بەینی تاقەوشەکاندا هەر گۆڕانکارییەکی زەق، کە بەسەر دەنگیدا هاتبوو، نەهێڵێت.
باوکیشی گەڕایەوە سەر بەرچاییەکەی خۆی، بەڵام خوشکەکەی هەر دەیچرپاند:
«گریگۆر، توخوا بیکەرەوە.»

بەڵام گریگۆر هەرگیز بیری لەوە نەدەکردەوە دەرگاکە بکاتەوە، بەڵکوو هەر لە گەشتەکانییەوە فێر بووبوو، شەوان تەنانەت لە ماڵی خۆشیان هەموو دەرگاکان کلیل بدات.

سەرەتا ویستی بە ئارامی و بێ ئەوەی کەس بێزاری بکات هەستێت و خۆی لەبەر بکات و بەرچایی بخوات و پاشان بیر لە دواتر بکاتەوە، چونکە هەڵبەت هەستی بەوە کردبوو کە لەسەر جێگا نەدەگەیشتە ئەنجامێکی ژیرانە. ئێستا لە یادی بوو، زۆر جار لەسەر جێگا بە هۆی درێژبوونێکی نەزانانەوە هەستی بە ئازارێکی ئەسپایی کردبێت، بەڵام ئازارێک کە پاش هەستان وەک وەهمێک وابووبێت و هەنووکەش بە تەوسەوە چاوەڕوان بوو چۆن پەیتاپەیتا وەهمەکانی ئەمڕۆی کۆتایی دێن. ئەو وای دادەنا کە گۆڕانەکەی ناو دەنگی جگە لە ئاماژەیەک بۆ سەرمابوون، یان هەر نەخۆشییەکی ئاسایی دیکە کە گەشتیاران تووشی دێن، هیچی دیکە نییە، لەوەدا بچووکترین گومانی نەبوو.

فڕێدانی پێخەفەکە زۆر ئاسان بوو، تەنها دەبایە کەمێک هێز بداتە خۆی، ئیدی پێخەفەکە خۆی خزایە خوارێ. بەڵام شتەکان لەوەبەدوا سەخت بوون، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی کە جەستەی هێندە پان بوو، بۆ هەستانەسەرپێ پێویستی بە دەست و قۆڵ بوو، بەڵام لە بری ئەوە خاوەنی ژمارەیەکی زۆر قاچی چکۆلانە بوو، کە بێوچان

لە جووڵەی جیاواز جیاوازدا بوون و سەرەڕای ئەوەش **گریگۆر** دەسەڵاتی بەسەریاندا نەبوو.
کاتێک دەیویست یەکێک لە قاچەکانی بنووشتێنێتەوە، ئەوا یەکەمجار لە بری ئەوە دەکشایەوە و دواتر دەیتوانی ئەو شتە بە قاچی بکات کە خۆی دەیویست. لەو نێوەندەدا قاچەکانی دیکەی، وەک ئەوەی ئازاد کرابن، بە ئازار و وروووژاوییەکی زۆرەوە کەوتبوونە جووڵە. **گریگۆر** بە خۆی دەگوت: «هەر بێسوود لەژێر جێدا نەمێنییەوە!»
سەرەتا ویستی بە بەشی خوارەوەی جەستەی سەرجێگاکە بەجێ بهێڵێت، بەڵام بۆی دەرکەوت بەشی خوارەوەی، کە بۆ تێبینیتان هێشتا خۆی نەیبینیبوو و لە توانایدا نەبوو وێنایەکی دروستی لە بارەوە هەبێت، ئیجگار سەخت دەجووڵێنرا؛ زۆر بە کاوەخۆیی دەجووڵا و دواجار کاتێک وەک ئەوەی دڕ بووبێت، هەموو هێزی خۆی کۆ کردەوە و بەبێ چەندوچونکاری خۆی بەرەو پێش پاڵنا، بەڵام ئاڕاستەیەکی هەڵەی هەڵبژاردبوو و خۆی بە توندی دا بە قاچی خوارەوەی سیسەمەکەدا و ئەو ئازارە سووتێنەرەی کە هەستی پێکرد، دەرسی دەدا، کە لەم ئانوساتەدا بەشی خوارەوەی جەستەی هەستیارترین جێی بوو.
لەبەر ئەوە هەوڵی دا سەرەتا بەشی سەرەوەی جەستەی لەژێر جێگاکە بەدەرخات و لەسەرخۆ سەری سووڕاند و ڕووی کردە قەراخ جێگاکە. ئەوەی بە ئاسانی پێکرا و

سەرەڕای پانی و سەنگینییەکەی، چێوەی جەستەی دوابەداوی سەری سووڕا. بەڵام کە دواجار سەری لە دەرەوەی جێگاکەی بە حەواوە ڕاگرت، نەیوێرا بەو شێوەیە بەردەوام بێت، چونکە ئەگەر دواجار بەو شێوەیە خۆی فڕێ بدایەتە خوارێ، دەبایە پەرجوویەک ڕوو بدات، تاوەکوو سەری بریندار نەبێت. ئێستاش بە هیچ شێوەیەک نەدەبوو لە هۆش خۆی بچێت؛ ئەگەرنا هەر چاتر بوو لەژێر جێگادا بمێنێتەوە.

بەڵام کاتێک پاش هەمان زەحمەت وەک پێشتر لەسەر جێگاکە درێژ بووەوە و سەرلەنوێ قاچە چکۆلانەکانی خۆی بینییەوە، کە بەرامبەر یەک دەجەنگین و خۆیشی هیچ چارەیەکی نەدەدۆزییەوە، تاوەکوو بتوانێت ئارامی بگەڕێنێتەوە، هەمدیس بە خۆی گوتەوە، ناشێت لەژێر جێگادا بمێنێتەوە و ژیرانەترین شت ئەوەیە، هەموو شتێک بکاتە قوربانی، گەر بێت و ترووسکە هیوایەک لە ئارادا هەبێت، تا بتوانێت خۆی لە جێگاکەی ڕزگار بکات. بەڵام هەمان کاتیش ئەوەی فەرامۆش نەکرد، تاوناتاوێک بە بیری خۆی بهێنێتەوە، کە لە بڕیاری گوماناوی باشتر، تێفکرینی بەکاوەخۆ و هێمنە. لەو ساتانەدا هەتا لە توانایدا بایە بە تیژی ڕووی چاوەکانی لە پەنجەرەکە دەکرد، بەڵام دیمەنی تەمومژەکەی ئەو بەیانییە، کە تەنانەت ئەوبەری شەقامە تەنگەکەی ڕووپۆش کردبوو، گەشبینی و هۆشیاری پێ نەدەبەخشی. لە چرکەی سەرلەنوێی میلی

کاتژمێرەکەدا بە خۆی گوت: «کاتژمێر حەوت بووە، حەوت بووە و هێشتا تەمومژێکی ئاوەهایە.» و بۆ ساتێک بە نەفەسێکی ئارامەوە لەویادا پاڵ کەوتبوو، وەک ئەوەی چاوەڕوانیی گەڕانەوەی جیهانی ڕاستەقینە و ڕۆتینی لەو بێدەنگییە بکات.

بەڵام پاشان بەخۆی گوت: «بەرلەوەی چارەگی بوێت بۆ هەشت، پێویستە جێگاکەم بە تەواوی جێهێشتبێت. هەتا ئەو وەختەش یەکێک لە دوکانەوە دێت، تاکوو سەروسۆراخم بکات، چونکە دوکان بەر لە کاتژمێر حەوت دەکرێتەوە.» خۆی بۆ ئەوە ئامادە کرد، بە تەواوی جەستەیەوە لەسەر یەک ئیقاع و پێکڕا جێگەی خەوەکەی چۆڵ بکات. ئەگەر بەو شێوەیە لەسەر جێگاکەیەوە خۆی بخزاندایەتە خوارێ، ئەوا سەری بریندار نەدەبوو، چونکە دەیویست لە ساتی کەوتنەکەدا سەری بڵند بکات. لەوەدەچوو پشتی ڕەقەڵە بێت؛ هەڵبەت گەر بکەوتایەتە سەر فەرشەکە پشتی هیچی لێ نەدەهات. زۆرتر بیری لەو زرمە گەورەیە دەکردەوە، کە دەبوو کەوتنەکەی بیکات و گەر لە پشت هەموو دەرگاکانەوە تۆقاندنی ئەوانی دیکەی لێ نەکەوتایەتەوە، ئەوا لانیکەم خەمی لێ دەکەوتەوە. بەڵام پێویست بوو زاتی ئەو ڕیسکە بکات.

کاتێک گریگۆر نیوەی جەستەی لەسەر سیسەمەکەوە دەرچووبوو– ئەم ڕێگا نوێیەیان پتر یارییەک بوو وەک لەوەی سەخت بێت، تەنها پێویست بوو بە گوژم تەکان

بدات- بە بیری هاتەوە، هەموو شتێک چەند ئاسان دەبوو گەر بهاتنایە بۆ کۆمەکی. دوو کەسی بەهێز- **گریگۆر** بیری لە باوکی و کچە خزمەتکارەکە دەکردەوە- بە ئاسانی بەشیان دەکرد؛ تەنها پێویست بوو دەستیان بخەنە ژێر پشتە کەوانەییەکەیەوە، لەسەر جێگاکەیەوە هەڵیبڕن و بەو کێشەوە بچەمێنەوە و ئیدی بەکاوەخۆ لێگەڕێن بەسەر **ئەرزەکەدا** پان بێتەوە و بە هیوای ئەوەی قاچۆچکەکان دوایی ڕۆڵی خۆیان ببینن. ئایا دەبایە ئێستا، گەر دەرگاکان دانەخرابانایە، هاواری کۆمەک بکات؟ لەگەڵ ئەو فکرەدا، سەرەڕای ئەو هەموو لێقەوماوییە، بزەی دەهات و لە توانایدا نەبوو بزەکەی سەرکوت بکات.

ئێستا کار گەیشتبووە ئەوەی گەر گوژمی توندتری بە خۆی بدایە ئەوا لە توانایدا نەدەما لەنگەری جەستەی خۆی ڕاگرێت، ئیدی دەبایە بەم زوانە خۆی تەواو یەکلایی بکاتەوە، چونکە پاش پێنج خولەکی دیکە کاتژمێر دەبووە هەشت چارەک کەم.

کاتێک زەنگی دەرگای خانووەکە لێ درا، بە خۆی گوت: «ئەوە یەکێکە لە دوکانەوە هاتووە.» و وەخت بوو لە جێی خۆیدا ڕەق دەبوو و قاچە چکۆلانەکانی هێندەی دیکە خێراتر هەلەکەسەمایان بوو. بۆ ساتێک هەموو شتێک خامۆش بوو. **گریگۆر**، بە دالغەی هیوایەکی بێماناوە بە خۆی گوت: «دەرگاکە ناکەنەوە.»

بەلام پاشان وەک هەمیشە کچە خزمەتکارەکە بە هەنگاوی گورجوگۆڵەوە بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت و کردییەوە. **گریگۆر** تەنها هێندەی پێویست کرد یەکەم وشەی سڵاوی میوانەکە ببیستێت، ئیدی زانی کێیە- نوێنەری کۆمپانیاکە بە تایبەتی خۆی هاتبوو. بۆچی **گریگۆر** بەوە مەحکووم بوو لای کۆمپانیایەک کارمەند بێت، کە لە بچووکترین دواکەوتندا مەزنترین گومانی لێ بکەن؟ ئایا هەموو کارمەندەکان پێکڕا بەدفەڕگەلێک بوون، ئایا لەناویاندا کەسێکی دڵسۆز نەبوو، کە ئەگەر چەند کاتژمێرێکی بەیانی لە پێناوی کۆمپانیاکەدا نەقۆزێتەوە، ئەوا لەتاو سەرزەنشتی ویژدانی شێت بێت و تەنانەت لە توانایدا نەبێت سەرجێگاکەی خۆی جێبهێڵێت؟ ئایا بەڕاستی بەس نەبوو، شاگردێک بنێرن سۆراخی بکات- گەر هەرگیز پێویستی بەو پرسیار و پرسیارکارییە بکردایە- ئایا دەبایە نوێنەرەکە خۆی بە تایبەتی تەشریف بهێنێت و لە ڕێی ئەوەوە بە تەواوی خێزانە بێخەتاکەی نیشان بدات، کە لێکۆڵینەوەی ئەو مەسەلە گومانلێکراوە تەنها دەکرێت بە عەقڵی خودی نوێنەری کۆمپانیاکە ڕابسپێردرێت؟ پتر بە هۆی ئەو وروورژاوییەی کە **گریگۆر** بە هۆی ئەو فکرانەوە خۆی تێدا دەبینییەوە وەک لە بڕیارێکی ڕاستەقینە، بە هەموو هێزییەوە، خۆی لە جێگای خەوەکەی دەرپەڕاند. تەپەیەکی توند هات، بەڵام تەقەورەقەیەکی ڕاستەقینە نەبوو. بەربوونەوەکەی بە هۆی فەرشەکەوە

کەسێکی هێند سەرسەختە. دڵنیاشم حاڵی باش نییە، ئەگەرچی لە بەیانییەوە حاشای لێ دەکات.»
گریگۆر بەکاوەخۆ و تێڕامانەوە گوتی: «هەر ئێستا دێم» و جووڵەی لێوە نەهات، تاوەکوو یەک وشەی گفتوگۆکانی لە قیس نەچێت.
نوێنەرکە گوتی: «خانمی بەڕێز گەروا نەبێت بەڕاستی منیش هیچ ڕوونکردنەوەیەکم بۆی نییە. هیوادارم نەخۆشییەکی سەخت نەبێت. ئەگەرچی پێویستە لەلایەکی دیکەشەوە ئەوە بڵێم کە دەبێت ئێمەی بازرگان- جا ئیدی ئەوە چ شتێکی خۆشبەختانە بێت یان جێی داخ بێت- گوێ بە خەراپحاڵییە ئاسانەکان نەدەین.»
دووبارە باوکە بێسەبرەکەی لە دەرگاکەی دایەوە و پرسی: «کەوابێ ئێستا کاکی نوێنەر دەتوانێت بێتە ژووری بۆ لات؟»
گریگۆر گوتی: «نەخێر.»
لە ژوورەکەی تەنیشتی بە دەستەچەپدا بێدەنگییەکی شەرمەزارانە هاتە کایەوە، لە ژووری تەنیشتی بە دەستەڕاستدا خوشکەکەی کەوتە هەنیسکدان.
ئایا بۆچی خوشکەکەی نەدەڕۆیشتە لای ئەوانی دی؟ هەڵبەت ئێستا لە جێگاکەی بەدەر کەوتبوو و جاری خۆی لەبەر نەکردبوو. ئەی بۆچی دەگریا؟ لەبەر ئەوەی ئەم هەڵنەدەستا و بواری بە نوێنەرەکە نەدەدا بێتە ژوورەوە، لەبەر ئەوەی لە مەترسیی ئەوەدا بوو ئیشەکەی لە دەست

بدات و ئیدی خاوەنکارەکەی بە داواکانی ئەوسایەوە شوێن دایک و باوکی بکەوێتەوە؟ هەڵبەت ئەو خەمانە بۆ ئەم ئانوساتە نابەجێ بوون. **گریگۆر** هێشتا لێرە بوو و بە کەمترین ڕادە بیری لەوە نەدەکردەوە خێزانەکەی خۆی بەجێ بهێڵێت. لەو لەحزەیەدا لەسەر ئەو فەرشە کەوتبوو و هیچ کەسیکیش، گەر ئاگاداری بارودۆخی بوایە، داوای لێ نەدەکرد بوار بە هاتنەژوورەوەی نوێنەرەکە بدات. بەڵام بە هۆی ئەو بێڕێزییە بچووکەوە، کە دەکرا دواتر بە ئاسانی بیانوویەکی شیاوی بۆ بدۆزێتەوە، دەستبەجێ لە کارەکەی دەرنەدەکرا. **گریگۆر** پێشی وا بوو، زۆر ژیرانەتر دەبوو بە هێمنی لێی گەڕێن، وەک لەوەی بە گریان و قسە بێزاری بکەن. بەڵام ئیدی گومانێک لە ئارادا هەبوو، کە تەنگی بەوانی دیکە هەڵچنیبوو و ئەو هەڵسوکەوتەی لێ کەوتبووەوە.

نوێنەرەکە بە دەنگی بەرزەوە گوتی: «بەڕێز **سامزا**، چی ڕووی داوە؟ ئێوە لە ژوورەکەتاندا دەرگاتان لەسەر خۆتان داخستووە و تەنها بە بەڵێ و نەخێر وەڵام دەدەنەوە، بوونەتە مایەی خەمێکی ناپێویست بۆ دایک و باوکتان و– ئەمە تەنها لە پەراوێزدا دەڵێم– بە دوای ئەرکەکانی کارەکانتاندا ناچن و لە ڕاستیدا بە شێوەیەکی بێشەرمانەش ئەم کردارە دەنوێنن. من لێرەدا بە ناوی دایک و باوکتان و خاوەنکارەکەتانەوە قسە دەکەم و بە جددی دەستبەجێ داوای ڕوونکردنەوەیەکی ڕوون و

ئاشکراتان لێ دەکەم. پێم سەیرە، پێم سەیرە. من وام دەناسین کە ئێوە مرۆڤێکی ئارام و ژیر بن، بەڵام ئێستا وا دێنە پێش چاوم تازە بکەونە ئەوەی بە میزاجی سەیروسەمەرەوە خۆتان بنوێنن. لە ڕاستیدا خاوەنکارەکەتان ئەم بەیانییە ئاماژەی ڕوونکردنەوەیەکی شیاوی دامێ- باس باسی ئەو بڕەپارەیە بوو، کە لەمێژ نییە پێتان سپێردراوە- بەڵام من بەڕاستی پەیمانی شەرەفم دایە کە ئەو ڕوونکردنەوەیە ڕاست نییە. بەڵام ئێستا لێرەدا ئەو سەرسەختییەتان دەبینم، کە جێی حاڵیبوون نییە و هەر ئارەزوویەک بۆ کەمترین پشتگیری لە ئێوە لە دەست دەدەم. شوێنکارەکەشتان شوێنکارێکی زۆر مسۆگەر نییە. من پێشوەخت نیازم هەبوو دووبەدوو ئەو شتانەتان پێ بڵێم، بەڵام بەوەدا کە ئێوە بێسوود کاتم لێدەگرن، ئیدی نازانم بۆچی دایک و باوکیشتانی لێ ئاگادار نەکەمەوە. کارەکانتان لەم ماوەیەی پێشووەوە کەموکوڕن. لە ڕاستیدا ئێستا وەرزی بازرگانییەکی باش نییە، ئێمە دان بەوەدا دەنێین، بەڵام وەرزی بێ مامەڵە بوونی نییە و نابێت بوونی هەبێت، بەڕێز سامزا.»

گریگۆر ئۆقرەی لێ بڕا و لە تاوان هەموو شتێکی دیکەی فەرامۆش کرد و هاواری کرد: «بەڵام کاکی نوێنەر، من هەر ئێستە دەستبەجێ دەرگاکە دەکەمەوە. نارەحەتییەکی سووک، سەرلەگێژەوەچوونێک ڕێیان لێگرتم هەستم. من هێشتا لەژێر جێگادام. بەڵام ئێستا زیندوو بوومەتەوە.

ئێستا لە جێگاکەم هەڵدەستم. تەنها چرکەیەک سەبرتان هەبێت! هێشتا بەو ئاسانییەی کە بیرم لێ کردبووەوە ناکرێت. بەڵام حاڵم باشە. ئای ئەوە چۆن بەو جۆرە لە مرۆڤ دەقەومێت! هەتا دوێنێشەو کەموکوڕیم نەبوو، خۆ دایک و باوکم دەزانن یاخود باشتر بڵێم، هەر لە دوێنێ ئێوارەوە هەستم بە شتێک کردبوو. دەبایە لە ڕووخسارم ببینرایە. بۆچی کۆگام لێ ئاگادار نەکردەوە؟! بەڵام مرۆڤ هەمیشە وا دەزانێت دەتوانێت نەخۆشییەک بەبێ مانەوە لە ماڵەوە ببەزێنێت، کاکی نوێنەر! لە دایک و باوکم گەڕێن! هیچ هۆکارێک نییە بۆ هەموو ئەو شتانەی بەسەر منیدا دەهێنن، خۆ من هیچم پێ نەگوتراوە. ئێوە ڕەنگە ئەو ڕاسپاردانەتان نەخوێندبێتەوە کە من لەم دواییەدا ناردوومن. بۆ زانیاریتان، هەر بە شەمەندەفەری کاتژمێر هەشت دەردەچم، بەو چەند کاتژمێری ئارامییە هێز هاتووەتەوە بەرم. تەنها ڕێم لێ نەگرن، کاکی نوێنەر. من خۆم پاش کەمێک لە دوکان دەبم و ئێوەش ئەو چاکەیەم لەگەڵ بکەن، ئەوە بگەیەنن و لای کاکی خاوەنکارەکەم دوو قسەی باشم بۆ بکەن!»

لە کاتێکدا **گریگۆر** هەموو ئەم شتانەی لە دەم دەرپەڕی و بە ئاستەمیش دەیزانی خۆی چی دەڵێت، هەڵبەت بە هۆی ئەو ڕاهێنانەوەی کە لەسەر جێگای خەوەکەی کردبووی، بە ئاسانی خۆی لە سندووقەکە نزیک کردەوە و هەوڵی دا خۆی پێوە هەستێنێت. بەڕاستی دەیویست دەرگاکە

بکاتەوە، بەڕاستی دەیویست بوار بدات ئەوان بیبینن و لەگەڵ نوێنەرەکەدا بدوێت؛ عەودالی ئەوە بوو بزانێت، ئەوانی دی کە ئێستا بەم شێوەیە داوای ئەمیان دەکرد، لە دیتنی دیمەنیدا چی دەڵێن. گەر بتۆقینایە، ئەوا گرێگۆر چیتر بەرپرسیار نەدەبوو و دەیتوانی ئارام بێت. بەڵام گەر هەموو شتێکیان بە ئارامی وەرگرتبایە، ئەوا ئەمیش هۆیەکی نەدەبوو بەوجۆرە بشڵەژێت و گەر پەلەی بکردایە دەیتوانی بەڕاستی کاتژمێر هەشت لە وێستگەی شەمەندەفەر بێت.

سەرەتا چەند جارێک لە سندووقەکە هەڵخلیسکا، بەڵام دواجار دواهەمین گوڕی بە خۆی دا و بە قینجی ڕاوەستا؛ چیتر گوێی نەدەدا بە ئازارەکانی بەشی خوارەوەی جەستەی لەگەڵ ئەوەی زۆریش دەچووزانەوە. ئێستا خۆی بەسەر پاڵپشتی قەنەفەیەکی نزیکەوە دا و بە قاچە چکۆلانەکانی، توند خۆی بە قەراغەکانییەوە گرت. بەڵام بەو کارەش فەرمانڕەوایی بەسەر جەستەی خۆیدا بەدەست نەهێنابوو و بێدەنگ بوو، چونکە ئێستا دەیتوانی گوێ بۆ نوێنەرەکە ڕادێرێت.

نوێنەرەکە لە دایک و باوکی پرسی:

«ئێوە یەک وشە چییە تێگەیشتن؟ ناکا بە شێتمان بزانێت؟»

دایکی بە گری‌گرییەوە دەنگی لێ بەرز بووەوە: «بۆ خاتری خوا، ڕەنگە نەخۆشییەکی سەختی گرتبێت و ئێمەش لێرەوە عەزابی بدەین.»
پاشان هاواری لە **گرێتە** کرد: «گرێتە، گرێتە!»
خوشکەکەی **گرێگۆر** لە دیوەکەی کەوە دەنگی لێوە هەستا: «دایە؟»
بەناو ژوورەکەی **گرێگۆر**دا دەنگیان دەگەیشتە یەکدی.
«پێویستە دەستبەجێ بگەیتە لای دکتۆر، **گرێگۆر** نەخۆشە، پەلە لە دکتۆرەکە بکە، ئێستا گوێت لە دەنگی **گرێگۆر** نەبوو؟»
نوێنەرەکە بە دەنگێک، کە لە بەرابەر هاوارکردنی دایکەکەدا ئێجگار کز بوو، گوتی: «ئەوە دەنگی ئاژەڵ بوو.»
باوکی بەناو هۆدەکەی پێشەوەدا بانگی لە **ئانا** کرد: «ئانا! ئانا!» و چەپڵەیەکی لێ دا، «بڕۆ دەستبەجێ قفڵسازێک بهێنە!»
بێدواکەوتن دوو کچەکە، کە تەنوورەکانیان گڤەیان دەهات، بەناو ژوورەکەی پێشەوەدا تێپەڕین و دەرگاکەیان کردەوە؟ ئایا خوشکەکەی چۆن هێند خێرا خۆی لەبەر کردبوو؟ ئەسڵەن گوێبستی زرمەی دەرگاکە نەبوویت، دیارە لەسەر پشت جێیانهێشتبوو، هەڵبەت ئەوە شتێکە، هەمیشە لەناو ئەو خانوانەدا ڕوو دەدات، کە کارەساتێکی گەورەیان تێدا ڕووی داوە.

گریگۆر هێندەی دیکە برسی بوو. کەوابێ چیدی لە قسەکانی تێنەدەگەیشتن، ئەگەرچی بەشی خۆی ڕوون، تەنانەت ڕوونتر لە جاران هاتبوونە بەر گوێی خۆی، ڕەنگە هۆکارەکەی بۆ ڕاهاتنی گوێیەکانی گەڕابێتەوە. بەڵام هیچ نەبێت باوەڕیان وابوو ساغ نییە و ئامادە بوون کۆمەکی بکەن. دووبارە هەستی بەوە دەکرد کێش کرابێتەوە ناو بازنەی ئادەمیزادی و هیوای کار و سەرکەوتنی مەزن و سەرسووڕهێنی بە قفلساز و دکتۆرەکەش بوو، لە ڕاستیدا بێ ئەوەی بە دروستی لێکیان جودا بکاتەوە. کەمێک خۆی کۆکاند، تاکوو بۆ ئەو گفتوگۆ یەکلاییکەرانەوە، کە لە پێشی بوون، هەتا لە توانایدا بوو دەنگێکی ڕوون و ئاشکرا بە دەست بهێنێت، بەڵام تەقەلای بوو ئەوە تەواو کپ و بێدەنگی بکات، چونکە ڕێی تێ دەچوو دەنگی کۆخەکەشی لە دەنگی کۆخەی ئادەمیزاد جیاواز بێت؛ شتێک خۆیشی چیتر زاتی نەدەکرد بڕیاری لەسەر بدات. لەو نێوەندەدا ژوورەکەی تەنیشتی تەواو بێدەنگ کەوتبوو. ڕەنگ بوو دایک و باوکی لەگەڵ نوێنەرەکەدا لەبەر مێزەکەدا دانیشتبێتن و چرپەیان بێت، ڕەنگ بوو هەموان سەریان بە دەرگاکەوە نابێت و گوێیان ڕادێرابێت.

گریگۆر بە قەنەفەکەوە هێواش هێواش خۆی بەرەو ڕووی دەرگاکە خشاند، لەوێ قەنەفەکەی بەردا، خۆی بەرەو دەرگاکە فڕێ دا و خۆی بە دەرگاکەوە قینج ڕاگرت و-

ژێرپێی قاچە چکۆلانەکانی ماددەیەکی لیکن و شیلەیان پێوە بوو- لەوێ لەحزەیەک لەو خۆماندووکردنە حەوایەوە. بەڵام پاشان کەوتە ئەوەی بە دەم کلیلی ناو کیلۆنەکە بادات. بەداخەوە دەرکەوت، کە خاوەنی ددانی ڕاستەقینە نییە،- ئایا دەبایە بە کوێی کلیلەکە بگرێت؟- بەڵام لە بری ئەوە کاکیلەکانی زۆر بەهێز بوون؛ بە کۆمەکی ئەوان کلیلەکەی بەڕاستی هێنایە جووڵە و گوێی نەدەدا بەوەی کە بێشک زیان بە خۆی دەگەیەنێت، چونکە شلەمەنییەکی قاوەیی لە دەمییەوە هاتە دەر، بەسەر کلیلەکەدا داڕژا و دڵۆپەی کردە سەر ئەرزەکە.

نوێنەرەکە لە ژوورەکەی پەنایەوە گوتی: «گوێ بگرن، کلیلەکە دەسووڕێنێت.»

ئەوە بۆ **گرێگۆر** ورەبەخشییەکی گەورە بوو؛ بەڵام دەبایە هەموان بانگیان لێ بکردبایە، دایک و باوکیشی، هاواریان بکردایە: «ئافەرم **گرێگۆر**، پەیتاپەیتا نزیک بەوە، لە کیلۆنەکە نزیک بەرەوە!»

لەگەڵ وێنای ئەوەدا کە هەموان بە تەوسەوە شوێن تەقەلاکانی کەوتبن، بە هەموو ئەو هێزەوە کە لە توانایدا بوو کۆی بکاتەوە، قەپاڵی لە کلیلەکە گیر کرد. بە پێی جووڵە و سووڕانی کلیلەکە سەمای بە دەوری کیلۆنەکەدا دەکرد؛ لەم ئانوساتەدا تەنها بە دەمی خۆی بە پێوە ڕاگرتبوو و ئیدی بە پێی پێویست خۆی بە کلیلەکەوە هەڵدەواسی یاخود بە تەواوی کێشی جەستەی کلیلەکەی

بەرەو خواری کێشی دەکرد. قرتەیەکی ڕوونتر کە لە گەڕانەوەی دواجاری کیلونەکە هات و گریگۆری بەڕاستی هۆشیار کردەوە. بە هەناسە هەڵکێشانێکەوە بە خۆی وت: «کەوابێ پێویستیم بە کیلۆنسازەکە نەبوو» و سەری هاویشتە سەر دەسکی دەرگاکە، تاوەکوو دەرگاکە بە تەواوی بکاتەوە.

بەوەدا کە پێویست بوو دەرگاکە بەو شێوەیە بکاتەوە، لە ڕاستیدا دەرگاکە تا ڕادەیەکی بەرین کەوتە سەر پشت و خۆی هێشتا نەدەبینرا. سەرەتا دەبایە زۆر لەسەرخۆ بە دەوری باڵی دەرگاکەدا هەڵسووڕێت، ئەمەش زۆر بەئاگاوە، ئەگەر نەیویستایە ڕێک لە پێش دەروازەکەدا بە پشتا بکەوێت. ئەو هێشتا سەرقاڵی ئەو جووڵە سەختە بوو و کاتی نەبوو، گوێ بداتە شتی دیکە و ئالەویادا گوێی لە نوێنەرەکە بوو «ئۆها!»یێکی لێوە هات- دەنگی وەک ڕەشەبایەک هات و ئێستا گریگۆریش ئەوی دەبینی، کە لە هەموو ئەوانی دیکە لە دەرگاکە نێزیکتر بوو و دەستی نایە سەر دەمی داچەقاوی و هێواش هێواش لێی کشایەوە، وەک ئەوەی هێزێکی نادیار و یەکئیقاع و بەردەوام ڕاوی بنێت. ئەی دایکی- سەرەڕای ئامادەگیی نوێنەرەکە بە سەروقژێکی هەڵئاوساوەوە، کە هۆکارەکەی بۆ شەوی ڕابردوو دەگەڕایەوە، لەویادا وەستابوو- سەرەتا بە دەست و قۆڵی قەدکراوەوە لە باوکی گریگۆری ڕوانی، پاشان دوو هەنگاو بەرەو گریگۆر ڕۆیشت لە

ناوەڕاستی تەنوورەکەیدا، کە بە دەوریدا بلاو بووبووەوە. کەوتە سەر زەوی، سەری هەتا ڕادەی حەشاردان بەناو سینەی خۆیدا نغرۆ کرد. باوکی بە ڕووخساریکی دوژمنکارانەوە مستی خڕ کرد، وەک ئەوەی بیەویت بە پاڵ گریگۆر ڕەوانەی ژوورەکەی خۆی بکاتەوە. پاشان لەناو ژووری میوانەکەدا بە گومانەوە لە چواردەوری خۆی ڕوانی، ئیدی دەستەکانی نووساند بە دەموچاوییەوە و کەوتە گریانیک، کە سینە پان و بەهیزەکەی دەلەرزاند.

ئیستا گریگۆر پیی نەنایە ناو ئەو ژوورەوە، بەڵکوو لە دیوی ناوەوە پاڵی دایەوە بە باڵی دەرگاکەوە. بە شیوەیەک تەنها نیوەی جەستەیی و سەری دەبینران، سەری بەلادا خستبوو و بەو شیوەیە تەماشای ئەوانی دەکرد. لەو نیوەندەدا دنیا ڕۆشنتر بووبوو؛ بیگومان بەوبەری شەقامەکەوە بەشیک لە بینایەکی ناکۆتای ڕەشی خۆڵەمیشی دیار بوو- کە نەخۆشخانە بوو- بەو پەنجەرانەیەوە کە بە شیوازیکی یەکڕیتمی و سەرسەختانە سنووریان بەزاندبوو و ڕوویان دەرپەڕاندبووە پیشی؛ هیشتا باران دەباری، بەڵام بە دڵۆپەی گەورەوە، کە تاک تاک دیار بوون و بەڕاستییش تاک تاک دەیاندا بە زەویدا. قاپوقاچاخیکی زیاد لە پیویستی بەرچایی لەسەر میزەکە کەوتبوو، چونکە بۆ باوکی گریگۆر نانی بەیانی گرنگترین ژەمی ڕۆژ بوو، کە لەگەڵ خویندنەوەی چەند ڕۆژنامەیەکی جیاوازجیاوازدا

درێژەی پێ دەدا. ڕێک بەسەر دیوارەکەی بەرامبەرەوە وێنەیەکی سەردەمی سەربازیی **گریگۆر** هەڵواسرابوو، کە **گریگۆری** وەک ئەفسەرێکی دووئەستێرە دەناساند، دەستی بە چەکەکەیەوە بوو، بە بزەیەکی بێخەمەوە، بە پۆز و بەرکە سەربازیەکانییەوە حورمەتی خۆی بەسەردا دەسەپاندی. دەرگای هۆدەکەی پێشەوە کراوەبوو و لەبەرئەوەی دەرگای ماڵەکە لەسەر پشت بوو، مرۆڤ بەردەمی دەرگای دەرێ و سەرەتای ئەو پلیکانانەی دەبینی، کە بەرەو خوار شۆڕ دەبوونەوە.

هەڵبەت **گریگۆر** لەوە هۆشدار بوو، کە ئەو تاکەکەسە ئارامیی خۆی لەدەست نەداوە، گوتی: «ئیدی ئێستا خۆم دەگۆڕم، شتومەکەکان کۆ دەکەمەوە و دەڕۆم. دەتانەوێت، دەتانەوێت لێمگەڕێن بڕۆم؟ ئیدی کاکی نوێنەر ئێستا دەبینن، من کەللەڕەق نیم و حەز لە کار دەکەم؛ گەشتکردن سەختە، بەڵام من بەبێ گەشت ئەسڵەن ناژیم. ئەوە بۆ کوێ دەڕۆن، کاکی نوێنەر؟ بۆ دوکان؟ ها؟ هەموو شتێک وەک خۆی دەگێڕنەوە؟ مرۆڤ دەشێت لەم ئانوساتەدا لە توانایدا نەبێت کار بکات، بەڵام ئێستا کتومت کاتی ئەوەیە توانا و کارەکانی ئەوسام بە یاد بێتەوە و بیر لەوە بکەمەوە، کە دواتر لە پاش لەناوبردنی ئەم بەربەستە، چاپوکتر و پوختتر کار بکەم. من زۆر قەرزاری بەڕێزی خاوەنکارمم، خۆ خۆتان ئەوە باش دەزانن. لەلایەکی دیکەوە خەمی دایک و باوکم و خوشکەکەمە.

تووشی مەخسەرە بووم، بەڵام بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆم دەرباز دەکەم. بەڵام لێم قورستر مەکەن. لە دوکان لایەنی من بگرن! ئەوان کوڕی گەشتیارەکەیان خۆش ناوێت، دەزانم. پێیان وایە کۆڵێک پارە پەیدا دەکات و لەگەڵ ئەوەدا ژیانێکی خۆش دەباتە سەر. ئیدی هۆیەکی تایبەتیان نییە، تاوەکوو حوکمێکی پێشوەخت بەسەرمدا نەدەن. بەڵام، ئێوە، کاکی نوێنەر، ئێوە زیاتر لە مابافی ستافەکە ئاگاداری دۆخەکەن، زیاتر لە خودی کاکی خاوەنکار خۆیشی، کە لە خاسیەتی بەڕێوەبەریی خۆیدا زۆر بە ئاسانی لە حوکمێکدا لە زەرەری کرێکار خۆی بە سەهودان دەدات. هەڵبەت دەشزانن، گەشتیار، کە نزیکەی سەراسەری ساڵ لە دەرەوەی دوکانەکەدایە، زۆر ئاسان و زووزوو دەبێتە قوربانیی فیتنە و فیتنەکاری و ڕێکەوت و سکاڵای بێهۆکار، کە ئەستەمە بتوانێت بەرگری لە خۆی بکات، لەبەر ئەوەی هەرگیز شتێکیان لێوە نابیستێت و گەر شتێکیشی پێ بڵێن ئەوە لە کاتێکدایە ئەو ماندوو و شەکەت لە گەشتێکەوە گەڕابێتەوە و لە ماڵەوە بە جەستەی خۆی هەست بەو دەرەنجامە خراپانە بکات، کە هۆکارەکانی چیتر سەرەوبەرەیان نەماوە. کاکی نوێنەر، مەڕۆن بێ ئەوەی وشەیەکتان پێ گوتبم، کە نیشانم بدات، لانیکەم من لە بەشێکی بچووکدا لەسەر هەقم!»

بەڵام نوێنەرەکە هەر لەگەڵ یەکەمین وشەکانی گریگۆردا پشتی تێ کردبوو و بەسەر شانی هەڵتەکیوییەوە و بە

دەمی داچەقیوەوە ڕووی لە دواوە کردبوو و لە گریگۆری دەڕوانی. لە کاتی تەواوی قسەکانی گریگۆردا بۆ یەک لەحزە چییە ئارام نەوەستا، بەڵکوو بێ ئەوەی چاو لەسەر گریگۆر لا بدات خۆی بەرەو دەرگاکە کیش دەکرد، بەلام پەیتاپەیتا، وەک ئەوەی قەدەغەیەکی نهێنی بۆ جیهێشتنی ماڵەکە سەروەر بێت. ئێستا گەیشتبووە ناو دالانەکە و لە پاش جووڵەیەکی لەناکاو، کە بۆ دواهەمین جار پێی لە ژووری میوانەکە دەرکێشایە دەرێ، مرۆڤ بڕوای وا بوو هەر ئێستا بنەپێی سووتاوە. بەڵام لە دالانەکەدا دەستی ڕاستی تەواو بەرەو پلیکانەکان درێژ کرد، وەک ئەوەی لەوێ نەجاتبوون و پاکبوونەوەیەکی مەلەکوتی چاوەڕێی بکات.

گریگۆر هاتبووە قەناعەت، گەر بیویستایە کارەکەی لە کۆگاکە نەکەوێتە ئەوپەڕی مەترسییەوە نەدەبوو بە هیچ شێوەیەک بوار بدات نوێنەرەکە بەو بارودۆخەوە بڕوات، دایک و باوکی زۆر بەباشی لە هەموو ئەو شتانە حالی نەدەبوون؛ لە ڕەوتی ئەو ساڵە دووروودرێژانەدا قەناعەتێکیان لە خەیاڵی خۆیاندا خولقاندبوو، کە گریگۆر لەو دوکانەدا بۆ تەواوی ماباقی ژیانی مشورخوراوە و سەرەڕای ئەوەش ئێستا بەم خەمە ئانوساتییانەی خۆیانەوە زۆر سەرقاڵ بوون، بەشێوەیەک، کە هەموو دووربینییەکییان لەدەستدابوو. بەڵام گریگۆر خاوەنی ئەو دووربینییە بوو. پێویست بوو نوێنەرەکە ڕابگیرێت، ئارام

بکرێتەوە و ڕازی بکرێت و بکرێتە لایەنگرێک؛ خۆ ئیدی دوارۆژی **گریگۆر** و تەواوی خێزانەکەی بەوەوە بەند بوو!
بریا خوشکەکەی لێرە بایە! خوشکەکەی ژیر بوو؛ هەر ئەوکات کە **گریگۆر** بە ئارامی لەسەر پشت کەوتبوو، ئەو گریابوو. بێگومانیش نوێنەرەکە، ئەو خانمدۆستە بواری دەدا خوشکەکەی **گریگۆر** کەوی بکات؛ خوشکەکەی دەرگای خانووەکەی دادەخست و لەناو دالانەکەدا ترسەکەی لێ دەردەکرد. بەڵام خوشکەکەی لێرە نەبوو، دەبایە **گریگۆر** خۆی شتێک بکات.
بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە، کە تواناکانی جوولانی خۆی هێشتا ناناسێت، هەرگیز بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە، کە ڕەنگ بوو، زۆر لەوانەبوو دووبارە لە قسەکانی تێنەگەیشتبنەوە، باڵی دەرگاکەی بەجێ هێشت؛ بەناو دەروازەکەدا خۆی کێش کرد، ویستی بڕواتە لای نوێنەرەکە، کە بە شێوازێکی بێمانا و دەستەپاچانە بە هەردوو دەستی خۆی توند بە محاجەرەی پێشماڵەکەوە گرتبوو. بەڵام **گریگۆر** بەدوای شتێکدا دەگەڕا خۆی پێوە بگرێت و دەستبەجێ بە هاوارێکەوە بەسەر قاچە چکۆلانە و زۆرەکانی خۆیدا کەوت. لەگەڵ ئەوەی ڕووی دا، بۆ یەکەمین جار لەو بەیانییەدا هەستی بە ئاسوودەییەکی جەستەیی کرد؛ قاچە گچکۆکەکانی لەسەر زەوییەکە توند خۆیان گرتبوو، بۆ مایەی خۆشحاڵیی خۆی هەستی پێ کرد، کە تەواو گوێڕایەڵنی، تەنانەت لە تەقەلای ئەوەدا

بوون هەڵیبگرن و بیگوێزنەوە بۆ هەر شوێنێک کە خۆی بیەوێت. هەر لە ئێستاوە بڕوای وابوو چابوونەوەی دواجاری هەموو ئازار و ناڵەکان لە پێشیدایە. بەڵام لە هەمان چرکەدا، کاتێک لەویادا بە نیازی وەستان لە جووڵەجووڵ، بەلارەلار، زۆر دوور لە دایکی نا بەڵکوو بەرامبەری درێژ بووبوو، دایکی کە لە ڕاستیدا هێند قووڵ لەناو خۆدی خۆیدا نغرۆ بووبوو داچڵەکی و هەڵبەزییەوە، بە پەل و پەنجەی لێکبڵاوەوە ناڵاندی: «هاوار، بۆ خاتری خوا هاوار!»، سەری داخست، وەک ئەوەی ویستبێتی گریگۆر باشتر ببینێت، بەڵام بۆ مایەی ناکۆکی بە شێوازێکی بێمانایانە پاشەکشێی کردەوە، بیری چووبووەوە کە مێزەکە لە پشتییەوەیەتی، کە گەیشتە لای مێزەکە وەک ئەوەی لە داڵغەدا بێت بە پەلە لەسەری دانیشت و هەرگیز لەوە نەدەچوو هەستی بەوە کردبێت، کە بە تەنیشتییەوە لە کەترییە گەورەکەوە کە پەڕیبووە سەر ئەرزەکە، قاوە بە جۆگەلە دەڕژێتە سەر فەرشەکە.

گریگۆر بە ئەسپایی گوتی: «دایە، دایە،» و سەری هەڵبڕی و لێی ڕوانی. بۆ لەحزەیەک نوێنەرەکە تەواو لە خەیاڵیدا نەمابوو. لە دیمەنی قاوە ڕژاوەکەدا خۆی پێ نەگیرا و چەند جارێک قەپاڵی لە بەتاڵایی دا. بەسەر ئەوەدا دایکی سەرلەنوێ قیژاندییەوە و لە مێزەکەوە هەڵهات و کەوتە ئامێزی باوکی گریگۆرەوە، کە بە هەڵەداوان بەرەوڕووی دەهات. بەڵام گریگۆر ئێستا کاتی نەبوو بۆ دایک و باوکی،

نوێنەرەکە گەیشتبووە سەر پلیکانەکان، چەناگەی لەسەر محاجەرەکە بوو، بۆ دواهەمین جار ئاوڕێکی بۆ دواوە دایەوە. گرێگۆر گوژمی وەرگرت، تاکوو بە دڵنیاییەوە بیگرێتەوە. دەبێت نوێنەرەکە پێشوەخت هەستی بە شتێک کردبێت، چونکە بازێکی بەسەر چەند پلیکانەیەکدا هەڵدا و ون بوو. «هۆۆۆۆ!» بەڵام هێشتا دەیقیژاند، بەناو تەواوی دالانی پلیکانەکاندا دەنگی دایەوە. بەداخەوە ئەو هەڵهاتنەی نوێنەرەکە باوکیشی تەواو گومڕا کرد، کە هەتا ئێستا بەپێی بارودۆخەکە ئارامیی خۆی ڕاگرتبوو، چونکە لە جێی ئەوەی خۆی شوێن نوێنەرەکە بکەوێت یاخود هیچ نەبێت ڕێ لە گرێگۆر نەگرێت شوێنی بکەوێت، بە دەستەڕاستی تاوی دایە گۆچانی نوێنەرەکە، کە لەگەڵ کڵاو و مانتۆکەیدا لەسەر قەنەفەیەک جێیهێشتبوون، بە دەستەچەپی ڕۆژنامەیەکی لەسەر مێزەکە هەڵگرتەوە و بە پێ کوتانەوە و ڕاوەشاندنی ڕۆژنامە و گۆچانەکەوە کشەی لە گرێگۆر دەکرد بگەڕێتەوە ناو ژوورەکەی خۆی. هیچ پاڕانەوەیەکی گرێگۆر نەیخوارد، لە یەک داوای حاڵی نەبوو، هەرچەندی دیکەش بێچارانە سەری بادایە، باوکی هەر دەهات و توندتر پێیەکانی دەکوتی بە زەویدا.

لەوبەرەوە دایکی سەرەڕای کەشە ساردەکە پەنجەرەیەکی کردبووەوە، سەری بردبووە دەرێ و دەستەکانی خستبوونە سەر دەموچاوی. لە بەینی دالانی پلیکانەکان و کۆڵانەکەدا هاتوچۆیەکی توندی هەوا دروست بوو،

نوێنەرەکە گەیشتبووە سەر پلیکانەکان، چەناگەی لەسەر محاجەرەکە بوو، بۆ دواهەمین جار ئاوڕێکی بۆ دواوە دایەوە. گریگۆر گوژمی وەرگرت، تاکوو بە دڵنیاییەوە بیگرێتەوە. دەبێت نوێنەرەکە پێشوەخت هەستی بە شتێک کردبێت، چونکە بازێکی بەسەر چەند پلیکانەیەکدا هەڵدا و ون بوو. «هۆۆۆۆ!» بەڵام هێشتا دەیقیژاند، بەناو تەواوی دالانی پلیکانەکاندا دەنگی دایەوە. بەداخەوە ئەو هەڵهاتنەی نوێنەرەکە باوکیشی تەواو گومڕا کرد، کە هەتا ئێستا بەپێی بارودۆخەکە ئارامیی خۆی ڕاگرتبوو، چونکە لە جێی ئەوەی خۆی شوێن نوێنەرەکە بکەوێت یاخود هیچ نەبێت ڕێ لە گریگۆر نەگرێت شوێنی بکەوێت، بە دەستەڕاستی تاوی دایە گۆچانی نوێنەرەکە، کە لەگەڵ کڵاو و مانتۆکەیدا لەسەر قەنەفەیەک جێیهێشتبوون، بە دەستەچەپی ڕۆژنامەیەکی لەسەر مێزەکە هەڵگرتەوە و بە پێ کوتانەوە و ڕاوەشاندنی ڕۆژنامە و گۆچانەکەوە کشەی لە گریگۆر دەکرد بگەڕێتەوە ناو ژوورەکەی خۆی. هیچ پاڕانەوەیەکی گریگۆر نەیخوارد، لە یەک داوای حاڵی نەبوو، هەرچەندی دیکەش بێچارانە سەری بادایە، باوکی هەر دەهات و توندتر پێیەکانی دەکوتی بە زەویدا.

لەوبەرەوە دایکی سەرەڕای کەشە ساردەکە پەنجەرەیەکی کردبووەوە، سەری بردبووە دەرێ و دەستەکانی خستبوونە سەر دەموچاوی. لە بەینی دالانی پلیکانەکان و کۆڵانەکەدا هاتوچۆیەکی توندی هەوا دروست بوو،

پەردەکانی سەر پەنجەرەکان بەرز دەبوونەوە، ڕۆژنامەکانی سەر مێزەکە دەیانخشپاند، تاک تاک پەڕە بەسەر زەوییەکەدا دەفڕین. باوکی بێڕەحمانە تینی هێنابوو و وەک دڕندەیەک فیشکەی لێوە دەهات. بەڵام گریگۆر هێشتا لە بەگدانان ڕانەهاتبوو، بەڕاستی زۆر بە هێواشی دەڕۆیشت. گەر گریگۆر تەنها بیتوانیبایە بسووڕێت، ئەوا دەستبەجێ دەگەیشتە ناو ژوورەکەی خۆی، بەڵام دەترسا بە سووڕانەوەیەکی وەختکوژ سەبر لە باوکی ببڕێت و هەر لەحزەیەک هەڕەشەی لەسەر بوو گۆچانەکەی دەستی باوکی بدات بە پشتی یان بە سەریدا. بەڵام دواجار گریگۆر هیچی دیکەی بۆ نەمایەوە، چونکە بە نیگەرانییەوە هەستی بەوە کرد، کە لە ڕێکردنی پشتاوپشتدا تەنانەت لەوەشی نەدەزانی ئاڕاستەکەی خۆی ڕاگرێت و بەو شێوەیە لەگەڵ تیلەچاویکرندێکی ترسنۆکانەی بێوچان لە باوکی پەلەی هەڵیکی بوو بسووڕێت و بەڕاستی زۆر بە هیواشی سووڕا. ڕەنگە باوکی پەی بە مەبەستی باشی گریگۆر بردبێت، چونکە لێی تێک نەدا بەڵکوو لێرەولەوێ لە دوورەوە بە سەری گۆچانەکە سەرپەرشتیی جووڵەکانی دەکرد.

گەر ئەو فیشکەفیشکە ئۆقرەبڕەی باوکی نەدەبوو! گریگۆر بە تەواوی مێشکی لە دەست دابوو. وەختبوو تەواو خۆی دەسووڕاند، کاتێک هەمیشە لەژێر گوێڕایەڵیی ئەو فیشکەفیشکەدا سەری لێ شێوا و دووبارە کەمێکی دیکە

سوورڕایەوە. بەڵام کاتێک خۆشحاڵانە سەری لە ڕێکی دەروازەکە بوو، ئاشکرا بوو کە جەستەی ئێجگار پانوپۆڕ بوو هەتاوەکوو بێکێشە پێیدا بچێت. بێگومان باوکیشی لە دۆخی ئەو ساتەیدا ئەسڵەن بە خەیاڵیدا نەهات، باڵەکەی دیکەی دەرگاکە بکاتەوە، تاکوو جێگەی تەواو بۆ گریگۆر بکاتەوە. فکرە جێگیرەکەی ئەوە بوو هەتا زووە گریگۆر ڕاو بنێتەوە ناو ژوورەکەی خۆیەوە. هەرگیز بواری ئەو ئامادەکارییە سەختەی نەدەدا، کە گریگۆر پێویستی بوو هەتاکوو بتوانێت قینج بێتەوە و بەو شێوەیە بە دەرگاکەدا بچێت. زیاتر بە دەنگەدەنگێکی زۆرەوە گریگۆری ڕاو دەنا، چیتر وەک دەنگی تاکە باوکێک نەدەهاتە بەر گوێ، ئێستا مەسەلەکە بەڕاستی ناخۆش بووبوو و گریگۆریش- چی دەبێت با ببێت- خۆی لەناو دەرگاکە خزاندبوو. لایەکی جەستەی بەرز بوو، گریگۆر بە خواری لەناو دەرگاکەدا بوو، دیوێکی جەستەی بە تەواوی زامدار بووبوو، پەڵەی دزێو و ناحەز بەسەر دەرگا سپییەکەوە بەجێ مان، هەر زوو گیری خوارد و لە توانایدا نەبوو بە تەنها بجووڵێت. قاچە چکۆلەکانی لە دیوێکییەوە بە حەواوە دەلەرزین، ئەوانی دیوەکەی دیکەی بە ئازارەوە بە زەوییەکەوە فلیقێنرابوون- لەویادا باوکی پاڵێکی فریادڕەسانەی پێوە نا و ئەمیش دوور پەڕییە ناو ژوورەکەی خۆیەوە. خوێنێکی زۆری لێ دەڕۆیشت. دەرگاکەی هەر بە گۆچانەکە داخستەوە، ئیدی دواجار دنیا بێدەنگ بوو.

# بەشی دووەم

سەرەتا سەرلەئێوارە **گریگۆر** لە خەوە قورسە بێهۆشئاساکەی بەخەبەر هات. بێگومان بێ خەولێتێکدانیش زۆر درەنگتر بەخەبەر نەدەهات، چونکە هەستی دەکرد تەواو حەواوەتەوە و تێرخەو بووە. بەڵام وای دەهاتە پێش چاو، بە هەنگاوێکی کورت و خێرا و داخستنێکی بەکاوەخۆی ئەو دەرگایە بەخەبەر هاتبێت، کە دەڕۆیشتەوە سەر داڵانەکە. شەوقی گڵۆپە کارەبابییەکانی سەر شەقامەکە لێرەولەوێ بە ڕەنگێکی سپیهەڵگەڕاو بەژێر سەقفەکە و بەسەر بەشە بڵندەکانی مۆبیلیاتەکانەوە بوون، بەڵام لە خوارەوە لای **گریگۆر** تاریک بوو. بە هێواشی لە ڕێی جووڵانێکی هێشتا نەزانانەی هەستەوەرەکانییەوە، کە تازە فێر دەبوو قەدریان بزانێت، خۆی بەرەو دەرگاکە کێش کرد، تاکوو تەماشا بکات، ئاخۆ لەوێ چی ڕووی داوە. لای چەپی تاکەزامێکی ناڕەحەتی جەڕێن و درێژکەڵە بوو و دەبایە لەسەر دوو ڕیزە قاچەکانی هەنگەشەلە بکات. یەکێک لە قاچە چکۆلانەکانی لە ڕەوتی ڕووداوەکانی پێشنیوەڕۆدا بە سەختی بریندار بووبوو و بێگیان بە دوایەوە دەخشا- وەک پەرجوویەک وا بوو، کە تەنها یەکێکیان زامدار بووبوو-

سەرەتا لای دەرگاکە هەستی کرد کە لەڕاستیدا چی شتێک کێشی ئەوێی کردبوو؛ بۆنی خواردن بوو. چونکە لەوێ قاپێکی قوڵ پڕ کرابوو لە شیری شیرینکراو و پارچە چکۆلە چکۆلەی سەمونی سپی تێگوشرابوو. وەخت بوو لە خۆشیاندا پێدەکەنی، چونکە لە بەیانی زیاتر برسی بوو و دەستبەجێ هەتا سەر چاوەکانی سەری لەناو شیرەکەدا نقوم کرد. بەڵام هەر زوو نائومێدانە سەری دەرهێنایەوە؛ نەک تەنها لەبەر ئەوەی کە نان خواردن لەبەر دیوە ناهەموارەکەی چەپی کێشەی بۆ دروست دەکرد- ئەو تەنها کاتێک تەواوی جەستەی بە هەناسەوە کاری لەگەڵ بکردایە دەیتوانی نان بخوات- سەرەڕای ئەوەش تامی شیرەکەی، کە هەمیشە خوشەویسترین خواردنەوەی **گریگۆر** بوو و بێگومان هەر لەبەر ئەوەش خوشکەکەی بۆی دانابووە ژووریێ، هیچ پێ خۆش نەبوو. بەڵێ **گریگۆر** بە پرۆتەستەوە پشتی لە قاپەکە کرد و کشایەوە ناوەڕاستی ژوورەکەوە.

وەک **گریگۆر** لە درزی دەرگاکەوە دەیبینی، لە ژووری میوانەکە غازەکە داگیرسێنرابوو، بەڵام لەکاتێکدا وەک هەمیشە لەو ساتەوەختەی ڕۆژدا باوکی ڕۆژنامەی دوانیوەڕۆی بۆ دایکی و هەندێک جار خوشکەکەی بە دەنگی بەرز دەخوێندەوە، ئێستا یەک دەنگ چییە نەدەهات. بەڵام ڕەنگیش بوو ئەو خوێندنەوەیە، کە خوشکەکەی بۆی دەگێڕایەوە و لە نامەکانیدا باسی دەکرد، لەم ماوەیەی

ڕابردوودا تەواو فەرامۆش کرابێت. بەڵام چواردەوریشی بێدەنگ بوو، ئەگەرچی بە دڵنیابییەوە ناو خانوەکە چۆڵ نەبوو.
**گریگۆر** بە خۆی گوت: «ئەم خێزانە چ ژیانێکی بێدەنگ دەژین» و لەکاتێکدا لەبەر خۆیەوە چاوی لە زوڵمەت بڕیبوو، هەستی بە شانازیەکی گەورە کرد، کە توانیبووی ژیانێکی ئاوها لەناو ئەپارتمانێکی هێند قەشەنگدا بۆ دایک و باوکی و خوشکەکەی بسازێنێت. بەڵام چۆن دەبوو، ئەگەر ئێستا هەموو ئارامی و خۆشگوزەرانی و ئاسوودەییەک بە کارەسات کۆتایی بهاتایە؟ تاکو خۆی لەناو خەیاڵگەلێکی ئاوهادا ون نەکات کەوتەوە جوڵە و خشۆکانە بەناو ژوورەکەدا دەهات و دەچوو.
بە درێژایی ئەو ئێوارەیە جارێک باڵێکی دەرگاکە و جارێک باڵێکی دیکەی تا ڕادەی درزێکی بچکۆلە کرایەوە و بەپەلە داخرایەوە، هەڵبەت کەسێک دەیویست بێتە ژوورەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گومانی ئێجگار زۆر بوو. ئێستا **گریگۆر** دروست لەپێش دەرگای ژووری میوانەکەدا وەستا، بڕیاریدا بە هەر شێوەیەک بێت میوانە بەگومانەکە بهێنێتە ژووریَ یاخود هیچ نەبێت بزانێت کێیە؛ بەڵام ئیدی دەرگاکە چیدیکە نەکرایەوە و **گریگۆر** بێهەدەر چاوەڕێبوو. زوو، کاتێک دەرگاکان دادەخران هەمووان دەیانویست بێنە ژووریَ بۆ لای **گریگۆر**، ئێستاش، لەکاتێکدا یەکێک لە دەرگاکانی کردبووەوە و هەڵبەت ئەوانی دیکەش لە

ڕەوتی ئەم ڕۆژەدا کرابووەنەوە، چیدی کەس نەدەهات و کلیلەکانیش لە دیوی دەرەوەوە لەناو کونی کیلۆنەکەدا بوون.
سەرەتا شەو درەنگ گڵۆپی ژووری میوانەکە کوژێنرایەوە و ئێستا بە ئاسانی بۆی دەرکەوت، کە دایک و باوک و خوشکەکەی هەتا درەنگ بەخەبەر مابوونەوە، چونکە وەکو ئێستا گوێی لێ بوو، هەمووان لە سەر نوکە پێ دوور کەوتنەوە. هەنووکە بە دڵنیاییەوە هەتا بەیانی چیدی کەس نەدەهاتە لای گریگۆر؛ بەوپێیە کاتێکی درێژی بۆ بیرکردنەوە لەبەردەستدا بوو، ئاخۆ چۆن یاسایەکی نوێ بە ژیانی بدات. بەڵام ژوورە بەتاڵە بەرزەکەی، کە ناچار بوو تیایدا بە تەختی لەسەر ئەرزەکە درێژ بێت، دەیترساند بێئەوەی بتوانێت بچێتە بنج و بناوانی هۆکارەکەیەوە، چونکە ماوەی پێنج ساڵ بوو لەو ژوورەدا دەژیا- بە وەچەرخانێکی نیمچە ناخودئاگایانە و زۆر شەرمەزارانە پەلەی کرد و خزییە ژێر قەنەفەکەوە و لەوێ، ئەگەرچی پشتی کەمێک فشاری لەسەر بوو و چیدی نەیدەتوانی سەر بڵند بکات، هەستی بە ئاسوودەیەکی زۆر دەکرد و پێی ئەفسووس بوو، کە جەستەی ئێجگار پانە هەتا بەتەواوەتی لەژێر قەنەفەکەدا جێ بۆ خۆی بکاتەوە.
سەراسەری شەو لەویادا مایەوە،- کە بەشێکی بە نیمچە خەوتووی تیادا بەسەر برد و برسێتییەکەی چەندین جار دایدەچڵەکاندەوە، بەڵام بەشێکیشی لە خەم و هیواگەلێکی

لیلدا بەسەربرد، کە دەیانگەیاندە ئەنجامی ئەوەی، دەبێت هەڵسوکەوتی ئێستاکەی ئارام بێت و لەڕێی سەبر و ڕەچاوکرتنی زۆری خێزانەکەیەوە ئەو نارەحەتیانە ئاسانتر بکات، کە بەم بارودۆخەی ئێستای بە شێوازێکی بێچارانە بەسەر خێزانەکەیدا هێنابوو.

هەر بەیانی زوو، هێشتا دەتگوت شەوە، **گریگۆر** هەلی ئەوەی هەبوو هێزی ئەو بڕیارانەی تاقی بکاتەوە، کە تازە دابوونی، چونکە لە دالآنەکەوە خوشکەکەی کە شتێکی تەنکی لەبەردا بوو، دەرگاکەی کردەوە و بە تەوسەوە چاوی لە ژووریّ کرد. دەستبەجیّ **گریگۆری** نەدۆزیەوە، بەڵام کاتێک لەژێر قەنەفەکەدا هەستی پیّ کرد و- خودایە، خۆ دەبایە لە شوێنێکی ژوورەکەدا بێت، خۆ نەیتوانیبوو بفڕێت- بە شێوەیەک تۆقی کە دەستبەجیّ بێئەوەی جۆی پیّ کۆنترۆڵ بکرێت دەرگاکەی لەدیوی دەرەوەوە داخستەوە. بەڵام وەک ئەوەی لەو هەڵسوکەوتەی پەشیمان بێت، دەستبەجیّ دەرگاکەی سەرلەنویّ کردەوە و وەک ئەوەی لای نەخۆشێکی سەخت یاخود تەنانەت لای غەریبەیەک بێت، لەسەر نووکی پیّ هاتە ژووریّ. **گریگۆر** هەتا ئاستی قەراغی قەنفەکە سەری دەرهێنابوو و چاودێریی دەکرد. ئاخۆ هەستی پیّ کردبێت کە **گریگۆر** شیرەکەی لیّ ماوەتەوە و لەڕاستیدا بەهیچ جۆرێک لەبەر نەبوونی برسییەتی نییە و ئاخۆ جۆرە خواردنێکی دیکەی بۆ دەهێنایە ژووریّ، کە بۆ ئەم شیاوتر بێت؟ گەر

سەربەخۆ ئەوەی نەکردایە، ئەوا پێی باشتر بوو لە برسان بمرێت وەک لەوەی ئاگاداری بکاتەوە، ئەگەرچی تەواو تینی بۆ هاتبوو لەژێر قەنەفەکەوە دەرپەڕێت، خۆی فڕێداتە بەرپێی خوشکەکەی و داوای شتێکی خواردنی باشی لێ بکات. بەڵام خوشکەکەی دەستبەجێ بە سەرسوڕمانەوە هەستی بە قاپە پڕەکە کرد کە بە چواردەوریدا تەنها کەمێک شیر ڕژابوو، دەستبەجێ قاپەکەی هەڵگرتەوە و بردییە دەرەوە، بە دەستی بەتاڵیش نا، بەڵکو بە پارچە پەڕۆیەک. **گریگۆر** هەتا لوتکە بێئۆقرە بوو، ئاخۆ چی شتێک لەجێی ئەوە دەهێنێت و هەمەجۆرترین خەیاڵی سەبارەت بەوە دەهێنا و دەبرد.

بەڵام هەرگیز لەوە دڵنیا نەبوو کە خوشکەکەی لە چاکی خۆیدا چی دەکرد. بۆ ئەوەی زەوقی تاقی بکاتەوە، هەڵبژاردەیەکی تەواوی بۆ هێنا، هەمووی لەسەر ڕۆژنامەیەکی کۆن بڵاوکردەوە. سەوزەواتی کۆنی نیمچە گەنیوی تیادا بوو، ئێسقان کە لە ژەمی ئێوارە مابووەوە کە سۆسی سپی توند دەوری گرتبوو، چەند دەنکێک کشمیش و بادەم، پارچەیەک پەنیر، کە **گریگۆر** خۆی پێش دوو ڕۆژ بە بێتام لە قەڵەمی دابوو، سەمونێکی وشک، سەمونێکی سوێرکراو کە کەرەی پێوە سیواخدرابوو. سەرەڕای ئەوەش بە تەنیشت هەموو ئەو شتانەوە قاپولکەیەکی قوڵی بۆ دانا، کە ڕەنگ بوو یەکەم و ئەخیر جارەکی بۆ **گریگۆری** دیاریکردبێت، ئاوی لە قاپولکەکە

کردبوو. چونکە خۆی هێندە هەستی ناسک بوو دەیزانی **گریگۆر** لەپێش چاویدا ناخوات، زۆر بە پەلە دوور کەوتەوە و تەنانەت لە پشت دەرگاکەوە کلیلەکەی بادا، تاکو **گریگۆر** هەست بکات، کە چۆنی دەوێت ئاوەها ئاسوودە بێت. کاتێک مەسەلە کەوتە سەر نان خواردن، قاچە بچووکەکانی بڵاوبوونەوە. دەبوو زامەکانیشی تەواو چاک بووبێتنەوە، چیدیکە هەستی بە بەربەست نەدەکرد. سەری دەسوڕما و بیری دەکردەوە کە مانگێک لەوەوبەر بە چەقۆیەک پەنجەی خۆی بڕیبوو و زامەکەی هەتا دوێنێش ئازاری هاتبوو.

بیری دەکردەوە: «دەبێت ئێستا هەستیاریم کەمی کردبێت؟» و بە تەماحەوە پەنیرەکەی دەمژی، کە لە هەموو خواردنەکەی دیکە زیاتر **گریگۆری** بەلای خۆیدا ڕاکێشابوو. بە خێرایی و بێوچان و بە چاوی فرمێسکاویەوە، کە لە ئاسوودەییدا ئاویان کردبوو، پەنیر و سەوزەوات و سۆسەکەی هەڵلوشی؛ بە پێچەوانەوە خواردەمەنییە تازەکان تامیان خۆش نەبوو، تەنانەت بەرگەی بۆنەکەشی نەدەگرتن و تەنانەت ئەو شتانەشی کەمێک لێ دوورخستنەوە کە دەیوسیت بیانخوات.

کاتێک خۆشکەکەی بۆ ئاماژەدانی ئەوەی **گریگۆر** بکشێتەوە کلیلەکەی هێواش هێواش بادا، **گریگۆر** لەمێژ بوو لە هەموو شتێک تەواو بووبوو و بە تەمەڵی لە هەمان جێگادا درێژ بووبوو. دەستبەجێ داچڵەکی. ئەگەرچی

وەخت بوو خەو دەیبردەوە بە پەلە چووەوە ژێر قەنەفەکە. بەڵام جەنگیکی دەرونی بوو، تاکو بۆ ئەو ماوەیەی خوشکەکەی لە ژوورەکەیدا بوو، لەژێر قەنەفەکەدا بمێنێتەوە، چونکە جەستەی بەو خواردنە زۆرە کەمێک خڕ ببوو و ئیدی لەو تەنگییەدا بە ئاستەم توانای هەناسەدانی هەبوو.

بە هەناسەبڕکێی کورتکورتەوە چاوی کەمێک دەرپەڕاندبوو و تەماشای خوشکە هیچ نەزانەکەی دەکرد، چۆن بە گسکێک نەک تەنها بەرماوەکان، بەڵکو ئەو خواردنانەشی دەماڵی کە **گریگۆر** هێشتا هەر دەستی بەریان نەکەوتبوو، وەک ئەوەی ئەوانەش هەر بەکەڵک نەمابن، وەک چۆن بە پەلەپەلیش هەمووی خستە زبڵدانێکەوە و بە سەرە تەختەیەک دایخست و پاشان هەمووی بردە دەرێ. لەگەڵ پشتی تێکرد **گریگۆر** لەژێر قەنەفەکە بەدەرکەوت و خۆی کێشیاوە و خۆی پف دا.

بەو شێوەیە **گریگۆر** ڕۆژانە خواردنەکەی خۆی وەردەگرت، ژەمێک بەیانیان، کاتێک دایک و باوکی و کچە خزمەتکارەکە هێشتا نووستبوون و ژەمی دووهەمیش لەپاش نانی نیوەڕۆ، چونکە ئەوکاتیش دایک و باوکی بۆ ساتێک دەخەوتن، کچە خزمەتکارەکەش لەلایەن خوشکەکەیەوە بۆ کڕینی شتێک دەنێردرایە دەرێ. بێگومان ئەوانیش نەیاندەویست **گریگۆر** لە برسا بمرێت، بەڵام ڕەنگبوو بەرگەی ئەوەیان نەگرتایە کە لە دەنگو

زیاتر هیچ شتێکی دیکە سەبارەت بە خواردنی **گریگۆر** بزانن. لەبەرئەوەی لە **گریگۆر** حاڵی نەدەبوون و کەس بیری لەوە نەدەکردەوە، تەنانەت خوشکەکەشی بیری لەوە نەدەکردەوە کە **گریگۆر** لەوان تێدەگات، بەو شێوەیە دەبایە بەوە ڕاببوێرێت کە لێرە و لەوێ گوێی لە هەناسە هەڵکێشان و بانگێکی خوشکەکەی بێت لە شەخسە پیرۆز و موبارەکەکان. دواتر، کاتێک خوشکەکەی وەخت بوو لەسەر هەموو شتەکان ڕادەهات- بێگومان ڕاهاتنی تەواو هەرگیز کردە نەبوو- جارناجارێک **گریگۆر** گوێی لە تێبینییەک دەبوو، کە مەبەستێکی دۆستانەی لە پشتەوە
[illegible] دەشیا بەو شێوەیە تەفسیر بکرێت، کە **گریگۆر**
چاپوکانە خواردنەکانی نۆشکردایە، دەیگوت: «ئێ ئەمڕۆ خواردنەکەی بەدڵ بووە«، و لە حاڵەتی پێچەوانەدا، شتێک کە زوو زوو دووبارە دەبووەوە، غەمبارانە دەیگووت: «دیسانەوە هیچی لێ نەخواردووە.»

بەڵام لەکاتێکدا **گریگۆر** نەیدەتوانی هەواڵە نوێیەکان بزانێت، چەند شتێکی لە ژوورەکانی تەنیشتەوە دەبیست و کاتێک گوێی لە دەنگێک دەبوو، دەستبەجێ دەڕۆیشتە لای دەرگای ئەو ژوورەی کە دەنگەکەی لێوە دەهات و تەواوی جەستەی پێوە دەنووساند. بەتایبەتی لەسەرەتادا گفتوگۆیەک لەئارادا نەبوو، کە بەجۆرێک لە جۆرەکان، ئەگەر [illegible] بە نهێنیش بووبێت، سەبارەت بە خۆی نەبێت. ماوەی [illegible]وو ڕۆژ لەسەر هەموو ژەمەکان گوێی لە

ڕاویژیگەلیک دەبوو، کە ئاخۆ دەبایە ئێستا چۆن هەڵسوکەوت بکەن، بەڵام لەنێوان ژەمەکانیشدا هەمان باس تاووتوێ دەکرا، چونکە هەردەم لانی کەم دوو ئەندامی خێزان لە ماڵەوە بوون، هەڵبەت لەبەرئەوەی کەس نەیدەویست بە تەنها لە ماڵەوە بێت و بە هیچ شێوەیەکیش نەدەکرا پێکڕا ماڵ بەجێبهێڵن. هەروەها کچە خزمەتکارەکەش لە یەکەم ڕۆژدا- ئاشکرا نەبوو چی و چەندی سەبارەت بە ڕووداوەکە دەزانی- ڕۆیشتبووە سەر ئەژنۆ و تکای لە دایکی **گریگۆر** کردبوو دەستبەجێ ئیزنی بدات و کاتێک پاش چارەگێک ماڵئاوایی کرد، بە فرمێسکەوە بۆ ئیزندانەکەی سوپاسی کرد، سوپاسکردنێک بۆ چاکەیەکی گەورە، کە لێرەدا لەگەڵی کرابێت و بێئەوەی داوایان لێکردبێت سوێندی خوارد، کەمترین شت لای یەک کەس نەدرکێنێت.
ئێستا دەبایە خوشکەکەشی بە ڕێکەوتن لەگەڵ دایکدا چێشت لێبنێت، بەڵام ئەوە زەحمەتێکی زۆر نەبوو، چونکە لەوێ نان زۆر نەدەخورا. **گریگۆر** چەندین جار گوێی لێ دەبوو، کە یەکێک فەرمانی بە یەکێکی دی دەکرد نان بخوات و هیچ وەڵامێکی دیکەی جگە لە »سوپاس، تێرم« یاخود شتێکی لەو جۆرەی وەرنەدەگرتەوە. ڕەنگ بوو هیچیش نەخۆنەوە. زوو زوو خوشکەکەی لە باوکی دەپرسی، ئاخۆ نایەوێت بیرەیەک بخواتەوە و لە دڵەوە خۆی دەخستە بەردەست کە بۆی بهێنێت و کاتێک باوکی

بە بێدەنگی دەمایەوە، دەیگوت دەشتوانێت خزمەتکارەکە بنێرێت، تاوەکو هەموو گومانێک لە مێشکی باوکیدا بنەبڕبکات، بەڵام ئیدی دواجار «نەخێر» ێکی گەورەی دەگوت و چی دیکە باس لەو مەسەلەیە نەدەکرایەوە.

هەر لە ڕەوتی یەکەم ڕۆژدا باوکی تەواوی دۆخە داراییەکان و هیواکانی بۆ دایک و خوشکەکەی **گریگۆر** خستەڕوو. جارناجارێک لەسەر مێزەکە هەڵدەستا و لەو سندوقی حساباتەیدا، کە پێنج ساڵ لەوەو بەر لەپاش شکستهێنانی لە بازرگانی و بەڕێوەبردنی کۆگاکەدا ڕزگاری کردبوو، پسوڵەیەک یاخود دەفتەرێکی مسۆدەی دەردەهێنا. **گریگۆر** گوێی لێبوو، کە چۆن قفڵە ئاڵۆزەکەی دەکردەوە و لەپاش دەرهێنانی ئەو شتەی لەدوای دەگەڕا دایدەخستەوە. ئەو ڕوونکردنەوانەی باوکی یەکەم شتی خۆش بوو، کە **گریگۆر** لە ساتی بەندییەکەیەوە بیستبووی. **گریگۆر** وایزانیبوو باوکی لەو دوکانەوە هیچ شتێکی بۆ نەماوەتەوە، هیچ نەبێت باوکی هیچ شتێکی پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی **گریگۆری** نەدرکاندبوو، بەڵام ئیدی **گریگۆریش** پرسیاری لێ نەکردبوو. ئەوسات تاکە خەمی **گریگۆر** ئەوە بوو، ئەوەی لە توانایدایە بیکات، تاکو هەتا زووە ئەو کارەساتە بازرگانییە، کە هەمووانی خستبووە بێهیواییەکی تەواوەوە، لەبیر خێزانەکەی بەرێتەوە. بەو شێوەیە ئەوکات ناچار بوو بوو بە گوڕێکی تایبەتییەوە دەست بە کار بکات و لەمرۆوە بۆ سبەی لە سەربازێکەوە بووبووە

گەشتیارێک، کە بێگومان بۆ پارە پەیداکردن هەلگەلێکی دیکەی لەبەر دەستدا بوو و کارەکانی لە شێوەی کۆمیسیۆندا دەبوونە پارەی کاش، کە دەتوانرا لە ماڵەوە لەسەر مێزەکە بخرێتە پێش دەمی خێزانە سەراسیمە و بەختدارەکەی. سەردەمێکی خۆش بووبوو، سەردەمانێک کە هەرگیز بەو باقوبریقییەی جارانیانەوە دووپات نەبووبوونەوە، ئەگەرچی دواتر **گریگۆر** ئەو هەموو پارەیەی پەیدا دەکرد، کە لەتوانایدا بوو هەموو ئەرکەکانی تەواوی خێزانەکە لە ئەستۆ بگرێت و لە ئەستۆشی گرتبوو. ئیدی لەسەری ڕاهاتبوون، خێزانەکە و **گریگۆر** خۆشی، بە سوپاسەوە پارەکەیان وەردەگرت، ئەمیش بە خۆشحاڵییەوە پارەکەی پێ دەبەخشین، بەڵام چیدیکە گەرموگوڕییەکی تایبەتی لێ نەدەکەوتەوە. تەنها خوشکەکەی بەینی لەگەڵ **گریگۆر**دا نزیک مابووەوە، پیلانێکی نهێنی **گریگۆر** بوو ساڵی داهاتوو خوشکەکەی، کە بەپێچەوانەی **گریگۆر**ەوە عاشقی مۆسیقا بوو و دەیزانی کەمانچەیەکی قەشەنگ بژەنێت، بنێرێتە زانستگای مۆسیقا، بێئەوەی حیساب بۆ ئەو مەسرەفانە بکات کە دەبایە تێیبچێت و دەکرا بە شێوازێکی دیکە ئەو پارانە پەیدای بکاتەوە. زوو زوو لەکاتی مانەوە کورتخایەنەکانی **گریگۆر** لە شاردا، لەناو گفتوگۆکاندا باس لە زانسگای مۆسیقی دەکرا، بەڵام هەمیشە وەک خەونێکی خۆش، کە بیر لە هاتنەدی نەدەکرایەوە و دایک و باوکیان تەنانەت

پێیان خۆش نەبوو گوێبیستی ئەو باسە بێتاوانانەش بن، بەڵام **گریگۆر** زۆر ئامانجانە بیری لێ دەکردەوە و نیازی وابوو، لە ئێوارەی کریسمسدا بەشێوازێکی ئاهەنگسازانە ئەو هەواڵە نوێیە ڕابگەیەنێت. ئەو جۆرە خەیاڵانە، کە لەم دۆخەی ئێستایدا بێسوود بوون، لە سەریدا دەورانیان دەکرد، لەکاتێکدا بە قینجی بە دەرگاکەوە دەنووسا و گوێی ڕادەدێرا. هەندێک جار لەبەر ماندوویی چیتر بۆی نەدەکرا گوێبگرێت و کەمتەرخەمانە سەری شل دەکرد و دەیدا بە دەرگاکەدا، بەڵام دەستبەجێ توند ڕایدەگرتەوە، چونکە هەتا بچوکترین دەنگەدەنگ، کە بەوە دەیکرد، لە تەنیشتەوە دەبیسترا و هەمووانی بێدەنگ دەکرد. پاش ساتێک باوکی دەیگوت: «ئەوە دیسانەوە چی دەکات؟»، هەڵبەت ڕووی لە دەرگاکە دەکرد، ئیدی پاشان ئاخاوتنە بڕاوەکە پەیتا پەیتا دەکەوتەوە گەڕ.

هەنوکە **گریگۆر** بەشی خۆی دەبیست- چونکە باوکی عادەتی بوو ڕوونکردنەوەکانی دووبارە بکاتەوە، بەشێک لەبەرئەوەی خۆی لەمێژ بوو خۆی بەو جۆرە شتانەوە سەرقاڵ نەکردبوو، بەشێکیش لەبەرئەوەی دایکی **گریگۆر** دەستبەجێ لەهەموو شتەکان حاڵی نەدەبوو- سەرەڕای ئەو کارەساتە سەروەتوسامانێکی چکۆلانە لە سەردەمانی دێرینەوە مابووەوە و بەو سوانەی، کە دەستیان نەکرابوویێ، کەمێک زیادی کردبوو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پارەیەی کە **گریگۆر** مانگانە هێنابوویە مالێ- ئەو

تەنها چەند گوڵدنیکی بۆ خۆی گلدابووەوە- بەتەواوی خەرج نەکرابوو و بووبووە دەستمایەیەکی چکۆلانە. گریگۆر، لەپشتی دەرگاکەی خۆیەوە، بەهیمەت سەری دەلەقاند، بەو بەئاگایی و بەئیقتیسادییە چاوەڕواننەکراوە خۆشحاڵ بوو. لەڕاستیدا توانیبووی بەو پارە زیادانە بەردەوام ئەو قەرزە بداتەوە، کە خاوەنکارەکەی لای باوکی بوو و ئەو ڕۆژەی کە ئەو پۆستەیەی لەکۆڵ دەبووەوە زۆر نزیکتر دەبوو، بەڵام ئێستا بێشک بەو شێوەیەی کە باوکی مامەڵەی کردبوو، باشتر بوو.

بەڵام ئێستا ئەو پارەیە بە هیچ شێوەیەک بەشی نەدەکرد تاکو بتوانێت ئەو خێزانە بە سوو بەخێو بکات؛ ڕەنگ بوو بەشی ئەوە بکات خێزانەکە بۆ ماوەی ساڵێک، ئەوپەڕی دوو ساڵ ڕاگرێت، لەوە زیاتری تیادا نەبوو. کەوابێ تەنها بڕێک بوو، کە مرۆڤ لەڕاستیدا نەیدەتوانی هەڵبکوتێتە سەری و دەبایە بۆ تەنگانە وەلاینێت، بەڵام دەبایە پارەی بژێوی پەیداکرێت. لە ڕاستیدا ئێستا باوکی پیاوێکی تەندروست بەڵام پیر بوو، کە ماوەی پێنج ساڵ دەبوو کاری نەکردبوو و زۆری لە خۆی ڕانەدەبینی. لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا، کە یەکەمین پشووی ژیانە سەخت و لەگەڵ ئەوەشدا بێبەرەکەی بوو، چەورییەکی زۆری پەیدا کردبوو و بەهۆی ئەوەوە لەشی قورس بووبوو. ئەی ئێستا دەبایە دایکە پیرەکەی پارە پەیدا بکات، کە نەخۆشی ڕەبۆی هەبوو و تەنها پیاسەیەک بەناو ماڵەکەدا شەکەتی

دەکرد و هەر ڕۆژە نا ڕۆژێکی بە تەنگەنەفەسییەوە لەسەر قەنەفەی پێش پەنجەرە کراوەکەوە بەسەردەبرد؟ ئەی دەبایە خوشکەکەی پارە پەیدا بکات، کە لەم تەمەنی حەڤدە ساڵییەیدا هێشتا منداڵێک بوو بۆ خۆی، کە چەندێکیش مافی خۆی بوو لەسەر ئەو شێوەژیانەی بەردەوام بێت، کە لەوەدا پێکهاتبوو بەرگی جوان بپۆشێت، لە ماڵداریدا کۆمەک بکات، لە کۆمەڵێک خۆشی سادەوساکاردا بەشدار بێت و لەهەرشتێکیش زیاتر کەمان بژەنێت؟ کاتێک باس دەهاتە سەر باسی پێویستی بژێوی، گریگۆر هەمیشە دەستبەرداری بەر دەرگاکە دەبوو، خۆی فڕێ دەدایە سەر ئەرزە فێنکەکەی تەنیشت قەنەفە چەرمەکە، چونکە لە شەرم و مەلولیدا گەرمیەک جەستەی دادەگرت.

هەندێک جار سەرانسەری شەو لەویادا دەمایەوە، بۆ یەک چرکە چییە نەدەخەوت و چەندین کاتژمێر هەر چەرمەکەی دەکڕاند. یاخود ئامادە بوو ئەو زەحمەتە قورسە بخاتە سەر شانی خۆی کە قەنەفەیەک پاڵنێتە پێش پەنجەرەکە، پاشان بەلێواری پەنجەرەکەدا هەڵگەڕێت، بە پشتیوانی قەنەفەکە خۆی بە پەنجەرەکەدا هەڵپەسێرێت و تەماشای دەرەوە بکات، بەیادی ئەو هەستە ئازادی بەخشەی کە جاران لە سەیرکردنی دەرەوەدا بینیبوویەوە. لەبەرئەوەی بەڕاستی ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو شتانەی، کە کەمێک دوور بوون، لێلتر دەبینی: نەخۆشخانەکەی

بەرامبەریانی، کە جاران ئەم دیمەنە هەمیشەییەکەی بەنەفرەت کردبوو، هەرگیز چیدیکە بەرچاو نەدەکەوت و ئەگەریش کتومت نەیزانیبایە کە لەم شەقامە شارییەدا ژیانی دەگوزەراند، دەیتوانی قەناعەت بە خۆی بهێنێت، لە پەنجەرەکەیەوە لە چۆڵەوانییەک دەڕوانێت، کە تیایدا زەمین و ئاسمانی خۆڵەمێشی بە جۆرێکی لەیەک نەترازاو تێکەڵ بەیەک بوون. تەنها دوو جار خوشکە بەپەرۆشەکەی قەنەفەکەی لەپێش پەنجەرەکەدا بینی، ئیدی بەس بوو، هەموو جارێک کە ژوورەکەی پاک دەکردەوە و ڕێکدەخست، قەنەفەکەی کتومت دەخستەوە پێش پەنجەرەکە، تەنانەت باڵەکانی ناوەوەی پەنجەرەکەی لەسەر پشت جێدەهێشت.

هێندە هەیە گەر گریگۆر بیتوانیبا لەگەڵ خوشکەکەی قسە بکات و سوپاسی بکات، بۆ هەموو ئەو شتانەی کە ناچار بوو بۆ گریگۆری بکات، ئەوا باشتر بەرگەی خزمەتەکانی خۆشکەکەی دەگرت؛ بەڵام بەم حاڵەیەوە ئازاری دەچێشت. بێگومان خوشکەکەی هەتا دەیتوانی عەیبەتی تەواوی مەسەلەکەی دەسڕییەوە و هەتا زەمەن زیاتر ڕادەگوزەرا، باشتر شتەکانی دەپۆشی، بەڵام لە ڕەوتی ئەو وەختەدا گریگۆریش لە دەرککردندا بە شتەکان هەر دەهاتوو هەستیارتر دەبوو. تەنها هاتنەژوورەوەی خوشکەکەی بۆ ئەم کارەسات بوو. خوشکەکەی لەگەڵ دەهاتە ژوورەکەی گریگۆرەوە، ڕای دەکرد بۆ پەنجەرەکە

و به دەستوپلیکی هەڵەشەوە دەیکردەوە وەک ئەوەی وەخت بێت بخنکێت، بێئەوەی کاتی پێویست بۆ داخستنی دەرگاکە تەرخان بکات، ئەگەرچی زۆریش سەرنجی ئەوەی دەدا ژوورەکەی **گریگۆر** لە نیگای ئەوانی دیکە بپارێزێت. ئیدی گەر تەنانەت دنیاش سارد بووایە بۆ ساتێک لەپێش پەنجەرەکەدا دەمایەوە و هەواکەی بەقوڵی هەڵدەمژی. بە خۆی و ئەو ڕێکردن و هەراوزەنایەیەوە ڕۆژی دوو جار **گریگۆری** دەتۆقاند. **گریگۆریش** لە سەرەتاوە تا کۆتایی لەژێر قەنەفەکەدا هەڵدەلەرزی و چاکیش دەیزانی، کە بێگومان ئەو حاڵەی بەسەر **گریگۆردا** نەدەهێنا، گەر لە توانایدا بووایە لە ژوورێکدا، کە **گریگۆریشی** تیادایە، بە پەنجەرەی داخراوەوە بمێنێتەوە.

جارێکیان، هەڵبەت مانگێک بەسەر ڕموزنبوویی **گریگۆردا** تێپەڕ بووبوو و ئیدی بۆ خوشکەکەشی هۆکارێک لە ئارادا نەمابوو سەبارەت بە ڕووخساری **گریگۆر** سەراسیمە ببێت، کەمێک زووتر لە ڕۆژەکانی دیکە هات و بەسەر **گریگۆردا** هات، لەکاتێکدا بێجووڵە و عەمودی و بەچەشنێکی ترسهەژێن وەستا بوو و لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرێی دەکرد.

ئەوە بۆ **گریگۆر** شتێکی چاوەڕواننەکراو نەدەبوو گەر خوشکەکەی نەهاتبایەتە ژووری، چونکە بەم دۆخەیەوە بووبووە بەربەستی ئەوەی خوشکەکەی بتوانێت دەستبەجێ پەنجەرەکە بکاتەوە. بەڵام نەک تەنها تەواو

هاتە ژوورەوە، بەڵکو داچڵەکی، ڕایکردە دەرەوە و دەرگاکەی داخست: گەر غەریبەیەک لەویادا بایە، وایدەزانی **گریگۆر** خۆی لێ ماتداوە و ویستوویەتی پەلاماری بدات. هەڵبەت **گریگۆر** دەستبەجێ خۆی لەژێر قەنەفەکەدا حەشاردا، بەڵام ناچار بوو هەتا نیوەڕۆ چاوەڕێ بێت، هەتا خوشکەکەی هاتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا لە جارەکانی دیکە زۆر شڵەژاوتر بوو.

ئیدی ئەوەی لێکدایەوە، کە هێشتا بۆ خوشکەکەی دیمەنێکی سەخت بوو و هەرواش دەمایەوە و حەتمەن دەبایە زۆریش لەخۆی بکات، تەنها لە دیمەنی ئەو بەشە بچکۆلەیەی جەستەی هەڵنەیەت، کە لەژێر قەنەفەکەوە دەردەکەوت. بۆ ئەوەی لەو دیمەنە ناقۆلایەی خۆی بیپارێزێت- هەڵبەت بۆ ئەو کارە چوار کاتژمێری بەسەربرد- سەرچەفی سەر قەنەفەکەی دابوو بە پشتی خۆیدا و بەشێوەیەک، کە بەتەواوی داپۆشرابوو و خوشکەکەی، تەنانەت کاتێک دەچەمیشەوە، نەیدەتوانی بیبینێت. گەر ئەو سەرچەفە بەڕای خوشکەکەی پێویستی نەکردایە، ئەوا دەیتوانی بۆ **گریگۆری** لێ بکاتەوە، چونکە ئەوە شتێکی ڕوون بوو، کە ناشێت **گریگۆر** بۆ ڕابواردنی خۆی بەو جۆرە خۆی بەندبکات. بەڵام خوشکەکەی سەرچەفەکەی لەجێی خۆی جێهێشت و تەنانەت **گریگۆر** باوەڕی وابوو نیگایەکی سوپاسگوزاری لە خوشکەکەیدا بەدیکردبێت، چونکە جارێک سەری لەژێر سەرچەفەکەوە

دەرخست تاکو ببینێت، ئاخۆ خوشکەکەی ئەو گۆڕانکارییە چۆن وەردەگرێت.
لە چواردەڕۆژی سەرەتادا دایک و باوکی چاویان بەرایی نەدەهات بێنە ژووری و زوو زوو گوێی لەوە دەبوو، کە چەندێک ڕەزامەندی و ڕایان لەسەر ئەو کارە بوو، کە ئێستا خوشکەکەی ڕایدەپەڕاند، لە کاتێکدا ئەوان هەتا بەر لە ئێستا لە خوشکەکەی نارازی بووبوون، چونکە بە کچێکی بێسوود و بێفەڕ هاتبووە پێش چاویان.
بەڵام ئێستا هەمیشە دایکیشی و باوکیشی لەبەر دەرگای **گریگۆر** چاوەڕوان دەبوون، لەکاتێکدا خوشکەکەی خەریکی پاکژکاری ژوورەکەی **گریگۆر** دەبوو و لەگەڵ دەشهاتە دەرێ، دەبایە بە کتومتی باسی ژوورەکەیان بۆ بکات، ئاخۆ **گریگۆر** چی خواردووە، ئاخۆ ئەم جارەیان هەلسوکەوتی چۆن بووە، یان ئاخۆ هەستی بە ئاماژەیەکی چاکبوونەوە کردووە. بۆ زانیاریتان دایکی دەیەویست بەم زووانە سەردانی بکات، بەڵام باوک و خوشکەکەی لەبەر چەند هۆکارێکی ژیرانە نەیاندەهێشت و کاتێکیش بەدەنگی بەرز هاواری لێدەکردن: «لێمگەڕێن بڕۆم بۆ لای **گریگۆر**، خۆ ئەو ڕۆڵە بەدبەختەکەی خۆمە! ئیدی تێناگەن، کە دەبێت بچمە لای؟»، پاشان **گریگۆر** وایدەزانی کارێکی هێند خراپ نییە، دایکی بێتە ژوورەوە، بێگومان هەموو ڕۆژێک نا، بەڵام هەفتەی جارێک؛ خۆ دایکی لە هەموو شتێک باشتر حاڵی دەبوو وەک لە خوشکەکەی، کە

سەرەڕای ئەو هەموو غیرەتەی هێشتا هەر منداڵ بوو و ڕەنگیش بوو هەر لەبەر ساکاری هزری ئەرکێکی وا سەختی گرتبێتە ئەستۆی خۆی.

هیواکەی **گریگۆر** بۆ بینینی دایکی زوو هاتەدی.

لەبەر خاتری دایک و باوکی، **گریگۆر** نەیدەویست بەڕۆژ لەبەر پەنجەرەکەدا دەرکەوێت، بەڵام نەشیدەتوانی بەباشی لەسەر ئەو چەند مەتر دووجا ئەرزەی ژوورەکەدا هاتووچۆبکات. بە زەحمەتیش بەرگەی بۆ پاڵکەوتنە ئارامەکانی شەوان دەگرت. زۆریشی نەخایاند چیدیکە کەمترین چێژ چییە لە خواردنی نەدەبینی. بەو شێوەیە بۆ خۆخلافاندن خووی بەوەوە گرت، لەمسەر بۆ ئەوسەر بە دار و دیوارەکەدا هەڵگەڕێت. بەتایبەتی حەزی لێبوو بە تەوقی سەری سەقفەکەوە بلکێت؛ ئەمەیان هەستێکی تەواو جیاوازی هەبوو وەک لەوەی لەسەر ئەرزەکە درێژبێت. هەناسەدانێکی سەربەستتری هەبوو. گوژم و تەزوویەکی کەم بەناو جەستەیدا دەهات. ئیدی لە خافڵی خۆیدا، لەگەل هەستێکدا نزیک لە بەختەوەری، **گریگۆر** بۆ مایەی سەرسامی خۆی، خۆی بەردەداو شلپەی لە ئەرزەکە هەڵدەساند. بەڵام ئێستا زۆر جیاواز لە جاران دەسەڵاتی بەسەر جەستەیدا هەبوو و تەنانەت لە کەوتنێکی ئاوەها بەرزیشدا نەیدەهێشت زیانی پێ بگات. دەستبەجێ خوشکەکەی هەستی بەو گەمە نوێیە کردبوو، کە **گریگۆر** بۆ خۆیی دۆزیبووەوە— کە بەسەر دار و دیوارەکاندا

دەخشا لێرە و لەوێ ئاسەواری لینجاییە کەتیرەییەکەی لەدوای خۆیەوە جێدەهێشت- و ئیدی ئالەویادا خوشکەکەی بیری لەو کردەوە هەتا گەورەترین ڕادە زەمینە بۆ خۆخشکینەکەی **گریگۆر** خۆشبکات و ئەو مۆبیلیاتانە دووربخاتەوە کە بەربەست بوون، بەتایبەتی مێز و کەنتۆرەکە.

بەڵام ئێستا لە توانایدا نەبوو بەتەنها بەو کارە هەستێت. زاتیشی نەدەکرد داوای کۆمەک لەباوکی بکات. بێگومان کچە خزمەتکارەکەش یارمەتی نەدەدا. ئەگەرچی ئەم تازەیەیان لەدوای ڕۆیشتنی خزمەتکارەکەی پێشوو خۆڕاگرییەکی بوێرانەی نواندبوو، بەڵام تکای کردبوو، ڕێی پێ بدەن دەرگای مەتبەخەکە بەردەوام کلیل بدات و تەنها بۆ حاڵەتی تایبەتی بیکاتەوە. بەو شێوەیە خوشکەکەی هیچی دیکەی بۆ نەمایەوە، جگە لەوەی لە کاتێکدا دایکی بهێنێت، کە باوکی لەماڵەوە نییە.

دایکی بە هات و هاوارێکەوە، کە پڕبوو لە شادمانی خۆی لە کارەکە گورج کرد، بەڵام لەبەر دەرگای ژوورەکەی **گریگۆر**دا زمانی شکا. بێگومان سەرەتا خوشکەکەی سەیری ناو ژوورەکەی کرد، ئاخۆ هەموو شتێک تەواوە. ئینجا ڕێی بە دایکی دا بێتە ژوورێ. **گریگۆر**یش بە پەلەپەل پەتۆکەی بە تۆپەڵێک چرچ و لۆچی قوڵەوە دابوو بەخۆیدا. لە سەرچەفێک دەچوو بەڕێکەوت درابێت بەسەر قەنەفەیەکدا. **گریگۆر** ئەمجارەشیان قیروسیای کرد لەژێر

پەتۆکەوە سەرەتاتکێ نەکات. ئامادە بوو دەستبەرداری تەماشایەکی دایکی بێت و خۆشحاڵ بوو سەرەڕای هەموو شتێک هاتبوو.

خوشکەکەی گوتی: «وەرە وەرە، ناتوانیت ببینیت». و دیار بوو دەستی دایکی گرتبوو. **گریگۆر** گوێی لێبوو، چۆن ئەو دوو ئافرەتە لاوازە ئەو کەنتۆرە قورسەیان لەجێی خۆی دوور خستەوە و چۆنیش خوشکەکەی وەک هەمیشە زۆرینەی زەحمەتەکەی لەخۆی دەگرت، بێ ئەوەی گوێڕایەڵی ئاگادارییەکانی دایکی بێت، کە دەترسا کچەکەی عەزێتی خۆی بدات. وەختێکی زۆری خایاند. لەپاش چارەگە سەعاتێک ئیش دایکی گوتی، چاترە کەنتۆرەکە لەوێ جێبهێڵن، لەبەرئەوەی یەک ئیجگار قورسە و لەپێش گەیشتنەوەی باوکیاندا تەواو نەدەبوون و گەر کەنتۆرەکە لەناوەڕاستی ژوورەکەدا بێت، ئەوا هەموو ڕێگاکان لە **گریگۆر** دەگیران، دووهەمیش مسۆگەر نەبوو، ئاخۆ بە دوورخستنەوەی مۆبیلیاتەکان پیاوەتی لەگەڵ **گریگۆر** دەکەن یاخود نا. دەیگوت: «بەڵکو وا دێتە پێش چاوم بە پێچەوانەکەی بەختەوەر بێت و دیمەنی چۆڵی بەر دیوارەکە دڵم تەنگ دەکات. ئیدی تێناگەم بۆچی **گریگۆریش** هەمان هەستی نەبێت. لەکاتێکدا ئەو لەمێژە لەگەڵ ژوورەکەیدا ئاشنایە و لەو ژوورە بەتاڵەدا هەست بە تەنهایی دەکات.»، پاشان زۆر بە ئەسپایی، نزیک لە چرپاندن، وەک ئەوەی نەیەوێت **گریگۆر**، کە هەر بە

جیگەکەشی نەدەزانی، تەنها گوێی لە دەنگیشی نەبێت، چونکە لەوە دڵنیا بوو کە لە مانای وشەکان تێناگات، بەردەوام بوو: «مەگەر بە دوورخستنەوەی مۆبیلیاتەکان ئەو نیشان نادەین، کە هەموو هیوایەکی چاکبوونەوەیمان لەدەست داوە و تەسلیمی چارەنووسیمان کردووە؟ من باوەڕم وایە، باشترین شت ئەوەیە ئێمە ژوورەکەی کتومت لە دۆخی جارانیدا ڕابگرین، تاکو **گریگۆر**، کە گەڕایەوە، هەموو شتەکان وەک خۆی ببینێتەوە و بتوانێت ڕابردوو ئاسانتر لەیاد بکات.»

بە بیستنی ئەو وشانەی دایکی، **گریگۆر** پەی بەوە برد، کە کەمووکوڕی هەموو گفتوگۆیەکی ئادەمی، لەگەڵ ژیانە یەکنەواییەکەی لەنێوندی خێزانەکەیدا عەقڵیان لەماوەی ئەو دوو مانگەدا شێواندبوو. ئەگەرنا چۆنی لێکبدایەتەوە، کە ئاخۆ لەبەر چی هۆیەک ئەم بەڕاستی داوای چۆڵکردنی ژوورەکەی بکات. ئایا بەڕاستی ئارەزووی لێبوو ژوورە گەرمە ڕەحەتەکەی، کە بە مۆبیلیاتی میراتی ڕازێنرابووەوە، بکاتە ئەشکەوتێک، تاکو بتوانێت بە ئازادی خۆی بە هەموو ئاراستەکاندا کێش بکات، بەڵام شانبەشانی بیرچوونەوەیەکی سەرلەبەری خێرای ڕابردووی ئادەمیی؟

خۆ ئێستاش لە بیرچوونەوە گەلێک دوور نەبوو و تەنها دەنگی دایکی، کە لەمێژ بوو بەر گوێی نەکەوتبوو، بە خەبەری هێنابووەوە.

نەدەبایە هیچ شتێک دوور بخرێتەوە؛
دەبایە هەموو شتێک وەک خۆی بمێنێتەوە.
نەیدەتوانی دەستبەرداری ئەو کاریگەرییە باشانە بێت، کە مۆبیلیاتەکان هەیانبوو لەسەری. خۆ ئەگەر لەپێش خۆخشکێنە بێماناو بێسوودەکانیدا بەربەستیش بوونایە، ئەوا هەر زیانێکی ئەوتۆیان نەبوو، بەڵکو سوودێکی گەورەیان دەبەخشی.
بەلام ئەفسووس خوشکەکەی خاوەنی ڕایەکی جیاواز بوو. خووی بەوەوە گرتبوو (بێگومان ناهەقیشی نەبوو) لە مشتوومڕەکاندا لەسەر ئەو مەسەلانەی پەیوەندییان بە **گریگۆر**ەوە هەبوو، وەک نوێنەری **گریگۆر** ڕووبەڕووی دایک و باوکی بێتەوە، ئیدی لێرەشدا ئامۆژگارییەکەی دایکی وەک هۆکار بەس بوو بۆ ئەوەی جەخت نەک تەنها لەسەر دوورخستنەوەی کەنتۆر و مێزەکە بکات، وەک سەرەتا بە فکریدا هاتبوو، بەڵکو فکر لە دوورخستنەوەی سەرجەمی مۆبیلیاتەکان جگە لە قەنەفەکە بکاتەوە... شتێک کە **گریگۆر** مەحاڵ بوو بتوانێت دەستبەرداری بێت. بێگومان هۆکاری ئەو داوایەی خوشکەکەی تەنها نەدەگەڕایەوە بۆ سەرسەختییەکی منداڵانە یاخود بۆ ئەو متمانەبەخۆبوونەی، کە بە شێوازێکی سەخت و چاوەڕواننەکراو بە دەستی هێنابوو. خوشکەکەی تێبینی ئەوەی کردبوو، کە **گریگۆر** بۆ هەڵگەڕان بەسەر دار و دیوارەکاندا پێویستی بە جێ هەبوو و مۆبیلیاتەکانیش بە

پێچەوانەوە هەتا چاو بڕکات هیچ سوودێکیان بۆ **گریگۆر** نەبوو. بەڵام ڕەنگیش بوو هەستی خەیاڵیی کچانیش لەو تەمەنەدا، کە هەموو هەلێک بۆ ئاسوودەیی دەقۆزنەوە، ڕۆڵێکیان بینیبێت. ڕەنگ بوو بەوهۆیەوە گریتەی خوشکی مەیلی لەوە بووبێت، دۆخی **گریگۆر** سامناکتر پەخش بکات، تاکو بتوانێت پتر بۆ **گریگۆر** بکات. چونکە ئیدی جگە لە گریتە هیچ مرۆڤێکی دیکە زاتی نەدەکرد سەر بە ژوورێکدا بکات، کە **گریگۆر** بەتەنها حوکمی دیوارە بەتاڵەکانی دەکرد.

لەبەرئەوە دایکی، کە لەو ژوورەدا لەتاو نائارامی دوودڵ دەینواند، بێدەنگ دەبوو و بەپێی توانای لە هێنانە دەرەوەی کەنتۆرەکەدا کۆمەکی خوشکەکەی دەکرد، نەیتوانی پەشیمانی بکاتەوە. ئێستا **گریگۆر** دەیتوانی تا ڕادەیەک دەستبەرداری کەنتۆرەکە بێت، بەڵام دەبایە مێزی نووسینەکە بمێنێتەوە. بەڵام هەر لەگەڵ ئافرەتەکان بەو کەنتۆرەوە، کە بە نقەنقەوە خۆیان لێگیر کربوو، ژوورەکەیان بەجێهێشت، **گریگۆر** سەری لەژێر قەنەفەکەوە دەرهێنا، تاوەکو ببینێت، کە بەچی شێوەیەک دەتوانێت بە ئاگاو حەزەرەوە فریابکەوێت ڕێیان لێبگرێت. بەڵام بۆ نەگبەتی یەکەم کەس دایکی گەڕایەوە، لەکاتێکدا گریتە لە ژووری تەنیشتدا کەنتۆرەکەی لەباوەش گرتبوو و بەتەنها بەم دیو و ئەو دیودا دەیسوڕاند، بێگومان بێئەوەی لە جێی خۆی بیجوڵێنێت. بەڵام دایکی لە دیمەنی

گریگۆر رانەهاتبوو. دەکرا بە ڕووخساری نەخۆش بکەویت، هەر بۆیەش **گریگۆر** لەترسدا پشتاوپشت هەتا ئەو سەری دیکەی قەنەفەکە کشایەوە دواوە، بەلام لە دەسەلاتی ئەودا نەما و پەتۆکەی لەپیشەوە کەمیک خزا. هیندە بەس بوو بۆ بەئاگاهینانەوەی دایکی. دایکی لە گۆ کەوت، بۆ ساتیک بە بیدەنگی وەستا و پاشان گەڕایەوە بۆ لای گریتە.

ئەگەرچی **گریگۆر** چەندین جار بە خۆی دەگوتەوە، کە لەو ئانوساتەدا هیچ شتیکی نائاسایی ڕووی نەدەدا، بەلکو تەنها جیگۆرکی بە چەند مۆبیلیاتیک دەکرا، دەبایە دان بەوەدا بنیت، کە ئەو هاتن و چوونەی ئەو ئافرەتانە، هاوار و بانگە چکۆلانەکانیان و کرەکرِی مۆبیلیاتەکان لەسەر ئەرزەکە وەک هەراوزەنایەک دەهاتە پیش چاوی، کە چوار دەوری گرتبیت و هەرچەندیش قاچ و سەری بە جەستەیەوە دەنووساند، دەبایە ناچارانە بەخۆی بلیت، کە چیدیکە بەرگەی هەموو ئەو شتانەی نەدەگرت.

ژوورەکەیان لی چۆل دەکرد، هەموو ئەو شتانەیان لی دەستاند، کە لای ئازیز بوون. ئەو کەنتۆرەیان کە برِبەنگ و مشار و شت و مەکەکانی دیکەی تیادابوو، بردبووە دەری. نیستاش ئەو میزی نووسینەیان تاودابوویی، کە لەمیژبوو جیی خۆی لەسەر ئەرزەکە خۆش و توند کردبوو. هەموو ئەرکەکانی سەردەمی خویندنی ئابووری و ناوەندی و تەنانەت سەرەتاییشی لەسەر ئەو میزە

نووسیبووەوە. ئیدی لەو کاتەدا بەڕاستی وەختی ئەوەی نەبوو لە نیازە پاکەکانی ئەو دوو ژنە بکۆڵێتەوە، کە وەخت بوو وجودیاتی لەیاد دەکرد، چونکە لەماندوویەتیدا کارەکە بێدەنگ بەڕێوە دەڕۆیشت و تەنها تەپەی پێیان دەهات.

بەو شێوەیە **گریگۆر** دەرپەڕییە دەرەوە. لەو ساتەدا دوو ئافرەتەکە لە ژوورەکەی تەنیشتدا خۆیان بە مێزەکەوە گرتبوو، تاوەکو پشوویەک بدەن. **گریگۆر** چوار جار ئاراستەی خۆی گۆڕی، بەڕاستی نەیدەزانی سەرەتا کام لە شتەکانی ڕزگار بکات. بە دیوارە ڕووتەن کراوەکەوە وێنەی خانمەکە کەوتە بەرچاوی کە لەبەرگی چەرمدابوو. بە پەلە پێیهەڵگەڕا و خۆی بە شووشەکەوە نووساند. شووشەکەی جەستەی ڕاگرتبوو و سوکنایی دەدا بە زگی گەرمبووی. هەڵبەت لانی کەم کەس ئەم وێنەیەی نەدەبرد، کە **گریگۆر** ئێستا بە تەواوی دایپۆشیبوو. سەری سوڕاند و ڕووی کردە دەرگای ژوورەکەی، بۆ ئەوەی لە گەڕانەوەیاندا چاودێری ژنەکان بکات.

زۆریان پشوو بە خۆیان نەدا و زوو گەڕانەوە. گریتە دەستی لە دایکی ئالاندبوو و وەخت بوو هەڵیدەگرت. پاشان تەماشای چواردەوری خۆی کرد و گوتی: «ئنجا کامەیان بەرین؟»، ئالەویادا نیگایان تووشی بوو بە نیگای **گریگۆر**ەوە بە دیوارەکەوە. هەڵبەت بەهۆی ئامادەگی دایکییەوە گریتە ئارامی خۆی لەدەست نەدا، دەموو چاوی

بەسەر دایکیدا چەماندەوە، بۆ ئەوەی دایکی چیدیکە لە دەوری خۆی نەڕوانێت و بە دەنگێکی لەرزۆک و خاڵی لە تێفکرین گوتی: «وەرە، با بۆ ساتێک بگەڕێینەوە بۆ ژووری میوانەکە.»

نیازی گرێتە بۆ **گرێگۆر** ئاشکرا بوو. دەیویست دایکی بپارێزێت و ئیدی **گرێگۆر** لە دیوارەکە ڕاونێت. ئیدی لانی کەم دەیتوانی بۆ خۆی هەوڵبدات ڕاوی بنێت!

**گرێگۆر** لەسەر وێنەکەی دانیشتبوو و لەدەستی نەدەبووەوە. پێی باشتر بوو خۆی بۆ دەمووچاوی گرێتە هەڵدات، وەک لەوەی وێنەکەی بە دەستەوە بدات.

بەڵام وشەکانی گرێتە ئارامیان لە دایکی بڕی. دایکی ڕۆیشتە ئەولاوە و پەڵەیەکی زەبەلاحی قاوەیی بە سەر دیوارەکەوە بەرچاو کەوت. بەرلەوەی هەست بەوە بکات کە ئەوەی دەیبینێت **گرێگۆرە** بە دەنگێکی گڕ هاواری لێ هەستا: «هاوار خودا، هاوار» و وەک ئەوەی دەست لەهەموو شتێک بشوات، خۆی دا بەسەر قەنەفەکەدا و جوڵەی لێبڕا. خوشکەکەی مستی هەڵبڕی و بە مۆڕەوە گوتی: «**گرێگۆر**، لەگەڵ تۆمە!». لە ساتی ڕموزنبوونەکەیەوە ئەوە یەکەم قسەی بوو، کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ **گرێگۆردا** کردبووی. خوشکەکەی ڕۆیشتە ژوورەکەی پەناوە، تاکو تەراییەک بهێنێت دایکی لەو بێهۆشییە پێ زیندوو بکاتەوە. **گرێگۆریش** دەیویست کۆمەک بکات– بۆ ڕزگارکردنی وێنەکە هێشتا وەختی

مابوو– بەڵام توند بە شووشەکەوە نووسابوو دەبایە بە قوەت خۆی لێ بپسێنێت. ئیدی ئەویش ڕۆیشتە ژوورەکەی تەنیشتەوە، وەک ئەوەی لەتوانایدابێت بە جۆرێک لە جۆرەکان ئامۆژگاریەکی خوشکەکەی بکات، وەک جاری جاران. بەڵام ناچار بوو بێئیش لەپشتیەوە بوەستێت، لەکاتێکدا خوشکەکەی لە چەکمەجە و دۆلابی جیاواز جیاوازدا دەگەڕا. کە ئاوڕی دایەوە داچڵەکی. بتڵێک بەربۆوە و پارچە پارچە بوو. پارچەیەکی شووشە دەموچاوی **گرێگۆری** زامدار کرد. دەرمانی ناو بتڵەکە بەسەریدا پرژەی کردبوو و دیچووزاندەوە. بێ دواکەوتنی زیاتر گرێتە هێندەی لەدەستیدا جێگای هەبوو بتڵی هەڵگرت و گەڕایەوە لای دایکی. دەرگاکەی بە قاچ داخستەوە. ئێستا **گرێگۆر** دەرگای لەسەر داخرابوو و نەدەگەیشتە دایکی، کە ڕەنگ بوو لەبەر خەتای ئەم ئێستا لە مەرگەوە نزیک بێت. **گرێگۆر** بۆی نەبوو دەرگاکە بکاتەوە. نەیدەویست خوشکەکەی، کە دەبایە لای دایکی بمێنێتەوە، هەڵفریوێنێت. ئێستا هیچ کارێکی دیکەی نەبوو جگە لە چاوەڕوانی. لەتاو خەم و خەفەت و گوناهدا، کە بەسەر خۆیدا دەهێنا، کەوتە پێهەڵگەڕان، بەسەر هەموو شتێکدا هەڵگەڕا، دارودیوار، مۆبیلیات و سەقفی ژوورەکە و ئیدی وەختێک لەسەر لێشێواویدا سەری گێژی خوارد و تەواوی ژوورەکەی لە پێشچاوی سوڕا، بەربۆوە و دای بە ناوەڕاستی مێزە گەورەکەدا.

ساتیکی کورت بەسەرچوو و **گریگۆر** مات لەویادا کەوتبوو، دەوروبەری بێدەنگ، ڕەنگ بوو ئەوەی ئاماژەیەکی باش بێت. لەو کاتەدا جەرەسی دەرگاکە لێیدا. بێگومان کچە خزمەتکارەکە لە مەتبەخەکەدا خۆی بەند کردبوو لەبەرئەوە دەبایە گریتە بڕوات دەرگاکە بکاتەوە. باوکی بوو. «چی ڕووی داوە؟» یەکەم کۆمەڵەوشە بوون، کە بە دەمی باوکیدا هات. هەڵبەت ڕووخساری گریتە هەموو شتێکی بۆ ئاشکرا کردبوو. گریتە بە دەنگێکی کپەوە وەڵامی دایەوە. دیاربوو دەموچاوی نووساندبوو بە سینگی باوکیەوە: »دایکم بورایەوە، بەڵام ئێستا حاڵی باشترە، **گریگۆر** هەڵهاتە دەری.»

باوکی گوتی: «خۆم دەمزانی. هەمیشە پێم نەدەگوتن! بەڵام ئێوەی ئافرەت ناتانەوێت گوێ بگرن.»

لای **گریگۆر** ئاشکرا بوو کە باوکی پەیامە کورتەکەی گریتەی بە هەڵە تەفسیر کردبوو و پێی وابوو **گریگۆر** توندوتیژی نواندووە. لەبەرئەوە ئێستا پێویست بوو **گریگۆر** هەوڵبدات دڵی باوکی نەرم بکاتەوە، چونکە بۆ هۆشیارکردنەوەی باوکی نە وەختی هەبوو نە توانا. بەو شێوەیە هەڵهاتە بەر دەرگاکە و خۆی پێوە نووساند، بۆ ئەوەی باوکی لەگەڵ پێخستنی بۆناو ژووری پێشەوەدا ببینێت، کە **گریگۆر** نیازی هەیە دەستبەجێ بگەڕێتەوە ناو ژوورەکەی خۆی و پێویست ناکات ڕاوی بنێتەوە ئەوێ، بەڵکو تەنها پێویست دەکات یەکێک دەرگاکەی بۆ بکاتەوە،

ساتێکی کورت بەسەرچوو و **گریگۆر** مات لەویادا کەوتبوو، دەوروبەری بێدەنگ، ڕەنگ بوو ئەوەی ئاماژەیەکی باش بێت. لەو کاتەدا جەرەسی دەرگاکە لیێدا. بێگومان کچە خزمەتکارەکە لە مەتبەخەکەدا خۆی بەند کردبوو لەبەرئەوە دەبایە گرێتە بڕوات دەرگاکە بکاتەوە. باوکی بوو. «چی ڕووی داوە؟» یەکەم کۆمەڵەوشە بوون، کە بە دەمی باوکیدا هات. هەڵبەت ڕووخساری گرێتە هەموو شتێکی بۆ ئاشکرا کردبوو. گرێتە بە دەنگێکی کپەوە وەلامی دایەوە. دیاربوو دەموچاوی نووساندبوو بە سینگی باوکیەوە: »دایکم بورایەوە، بەلام ئێستا حالی باشترە، **گریگۆر** هەڵهاتە دەرێ.»

باوکی گوتی: «خۆم دەمزانی. هەمیشە پێم نەدەگوتن! بەلام ئێوەی ئافرەت ناتانەوێت گوێ بگرن.»

لای **گریگۆر** ئاشکرا بوو کە باوکی پەیامە کورتەکەی گرێتەی بە هەڵە تەفسیر کردبوو و پێی وابوو **گریگۆر** توندوتیژی نواندووە. لەبەرئەوە ئێستا پێویست بوو **گریگۆر** هەولبدات دڵی باوکی نەرم بکاتەوە، چونکە بۆ هۆشیارکردنەوەی باوکی نە وەختی هەبوو نە توانا. بەو شێوەیە هەڵهاتە بەر دەرگاکە و خۆی پێوە نووساند، بۆ ئەوەی باوکی لەگەڵ پێخستنی بۆناو ژووری پێشەوەدا ببینێت، کە **گریگۆر** نیازی هەیە دەستبەجێ بگەڕێتەوە ناو ژوورەکەی خۆی و پێویست ناکات ڕاوێ بنێتەوە ئەوێ، بەڵکو تەنها پێویست دەکات یەکێک دەرگاکەی بۆ بکاتەوە،

ئیدی ئەمیش دەستبەجێ لە ژوورەکەی خۆیدا ون دەبێتەوە.

بەڵام باوکی لە فەزایەکدا نەبوو هەست بەو جۆرە وردەکارییانە بکات. لەگەڵ هاتنە ژوورەوەیدا «ئاهـ»ێکی لێ هەستا، بەڵام بە دەنگێک کە هەمانکات تووڕە و شادمانیش دەهاتە بەرگوێ. **گریگۆر** سەری لە دەرگاکە کردەوە و ڕووبەڕووی باوکی بەرزی کردەوە. بەڕاستی باوکی بەو شێوەیە نەهێنابووە پێش چاوی خۆی ... بەو چەشنەی کە لەویادا وەستابوو. بەڵام **گریگۆر** لەبەر ئەتوارە نوێیەکەی، کە پێهەڵگەڕان بوو بەسەر دارودیواردا، نەیتوانیبوو ئاگاداری ڕووداو و گۆڕانکارییە نوێیەکانی ناو تەواوی ماڵەکە بێت. ئەگەر بێیتە سەر ڕاست دەبایە بۆ ڕووداوی نوێی لەو جۆرە ئامادە بێت. سەرەڕای ئەوەش ... سەرەڕای ئەوەش ئەو هێشتا هەر باوکی بوو؟ هەمان ئەو پیاوەی کە ماندوو لە ناو جێگاکەیدا نغرۆ بووبوو، لەکاتێکدا **گریگۆر** بۆ گەشتە بازرگانییەکانی کەوتبووە ڕێ؟ هەمان ئەو پیاوەی، کە کاتێک **گریگۆر** لەسەر ئێش گەڕابووەوە، ئەو لەناو بەرگی خەودا و لەسەر کورسییەک پاڵی دابووەوە و بەو جۆرە پێشوازی لێ کردبوو. پیاوێک، کە تەنانەت لە توانایدا نەبووبوو هەستێتە سەرپێ، بەڵکو بۆ ئاماژەپێکردنی خۆشحاڵییەکەی دەستی هەڵبڕیبوو؟ تەنها لە چەند پیاسەیەکی دەگمەندا، کە لە چەند یەکشەممەیەک و بۆنەو

جەژنێکی ساڵدا لە مابەینی **گریگۆر** و دایکی، کە خۆی لەخۆیاندا هێواش ڕێیان دەکرد، خۆی لەناو مانتۆیەکدا کوشمەڵەکردبوو و بە گۆچانێکەوە هێواش هێواش ڕێی کردبوو و کاتێک ویستبووی قسەیەک بکات، هەمیشە لەجێی خۆی وەستابوو و هاوڕێکاکانی لەخۆی کۆکردبووەوە.

بەڵام ئێستا قیت و قنج بوو، لە پۆشاکێکی فەرمی شیندا بە دوگمەی زێڕینەوە، وەک هەموو فەرمانبەرێکی بانکەکان. لەسەرو یەخەی کراسەکەیەوە بەغبەغەیەکی پان لەژێر چەناگەیەوە دروست بووبوو. نیگاشی لەژێر برۆ بژەکانییەوە لەناو چاوە زیندوو و بەئاگاکانییەوە دەرچووبوو. قژە سپییەکانی، کە هەمیشە شل و شێواو بوون، زۆر ڕێکوپێک و بەتەکبیر شانەکرابوون و بریقەیان دەدایەوە. بێریەکەی، کە مۆنۆگرامێکی بانکەکەی لەسەر بوو، بە هێڵێکی کەوانەیی لەم سەر بۆ ئەو سەری ژوورەکە فڕێدایە سەر قەنەفەکە. دەستی خستە ناو گیرفانی پانتۆڵەکەیەوە و داوێنی چاکەتە درێژەکەی کەوتە دواوە، بە دەموچاوێکی سەرسەختەوە بەرەوپیری **گریگۆر** ڕۆیشت.

دیارە خۆشی نەیدەزانی نیازی چی هەیە. بەڵام هیچ نەبێت پێیەکانی نائاساییانە هەڵدەبڕی و **گریگۆریش** بە پانتایی بنی پۆستاڵەکانی سەرسام بوو. بەڵام **گریگۆر** بەوەوە نەوەستا، خۆ هەر لە یەکەم ڕۆژی ژیانە نوێیەکەیەوە

دەیزانی، کە باوکی پێی وایە، **گریگۆر** لەمەبەدوا هەتا توندوتیژ بێت لەگەڵیدا کەمە. ئیدی بەو شێوەیە بەپێش باوکیدا ڕابورد، کاتێک باوکی دەوەستا ئەمیش جوڵەی لەخۆی دەبڕی و کاتێکیش باوکی دەجولایەوە، ئەمیش پەلەپەلی پێ دەکەوتەوە. بەو شێوەیە چەند سوڕێکیان بەدەوری ژوورەکەدا لێدا، بەبێ ئەوەی شتێکی ئەوتۆ ڕووبدات. لەبەر خاو و خلیچکییەکەیان هەرگیز لەوە نەدەچوو ڕاوی بنێت. هەر لەبەر ئەوەش جارێ **گریگۆر** لەسەر ئەرزەکە مابووەوە، چونکە دەترسا باوکی پێهەڵگەڕانی **گریگۆر** بەسەر دیوارەکاندا بە کردارێکی خەراپە لە قەڵەم بدات. بەڵام دەبایە **گریگۆر** ئەوەش بەخۆی بڵێت، کە چیدیکە بەرگەی ئەو ڕاکەڕاکەی نەدەگرت. چونکە دەبایە لەگەڵ هەموو هەنگاوێکی باوکیدا کۆمەڵێک جووڵە بکات. بەرەبەرە هەناسەتەنگییەکەی لێ دیاربوو، چونکە هەر جاری جارانیش خاوەنی کۆئەندامێکی هەناسە نەبووبوو، کە جێی متمانە بێت. کە لەویادا لارەلاری بوو تاوەکو توانا و هێز بۆ هەڵهاتن کۆبکاتەوە، چاوەکانی بە ئاستەم کراوە بوون، لەبێهۆشی خۆیدا بیری لە هیچ جۆرە خۆرزگارکردنێکی دیکە نەدەکردەوە جگە لە هەڵهاتن، هەر لەبیری کردبوو کە ئەم هەموو دار و دیوارە لەویادا چاوەڕێی ئەم دەکەن. بەڵام دیوارەکانی ئێرە بە مۆبیلیاتی تیژ و سوچاوی چنرابوون.

لەوکاتەدا شتێک بە تەنیشتیدا پەڕی و دای بە ئەرزەکەدا و بە بەردەمیدا تل بووەوە. سێوێک بوو. دانەیەکی دیکەش بەدوایدا پەڕی. **گریگۆر** لە ترساندا لەجێی خۆیدا وەستابوو. ئێستا هەڵهاتن سوودی نەبوو، چونکە باوکی بڕیاری دابوو بۆمبابارانی بکات.

لە سەبەتەی میوەکەوە گیرفانەکانی پڕ کردبوو و لە **گریگۆری** دەگرت، بێ ئەوەی بە وردی نیشانەی لێ بگرێت. سێو لەدوای سێو. ئەو سێوە چکۆلە سوورانە بەسەر ئەرزەکەدا تلیان دەخوارد و دەیاندا بەیەکدا، وەک ئەوەی بارگاوی بووبن. سێوێک بە ئەسپایی بەسەر پشتی **گریگۆردا** تیغی کرد، بەڵام زیانی پێ نەگەیاند. بەڵام سێویکی دیکە، کە دوای ئەمەیان توڕی دا، ڕێک چووە ناو پشتی **گریگۆرەوە**. **گریگۆر** ویستی بڕوات، وەک ئەوەی بتوانێت بە گۆڕینی جێگاکەی ئازارە بێوێنە و لەناکاوەکە لەناوبەرێت. بەڵام وەک ئەوە وابوو بە ئەرزەکەوە داکوترابێت و لە گومڕایی تەواوی هۆشیدا خۆی کێشایەوە.

لە دواهەمین نیگایدا بینی چۆن دەرگای ژوورەکەی کرایەوە و دایکی بە هاتوهاوارەوە لە پێش خوشکەکەی هاتە دەرێ، تەنها بە کراسێکەوە، چونکە خوشکەکەی جلەکانی لێ داماڵیبوو، بۆ ئەوەی لە بێهۆشییەکەیدا ڕێی هەناسەوەرگرتنی بۆ خۆش بکات. دایکی بەرەو پیری باوکی ڕایکرد و بە ڕێگاوە هەموو ئەو جلانەی یەک لە

دوای یەک لێ دەخزایە خوارێ، کە دوگمە و پشتێنەکانی کرابوونەوە. بە هەڵەداوان بەسەر پارچەجلەکاندا خۆی بەسەر باوکیدا دا و لە ئامێزی گرت، سەرلەبەر لەگەڵیدا بوو بە یەک. دەستەکانی بە پشتەملی باوکی **گریگۆر**ەوە هەڵواسی، بۆ ئەوەی تکای پاراستنی ژیانی **گریگۆر**ی لێ بکات. بەلام ئالێرەدا ئیدی **گریگۆر** هیچی نەبینی.

# بەشی سێهەم

زامە سەختەکانی گریگۆر، کە مانگێک زیاتر پێوەی ناڵاند- سێوەکە وەک یاداشتێکی دیار لەناو گۆشتەکەدا مایەوە، چونکە کەس زاتی نەدەکرد دووری بخاتەوە- لەوە دەچوو ئەوەی تەنانەت بە بیر باوکی هێنابێتەوە، کە گریگۆر سەرەڕای سەروسیما دزێو و هێڵنجهێنەکەی ئەندامێکی خێزانەکە بوو، کە نەدەبوو وەک دوژمن مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بەڵکوو ئەرکی سەر شانی خێزانەکە بوو بێ بەسەر دڵی خۆیدا بنێت و چاوی لێ بپۆشێت، هیچ شتێکی دیکە نا جگە لە چاوپۆشین.

ئەگەرچی ئیستا گریگۆر توانای جوولەی بۆ هەمیشە سنووردار بوو و ڕەنگ بوو لەمسەر بۆ ئەوسەری ژوورەکە وەک کەمنەمدامێک چەند خولەکێکی پێ بچێت- هەلگەران بەسەر دیوارەکەدا ئەسلەن شتێک نەبوو بیری لێ بکاتەوە- ئەوا لەبری خراپ بوونی دۆخی تەندروستی، دەستکەوتێکی هەبوو، کە بەڕای خۆی جێگەی زەرەرەکەی گرتبووەوە: هەمیشە ئێواران دەرگای ژووری میوانەکە، کە هەمیشە ڕاهاتبوو سەرەتا کاتژمێرێک هەتا دوو کاتژمێر چاوی تێبڕێت، دەکرایەوە، بەشێوەیەک کە بە کەرتوویی لە تاریکی ژوورەکەی خۆیەوە دەیتوانی تەواوی خێزانەکە لەسەر مێزی ڕۆشن ببینێت و بە پێچەوانەی جارانەوە بە مۆلەتی هەمووان تا ڕادەیەک گوێی لە قسەکانیان بێت.

خوا دەزانێت کە گفتوگۆ زیندووەکانی جارانیان نەمابوو. ئەو گفتوگۆیانەی کە گریگۆر لە ژووری هۆتێلەکاندا کاتێک بە تامەزرۆیی و ماندوویی خۆی فڕێ دابووە سەر نوێنە سارد و شێدارەکان بیری لێ کردبوونەوە. ئێستا گفتوگۆکان ڕەوتێکی هێمنیان لە خۆیان گرتبوو. باوکی کەمێک پاش نانی ئێوارە لەسەر قەنەفەکە خەوی لێ دەکەوت. دایک و خوشکەکەی یەکدییان بۆ بێدەنگی ئاگادار دەکردەوە. دایکی سەرقاڵی درومانی دەبوو، بەژێر تیشکی گلۆپەکەدا تەواو دەچەمییەوە، بۆ دوکانێکی مۆدە جلی ناسکی ژێرەوەی دەدووری. خوشکەکەی، کە ئێستا

وەک فرۆشیار کاری دەکرد، ئیواران خۆی فێری تیپنووسی و فەڕەنسی دەکرد، لەپێناوی هەلیکیدا بۆ بەچنگکەوتنی کارێکی باشتر. هەندێک جار باوکی بەخەبەر دەهات و وەک ئەوەی نەزانێت کە خەوی لێکەوتووە بە دایکی گریگۆری دەگوت: «دیسانەوە ئەمڕۆ چەند درومانی دەکەیت!» و دەستبەجێ خەوی لێدەکەوتەوە، لەکاتێکدا دایک و خوشکەکەی بزەیەکی ماندوویان بۆ یەکدی دەکرد.

باوکی بە چەشنێک سەرسەختییەوە ئەوەی ڕەت دەکردەوە، بەرگە فەرمییەکەی لە ماڵەوەش بگۆڕێت. لەکاتێکدا جلی خەوی بەسەر عەلاگەکەوە بێسوود شۆڕ دەبووەوە، باوکی بە هەموو بەرگەکەیەوە لەسەر جێگاکەی خۆی پرخەی خەوی دەهات، وەک ئەوەی هەمیشە بۆ کار و خزمەت ئامادە بێت و هەر لێرەش چاوەڕوانی دەنگی خاوەنکارەکەی بێت. بەوهۆیەوە بەرگە فەرمییەکانی، سەرەڕای وردی و مشووری دایک و خوشکەکەی، پاکژی خۆیان لە دەست دا. گریگۆر هەندێک جار تەواو ئێوارەکەی بەوە بەسەر دەبرد چاو لەو جلە پەڵاویانە ببرێت، بەو دوگمە زێڕینانەوە، کە هەمیشە پاکژ بوون و بریقەیان دەدایەوە. باوکی لەو جلانەدا، سەرەڕای ئەو هەموو ناڕەحەتییەیان، بۆ خۆی بە ئارامی دەخەوت.

لەگەڵ کاتژمێر دەبوو بە دە، دایکی هەوڵی دەدا بە دەنگێکی ئەسپایی باوکی بە خەبەر بهێنێت و ڕازی بکات

بچێته سەر جێگاکەی خۆی، چونکە خۆ لەوێ خەوێکی ڕاستەقینە نەدەخەوت و باوکیشی، کە دەبایە بەیانیان کاتژمێر شەش لە دەوام بێت، پێویستی بە خەوێکی ڕاستەقینە بوو.

بەڵام بەو سەرسەختییەوە، کە لەوەتەی ببووە فەرمانبەر تووشی بووبوو، هەمیشە ئینکاری لەوە دەکرد زیاتر بمێنێتەوە، ئەگەرچی بەردەوام خەوی لێدەکەوت و لەسەرو ئەوەشەوە بە ئاستەم خۆی پێ دەجولا، تاوەکو قەنەفەکە بە سیسەمەکەی بگۆڕێتەوە. ئیدی دایک و خوشکەکەی با بە ئارەزووی خۆیان بە ئاگادارییەکانیان تێنیان بۆ باوکی بهێنایە، ئەو چارەگێک بە هێواشی سەری دەلەقاند، چاوی بە لێکنراوی دەمانەوە و هەڵنەدەستایە سەرپێ. دایکی دەستی بە سەر شان و قۆڵیدا دەهێنا، وشەی نەرم و نیانی بە گوێیدا دەچرپاند. خوشکەکەی ئەرکەکەی خۆی جێدەهێشت و دەهات کۆمەکی دایکی بکات. بەڵام ئەوە لەگەڵ باوکیدا سوودی نەبوو. بەڵکو تەنانەت قوڵتر بەناو قەنەفەکدا نقوم دەبوو. سەرەتا کاتێک دوو ئافرەتەکە دەستیان دەدایە بنهەنگڵی، چاوی هەڵدەهێنا و بەسەرە لەمیانەوە تەماشای ئەویانی دەکرد و دەیگوت:

«ئەوە ژیانە، ئەوە ئارامی دواهەمین ڕۆژەکانمە.»

بە پشتیوانی هەردوو خانمەکە هەڵدەستایە سەرپێ، زۆر بە ئەرکەوە، وەک ئەوەی بۆ خودی خۆشی بارێکی قورس بێت، لێدەگەڕا خانمەکان هەتا بەردەرگاکەی ببەن، لەوێوە

بە دەست ئاماژەی دەدانێ لێیگەڕێن و ماباقی ڕێگاکەی سەربەخۆ دەبڕی، لە کاتێکدا دایکی کەرەسەی درومانەکەی و خوشکەکەشی پێنووسەکەی سەرلەنوێ فڕێدەدایەوە و ڕایاندەکردەوە پشتی باوکیەوە، تاوەکو کۆمەکی بکەنەوە.

ئایا لەو خێزانە کرێکارە ماندووەدا کێ وەختی هەبوو مشووری **گرێگۆر** بخوات؟

ئێستا بودجەی مەتبەخیش تا دەهات کورت دەکرایەوە. کچە خزمەتکارەکەیان ئیزن دا. خزمەتکارێکی زلەی ئێسکاوی سەرسپی قژ ئالۆسکاو بەیانیان و ئێواران دەهات ئیشە قورسەکان بکات. هەموو شتەکانی دیکە دایکی شانبەشانی ئەو هەموو درومانییە جێبەجێی دەکردن. تەنانەت هەندێکجار ئاڵتوونی خێزانەکە دەخرانە سەر سەودا، کە دایک و خوشکەکەی بەختەوەرانە لە بۆنە و ئاهەنگی تایبەتیدا بەخۆیانەوە کردبوو. **گرێگۆر** ئەم شتانەی ئێواران لە گفتوگۆکانەوە دەبیست سەبارەت بە نرخی فرۆشتنەکان. بەڵام گەورەترین بەڵا لەوەدا بوو، کە نەیاندەتوانی ئەم خانووە، کە بۆ دۆخی ئێستایان زۆر گەورە بوو، بەجێبهێڵن لەبەرئەوەی نەدەهات بە مێشکیاندا **گرێگۆر** چۆن بگوێزنەوە. بەڵام **گرێگۆر** دەیبینی خاتری ئەم بەربەستی گواستنەوەیان نییە، چونکە ئاسان دەیانتوانی بیخەنە کارتۆنێکی کونکوناوییەوە بیگوێزنەوە. ئەوەی ڕێی لەم خێزانە دەگرت خانوەکەیان بگۆڕن

بێهیواییەکی سەرلەبەری و خەیالگەلێک بوو لەسەر کارەساتێک، کە لای هیچ کەس لەبازنەی ناسیاو و خزمەکانیاندا وێنەی نەبوو.

ئەو شتانەی جیهان لە خەلکی هەژاری داوا دەکرد، ئەمان هەتا ئەوپەڕی جێبەجێیان دەکرد. باوکی نانی بەیانی بۆ فەرمانبەری بانکەکە دەبرد، دایکی خۆی دەکردە قوربانی جل شتنی خەلکانێکی نامۆ، خوشکەکەی بە فەرمانی کڕیارەکان لە پشت مێزەکەیەوە ڕاکەڕاکی بوو، بەلام قوەتی خێزانەکە لەوە زیاتر نەدەڕۆیشت. کاتێک دایک و خوشکەکەی، لەپاش ئەوەی باوکیان دەبردە سەر جێگا، دەگەڕانەوە و کارەکەیان جێدەهێشت، سەریان بەیەکەوە دەنا، گریگۆر زامەکەی سەرپشتی وەک زامێکی نوێ ئازاری دەدا؛ هەر کە دایکی ئاماژەی بۆ ژوورەکەی گریگۆر دەکرد و دەیگوت: «گرێتە ئەو دەرگایە داخە!»، ئیدی گریگۆر دیسانەوە لە زولمەت هەلدەکێشرا، لە کاتێکدا ئافرەتەکان لە ژووری تەنشتەوە فرمێسکەکانیان دەسڕین یاخود تەنانەت بێفرمێسک چاویان لەسەر مێزەکە دەبڕی.

گریگۆر شەو و ڕۆژی بێخەو بەسەر دەبرد. هەندێک جار بیری لەوە دەکردەوە، ئەم جارەیان دەرگاکە کرایەوە کێشەکانی خێزانەکەی وەک جاران لە ئەستۆی خۆی بگرێتەوە. لە خەیالەکانیدا لەپاش چەند ساتێکی درێژ خاوەنکار و نوێنەرەکەی دەردەکەوتنەوە، نۆکەر و شاگردەکان، خزمەتکارە گێژەکەی، چەند هاوڕێیەک لە

دوکانەکانی دیکەوە، کچە کرێکارێکی هۆتێلێکی سەر بەو هەرێمە، ئەڤینێک، یاداشتێکی کاڵەوەبوو، کچە فرۆشیارێک لە دوکانێکی کڵاودا، کە هێواش هێواش، بەڵام زۆر بەجیدی داوای پەیوەندی لێ کردبوو. هەموو ئەمانە بە تێکەڵی لەگەڵ خەڵکانی نامۆ یاخود فەرامۆشکراو دەردەکەوتن، بەڵام لە جێی ئەوەی کۆمەکی خێزانەکە بکەن، دەستی بە کەسیان نەدەگەیشت و **گریگۆر**یش خۆشحاڵ دەبوو کاتێک لەبەر چاوی ون دەبوون.

بەڵام وەختی وا هەبوو لە فەزایەکدا نەبوو خەفەت لە خێزانەکەی بخوات. لەسەر بێخزمەتییەکەی لێیان پڕ دەبوو. ئەو گەرچی خۆشی نەیدەزانی هەوەسی لەسەر چی خواردنێکە، پلانی ئەوەی دادەڕشت چۆن خۆی بگەیەنێتە مەخزەنەکە و ئەوەی بە هەق بەری دەکەوێت بیبات، وێڕای ئەوەی برسیشی نەبوو.

ئێستا بێئەوەی بیر لەوە بکەنەوە، چۆن دەتوانن چاکەیەک لەگەڵ **گریگۆر**دا بکەن، خوشکەکەی بەیانیان و نیوەڕوان بەر لە ڕۆیشتنی بۆ سەر کار بە پەلە هەر خواردنێک بوایە بە پێی پاڵیدەنایە ژوورکەی **گریگۆر**ەوە و ئێوارانیش بێباک لەوەی ئاخۆ هیچی لێ خوراوە یاخود ئەسڵەن دەستکاری کراوە- هەڵبەت بەزۆری دەستکاری نەدەکرد- بە گسکێک خواردن یان پاشماوەکەی لە ژوورەکەی دەماڵیەوە دەرێ. کۆکردنەوەی ژوورەکەی، کە لە ئێواراندا بوو، زەحمەت بوو لەوە خێراتر بەجێبهێنرێت. هێڵی پیسی

خۆیان بەسەر دیوارەکاندا کێش کردبوو و لیرە و لەوێ توپەڵە تۆز و زبڵ کەوتبوو.
لە ڕۆژەکانی سەرەتادا گریگۆر لەکاتی هاتنی خوشکەکەیدا لە سوچێکی زۆر تایبەتدا خۆی مەلاسدەدا، بۆ ئەوەی هەتا رادەیەک تاوانباری بکات. بەڵام هەڵبەت دەیتوانی بە هەفتە لەوێ بمێنێتەوە، بێئەوەی خوشکەکەی خۆی چاک بکات. خۆ ئەویش کتومت وەک ئەم پیسوپۆخڵییەکەی دەبینی، بەڵام دیاربوو بڕیاری دابوو ئاوەها لێیگەڕێت.
لەگەڵ ئەوەشدا بە هەستیارییەکی تەواو نوێیەوە، کە تەواوی خێزانەکەی گرتبووەوە، پاسەوانی ئەوەی دەکرد کە پاکردنەوەی ژوورەکەی گریگۆر تەنها بۆ ئەو بمێنێتەوە. جارێکیان دایکی گریگۆر پاکژکارییەکی مەزنی لە ژوورەکەی گریگۆردا بە ئەنجام گەیاندبوو، کە بە بەکارهێنانی تەنها چەند سەتڵە ئاوێک تەواوی کردبوو. بەڵام ئەو هەموو تەڕایی و شێدارییەش دڵی گریگۆریان تەواو نیگەران کردبوو و بەپانی و بێجووڵەو تاڵچێشتوو لەسەر قەنەفەکە درێژ بووبوو. بەڵام دایکی بە سزای خۆی گەیشت. چونکە لەگەڵ خوشکەکەی ئێوارە لە ژوورەکەی گریگۆردا هەستی بەو گۆڕانکارییە کرد و دەستبەجێ، وەک ئەوەی جنێوی پێ درابێت، بۆ ژووری مێوانەکە ڕایکرد و سەرەڕای ئەوەی دایکی بۆ سوێندانی دەستی هەڵبڕیبوو، کەوتە پڕمەی گریانێک، کە دایک و باوکی- هەڵبەت باوکی لەسەر قەنەفەکەیەوە ڕاپەڕیبوو-

سەرەتا سەرسام و دەستەپاچە لێیان ڕوانی. ئیدی ئەوانیش کەوتنە جوڵە. باوکی لەدەستە ڕاستەوە دایکی تاوانبار دەکرد لەسەر ئەوەی لێنەگەڕابوو پاکردنەوەی ژوورەکەی **گریگۆر** لە ئەستۆی خوشکەکەیدا دابێت. لە دەستە چەپیشەوە بەسەر خوشکەکەیدا دەنەڕاند و پێی دەگوت، هەرگیز بۆی نییە جارێکی دیکە ژوورەکەی **گریگۆر** پاکژ بکاتەوە، لەکاتێکدا دایکی لە شپرزەییدا باوکی نەدەناسییەوە و هەوڵی دەدا ڕاکێشی ژووری نووستنەکەی بکات. خوشکەکەی لە پرمەی گریاندا هەڵدەلەرزی، بە مست سەر مێزەکەی دادەکوتییەوە و **گریگۆریش** لە پەستییدا فیشکەی دەهات، چونکە کەس بە مێشکیدا نەدەهات دەرگاکە دابخات و لەو دیمەن و هەراوزەنایە ڕزگاری بکات.

بەڵام گەر تەنانەت خوشکەکەی لە ماندوویی کارەکەی لەوە وەڕز بووبێت، وەک جاران مشووری **گریگۆر** بخوات، خۆ پێویستی نەدەکرد دایکی جێگەی بگرێتەوە و هەروەها پێویستی نەدەکرد **گریگۆریش** وەلانرێت. چونکە ئێستا خزمەتکارەکەیان هەبوو. ئەو بێوەژنە پیرەی، کە لەوە دەچوو بەو ئێسکە بەهێزانەیەوە زۆرترین مەینەتی لە ژیاندا تەیکردبێت و سڵێکی ڕاستەقینەی لە **گریگۆر** نەدەکردەوە.

ئەسڵەن بەبێ هیچ چەشنێک لە فزوڵ جارێک بەڕێکەوت دەرگای ژوورەکەی **گریگۆری** کردبووەوە و بەدیار

گریگۆرەوە، کە سەرسام و سەرلێشێواو بێئەوەی کەس ڕاوێنێت بەم لاو لادا کەوتبووە غارغارێن. دەستی لە کۆشیدا قەدکردبوو و سەرسامانە وەستابوو. لەو ساتەوە وێری لێ نەدەکرد، هەموو بەیانیان و ئێوارانێک کەمێک دەرگاکەی دەکردەوە و نیگایەکی خێرای لە گریگۆر دەگرت. لە سەرەتاوە گریگۆری بانگێشدەکردە لای خۆی. بە وشەگەلێک، کە ڕەنگە خۆی بە وشەگەلێکی دۆستانەی زانیبێت. «وەرە ئێرە پیرە ڕمووزن» یاخود «تۆ تەماشای ئەم پیرە ڕمووزنە کەن!»، بە هیچ جۆرێک گریگۆر وەلامی ئەو جۆرە بانگانەی نەدەدایەوە، بەڵکو بێجووڵە لە جێی خۆی دەمایەوە، وەک ئەوەی دەرگاکە هەر نەکرابێتەوە.
پێویستبوو لەجێی ئەوەی ڕێ بەو خزمەتکارە بدەن، بە ئارەزووی خۆی و بێسوود گریگۆر بێزاربکات، فەرمانی ئەوەیان بدایە، ڕۆژانە ژوورەکەی خاوێن بکاتەوە!
جارێکیان بەیانی زوو– لەو ساتەدا بارانێکی توند دەیدا بە جامی پەنجەرەکەدا، ڕەنگ بوو نیشانەی نیزیکبوونەوەی بەهار بێت– گریگۆر، کاتێک خزمەتکارەکە دەستی بەو جۆرە قسانە کردەوە، بە شێوەیەک نیگەران بوو کە وەک بۆ پەلاماردانی بڕوات، هێواش و کەنەفتانەبەرەوپیری ڕۆیشت. بەڵام خزمەتکارەکە، لەجێی ئەوەی بترسێت کورسیەکی نزیک لە دەرگاکەوە هەڵبڕی و بەو شێوەیەی لەویادا بە دەمی داچەقیوەوە ڕاوەستابوو، نیازی ڕوون و ئاشکرا بوو. هەتا کورسیەکەی دەستی لەسەر پشتی

گریگۆر زرمەی نەکردایەوە، نیازی نەبوو دەمی داپچڕاوی دابخاتەوە. کە گریگۆر ڕووی لە پشتەوە کردەوە، پرسی: «چییە، لەوە زیاتر ناڕۆیت؟» و هێواش کورسیەکەی لە قوژبنەکەدا دانایەوە.

هەنوکە گریگۆر وای لێهاتبوو هیچی نەدەخوارد. تەنها گەر بەڕێکەوت بەتەنیشت خواردنەکەدا ڕاگوزەرایە، تەنها بۆ یاری قەپالێکی دەبرد، بە سەعات لە دەمیدا دەیهێشتەوە و بەگشتی لەکۆتاییدا تفی دەکردەوە. سەرەتا وای زانی ئیشی غەموپەژارەکەیەتی لە دۆخی ژوورەکەی، کە ئاوەها دڵی لە خواردن گیراوە، بەڵام هەرزوو لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ناو ژوورەکەدا ئاشتبووەوە. ئەوانیش ڕاهاتبوون، هەموو ئەو شتانەی کە لە شوێنی دیکە جێگەیان نەدەبووەوە، فڕێیدەنە ژوورەکەی گریگۆرەوە. ئەو شتانەش گەلێک بوون، چونکە ژوورێکی خانوەکەیان دابووەوە بە سێ کەس بە کرێ. گریگۆر جارێک لە درزی دەرگاکەوە بینینی:

هەرسێکیان یەکی کۆلێک ڕیشیان هەبوو.

ئەو ئاغایانە کەسانێکی زۆر جیدی بوون و لە پاکوخاوێنیشدا ئێجگار ورد بوون، نەک تەنها هەر لە ژوورەکەی خۆیاندا، بەڵکو چونکە بەهەر جۆرێک بایە تازە هاتبوونە ئەمماڵەوە لە سەرلەبەری ماڵداریدا، بەتایبەتی ناو مەتبەخەکەیان مەبەست بوو. چارەی شتی بێفەڕیان نەدەویست، جا نەخوازە شتی پیس و پۆخڵەوات. لەسەرو

ئەوەشەوە بەشێکی زۆری ئەساس و مۆبیلیاتەکانیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو. بەوهۆیەوە گەلێک لە شتی ناو ماڵەکە زیادە بوون، کە لەڕاستیدا نەدەفرۆشران، بەڵام ئەوەش نەبوو بیانەوێت توڕیان بدەن. هەموو ئەو شتانە ڕوویان دەکردە ژوورەکەی **گریگۆر**. تەنانەت خۆڵ و زبڵدانی مەتبەخەکەش. ئەوەی بە کەڵک نەدەهات، خزمەتکارەکە، کە دیار بوو هەمیشە زۆر پەلەی بوو، فڕێی دەدایە ژوورەکەی **گریگۆر**ەوە.

**گریگۆر** خۆشبەختانە بەگشتی تەنها شتەکە یاخود ئەو دەستەی بەر چاو دەکەوت، کە شتەکەی فڕێدەدایە ژووری. ڕەنگ بوو خزمەتکارەکە نیازی هەبێت، بەپێی وەخت و مەجال شتەکان بەرێتەوە دەرەوە یاخود جارێک هەموویان پێکەوە فڕێبدات. بەڵام گەر **گریگۆر** خۆی لێ گورج نەکردنایە و نەیجوڵاندنایە، لە یەکەم فڕێدانیانەوە لە کوێ بوون، بۆ خۆیان هەر لەوێش دەمانەوە. سەرەتا ناچار بوو چونکە هیچ جێگایەکی دیکەی بۆ خشکاندن نەدەما، دواتر بۆ ڕابواردنی خۆی، ئەگەرچی لەپاش ئەو جۆرە کارانە لە ماندووی و غەمباریدا وەخت بوو دەمرد و چەندین سەعات لە جێگەکەی جوڵەی نەدەکرد.

بەوەدا کە پیاوە کرێچییەکان ژەمی ئێوارەیان لە ژووری میوانی هاوبەشدا دەخوارد، لە هەندێک ئێوارەدا دەرگای ژوورەکەی **گریگۆر** بە داخراوەیی دەمایەوە، بەڵام **گریگۆر** زۆر بە ئاسانی دەستبەرداری کردنەوەی دەرگاکە بوو. لە

چەندین ئێوارەدا، لەکاتێکدا دەرگاکە کراوەش بووبوو، نەیقۆستبووەوە و بێئەوەی خێزانەکەی هەستی پێبکات لە تاریکترین قوژبنی ژوورەکەیدا کەوتبوو. بەلام جاریکیان خزمەتکارەکە دەرگاکەی کەمێک لەسەرپشت بەجێهێشتبوو و کە ئاغا کرێچییەکان گەیشتنەوە ماڵەوە و گڵۆپیش داگیرسێنرا، دەرگاکە بەو شێوەیە درزێک لەسەر پشت مایەوە. لەسەرەوە لەبەر مێزەکەدا دانیشتن، لەو جێیەی جاران باوکی و دایکی و **گریگۆر** خۆی دانیشتبوون، دەسماڵی خوانەکەیان لێککردەوە و دەستیان دایە چەقۆ و چەتاڵ. دەستبەجێ دایکی لەناو دەرگاکەدا بە مەنجەلێک گۆشتەوە دەرکەوت، خوشکەکەشی بەدوایدا بە مەنجەلێکەوە، کە تیادا پەتاتە چین چین هەڵچنرابوو. خواردنەکە هەڵمێکی زۆری لێ هەڵدەستا. ئاغاکان بەسەر ئەو مەنجەڵانەی لەپێشیان داندران، چەمینەوە وەک ئەوەی بیانەوێت بەر لە خواردنی بیپشکنن، هەر بەڕاستیش مامناوەنجییەکەیان کە بە پێشڕەوی دوانەکەی دیکەی دەکرد، پارچەیەک گۆشتی لەناو مەنجەڵەکەدا لەتکرد تاوەکو بزانێت نەرم بووە یاخود پێویست دەکات ڕەوانەی ناو مەتبەخەکە بکرێتەوە. پێی ڕازی بوو. دایک و خوشکەکەشی، کە بە تەوسەوە لێیان دەڕوانی، بە ئاهێکەوە کەوتنە بزەکردن.

خێزانەکە خۆیان لە مەتبەخ نانیان دەخوارد. باوکی **گریگۆر**، لەگەڵ ئەوەشدا بەر لەوەی بڕواتە ناو

مەنیمەنەکەوە، دەهاتە ئەو ژوورەوە و بۆ تاقە جارێک دەچەمییەوە و بە کڵاوەکەی دەستیەوە سورێکی بە دەوری مێزەکەدا دەخوارد. کرێچییەکان کۆمپلێت هەڵدەستانە سەرپێ و لەژێر ڕیشەکانیانەوە شتێکیان دەمینگاند. پاشان کە دووبارە تەنیا دەکەوتنەوە، زۆر بەبێدەنگی نانیان دەخوارد. گریگۆر ئەوەی لا سەیر بوو، کە لەناو ئەو هەموو دەنگە جیاواز جیاوازانەی خواردندا هەمیشە گوێی لە دەنگی جوینی ددانەکان دەبوو، وەک ئەوەی بیانەوێت ئەوە نیشانی گریگۆر بدەن، کە بۆ خواردن پێویستیت بە ددان هەیە و گەر خاوەنی باشترین کاکیلەش بیت، ئەوا هەر بێسوودە و هیچت لەدەست نایەت. گریگۆر بەخۆی دەگوت:

«خۆ دڵم دەچێتە سەر خواردن، بەڵام ناچێتە سەر شتی لەو جۆرە. ئەو کاکی کرێچییانە چۆن نان دەخۆن و منیش وا دەمرم!»

زیاد لە هەموو کاتێک لەو ئێوارەیەدا- گریگۆر لەیادی نەبوو ئەو هەموو سەردەمە جارێک گوێی لە دەنگی کەمانەکە بووبێت- کەمانەکە لە مەتبەخەکەوە دەنگی هات. کاکی کرێچییەکان لە ژەمی ئێوارەیان تەواو بووبوون، مامناوەنجییەکەیان ڕۆژنامەیەکی دەرهێنابوو، سەرو پەڕەی دابوو بە دوانەکەی دیکە، ئیدی پاڵیاندابووەوە، جگەرەیان دەکێشا و دەیانخوێندەوە. کە کەمانەکە دەنگی لێوە هەستا، بەئاگا هاتنەوە، هەستان و لەسەر نوکی پێ

خۆیان بەرەو دەرگای ژووری پیشەوە کێش کرد و لەوێ بەتێکترینجاوی وەستان. دەبێت لە مەتبەخەکەوە گوێیان لێیان بووبێت، چونکە باوکی گریگۆر گوتی: «ڕەنگە ئەم کاکانە بەو دەنگە بێزار بن؟ گەر پێی بێزارن دەتوانێت دەستبەجێ دەست هەڵگرێت.»

مامناوەنجیەکەیان گوتی: «بەپێچەوانەوە، ئاخۆ خانم نایەوێت بێتە لای ئێمە و لێرە بیژەنێت، خۆ لێرە زۆر ڕەحەتتر و خۆشترە.»

باوکی **گریگۆریش**، وەک ئەوەی خۆی کەمانچەژەنەکە بێت، گوتی: «بەڵێ فەرموو.»

پیاوەکان گەڕانەوە ژووری و چاوەڕێیان کرد. هیچی نەبرد باوکی بە ستاندی نۆتەکەوە هات، دایکی بە نۆتەکانەوە و خوشکەکەشی بە کەمانچەکەوە. خوشکەکەی بە ئارامی هەموو شتێکی بۆ ژەنینی کەمانچەکە ئامادە کرد. دایک و باوکی، کە لەوەوبەر هەرگیز ژووریان نەدابوو بەکرێ و لە ڕێز و حورمەتدا زیادەڕەویان دەکرد، ئەسڵەن زاتیان نەدەکرد لە سەر کورسییەکانی خۆیان دانیشن. باوکی خۆی بە دیوارەکەوە هەڵپەساردبوو، دەستی ڕاستی خستبووە نێوانی دوو دوگمەی چاکەتەکەیەوە، بەڵام یەکێک لەو کاکانە کورسیەکەی خۆی بۆ دایکی **گریگۆر** چۆڵ کردو بەڕێکەوت کورسییەکەی لە قوژبنێکدا بۆ دانا، ئیدی دایکی لە پەراوێزدا لەو قوژبنەدا دانیشت.

خوشکەکەی کەوتە کەمانچە ژەنین. باوک و دایکی، هەر یەکەی لەجێی خۆیانەوە، بە سەرنجەوە لەگەڵ جوولەکانی دەستیدا ڕۆیشتن. گریگۆر، کە دەنگی کەمانچەکە ڕایکێشابوو، زاتی کردبوو کەمێک زیاتر بێتە پێشی و ئێستا سەری لەناو ژووری میوانەکەدا بوو. بەوەش سەرسام نەبوو کە لەم ماوەیەی ڕابردوودا حیسابی زۆری بۆ ئەوانی دیکە نەدەکرد؛ ئەو حیسابەی پێشتر بۆی کردبوون، تەنها بەهۆی سەربەرزی خۆیەوە بووبوو. لەگەڵ ئەوەشدا دەبایە ئێستا خۆی حەشار بدات، چونکە بەهۆی ئەو تەپوتۆزەی لەناو هەموو ژوورەکەیدا کەوتبوو و بە ئەسپاییترین جوڵە هەڵدەستا، گریگۆر لە تۆز هەڵکێشرابوو؛ ئەملاولاکانی و پشتی بە دەزو و موو و بەرماوەی خواردن داپۆشرابوو. بێباکییەکەی لەبەرامبەر هەموو شتەکان لەوە گەورەتر بوو هەتاوەکو وەک جاران ڕۆژی چەند جارێک بچێتە سەر پشت و لەسەر فەرشەکە چینە بکات. سەرەڕای ئەو دۆخەی سڵی لەوە نەدەکردەوە لەسەر ئەرزە بێڵەکەکەی ژووری میوانەکە کەمێک بێتە پێش.

بەڵام کەسیش سەرنجی پێ نەدا. کەمانچەکە سەرلەبەری خێزانەکەی داگیر کردبوو. بەڵام بەپێچەوانەوە ئاغا کرێچییەکان، کە دەستیان لەناو گیرفانی پانتۆڵەکانیاندا بوون و لەپشت ستاندی نۆتەکەوە ئێجگار نزیک لە خوشکەکەیەوە ڕیزیان گرتبوو، بە شێوەیەک کە

هەموویان ناو نۆتەکانیان دەبینی، کە ئەوە بێگومان شتێک بوو خوشکەکەی بێزار دەکرد، سەریان داچەماند و بە ورتەورتەوە گەڕانەوە بەر پەنجەرەکە و لەوێ مانەوە. باوکی گریگۆریش بە خەمەوە لێی دەڕوانین. بەڕاستی ڕووخساریان ئەوەی لێ تەفسیر دەکرا، چاوەڕێی کەمانێکی خۆش و سەرنجڕاکێش بووبن و ئێستا نائومێد و لە تەواوی نمایشەکە وەڕز بووبن و تەنها لەبەر ڕێز و حورمەت لێبگەڕێن ئارامیان لێ تێکبدەن. بەتایبەتی ئەو شێوەیەی کە دوکەڵی جگەرەکانیان لە کونەلوتیانەوە هەڵدەستاند، سەغڵەتی و شپرزەیی تیا دەخوێنرایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا خوشکەکەی کەمانێکی جوانی دەژەنی، سەری بەلادا چەمیبووەوە، بە نیگای غەمگینەوە شوێن ڕیز بە ڕیزی نۆتەکان دەکەوت. گریگۆر کەمێکی دیکەش هاتە پێشەوە و سەری بە ئەرزەکەوە نوساند، تاوەکو نیگای ببێت بە نیگایەوە. ئایا لەبەر ئەوەی مۆسیقا هێند پەلبەستی دەکرد، ئیدی ئەم ئاژەڵێک بوو؟ وای هەست دەکرد یەکێک ڕێگای ئەو خۆراکە نادیارەی نیشان دەدات، کە چەند وەخت بوو تامەزرۆ لەدوای دەگەڕا. بڕیاری دابوو هەتا لای خوشکەکەی بڕوات، دامێنی تەنوورەکەی بجوڵێنێت و بەو شێوەیە ئاماژەی ئەوەی پێبدات، کە بە کەمانچەکەیەوە بێتە ژوورەکەی گریگۆرەوە و کەس وەک ئەم ستایشی کەمانچەکەی ناکات. ئیدی نەهێڵێت جارێکی دی ژوورەکەی جێبهێڵێتەوە، لانی کەم هەتا خۆی لە ژیاندا

بمینێت. با ڕووخسارە تۆقینەرەکەی بۆ تاقە جارێک چییە سوودی هەبێت. دەیوسیت هەمانکات لەپێش هەموو دەرگاکانی ژوورەکەیدا بێت و بەرەنگاری پەلاماردەرەکان بێتەوە. بەلام نەدەبوو زۆر لە خوشکەکەی بکات، بەڵکو پێویستبوو بە خۆشی خۆی لای بمێنێتەوە. دەبایە لە تەنیشتییەوە لەسەر قەنەفەکە دانیشێت گوێی بۆ گریگۆر شۆڕبکاتەوە، تاوەکو لەبەینی خۆیاندا پێی بڵێت، کە نیازی هەبووە بینێرێت بۆ خوێندنگای مۆسیقا و ئەگەر ئەو بەلایە ڕووی نەدایە کریسمسی ڕابردوو- خۆ کریسمس تێپەڕیبوو؟- نیازی خۆی بەهەمووان دەگوت، بێئەوەی گوێ بداتە هیچ پرۆتەستەیەکی دایک و باوکی. لەپاش ئەو حیکایەتە خوشکەکەی دەکەوتە پرمەی گریان، گریگۆریش خۆی هەتا ئاستی بنباڵی هەڵدەبڕی و ملی ماچ دەکرد، ملی خوشکەکەی، کە لەوەتەی لەو کۆگایە کاری دەکرد، نە بە ملپێچ و نە بە یەخە داینەدەپۆشی.

پیاوە مامناوەنجییەکەیان پەنجەی بۆ گریگۆر ڕاکێشا، کە هێواش هێواش دەکشایە پێشێ، و بانگی لە باوکی گریگۆر کرد: «بەڕێز سامزا»، بێئەوەی یەک وشەی دیکە چییە بلێت. کەمانەکە دەنگی لێبڕا، پیاوەکەی ناوەڕاست بە سەردلەقییەوە بزەیەکی بۆ هاوڕێکانی کرد و نیگای خستەوە سەر گریگۆر. باوکی گریگۆر دیاربوو پێی باشتربوو بەر لەوەی گریگۆر ڕاونێتەوە ژووری، ئاغا

کریچییەکان ئارام بکاتەوە، گەرچی ئەوان ئەشلەژابوون و لەوە دەچوو گریگور لە کەمانچەکە زیدەتر خافلیان بکات. باوکی بە پەلە خۆی گەیاندنی و دەستی لێ بڵاوکردبووەوە و هەوڵی دەدا ڕەوانەی ژوورەکەی خۆیانیان بکاتەوە و هەمان کاتیش دەیویست بە جەستەی بەرچاویان بگریت، تاوەکو گریگور نەبینن. ئیستا بەڕاستی کەمیک تووڕە بوون، بەلام چیدیکە نەتدەزانی ئاخۆ لەسەر هەڵسوکەوتی باوکی گریگور زویر بوون، یاخود لەسەر ئەوەی کە خاوەنی جۆرە هاوسییەکی وەک گریگور بوون، بیئەوەی پییانزانیبیت.

داوای ڕوونکردنەوەیان لە باوکی گریگور کرد، دەستیان بلند دەکرد، شپرزانە دەستیان بە ڕیشیاندا دەهینا و هیواش هیواش بەرەو ژوورەکەی خۆیان کەوتنەوە ڕێ.

لەو نیوەندەدا خوشکەکەی لەو دەلاقەی نغرۆبوونە هاتبووەوە دەرێ، کە لەپاش ڕاگرتنی کەمانچەکە کەوتبووە ناوی، بۆ ساتیک دەستی بە کەمان و کەوانەکەوە شۆڕکردبووەوە و وەک ئەوەی هیشتا کەمان بژەنیت لە نۆتەکانی ڕوانیبوو، بەجاریک قینج بووبووەوە و ئامیرەکەی خستبووە ناو کۆشی دایکییەوە (کە هەناسەتەنگ هیشتا لەسەر کورسییەکەی دانیشتبوو) و خۆی گەیاندبووە ژووری کریچییەکان. باوکیشی لەملاوە تینی بۆ کریچییەکان هینابوو بگەڕینەوە ژوورەکەی خۆیان. ئیدی دەتبینی سەرچەف و بەتانی بەملاولادا

دەفڕین و لەژێر دەستە لێزانەکانی خوشکەکەیدا ڕێکوپێک دەچوونەوە جێی خۆیان. بەر لەوەی ئاغاکان بگەنە ژوورەکە، ئەم لە چاککردنی جێگاکان تەواو بووبوو و دەشهاتە دەرێ. باوکی لەوەدەچوو دووبارە بە کەللەڕەقییەکەی خۆیەوە گرتبێتی. بەچەشنێک کە هەموو ئەو ڕێز و حورمەتانەی فەرامۆشکردبوو، کە مرۆڤ بەلانی کەمەوە قەرزاری کرێچییەکانێتی. هەر پاڵی ناو پاڵی نا، هەتا لەناو دەرگای ژوورەکەدا پیاوە ناوەنجییەکەیان پێیەکی دا بە ئەرزەکەدا و بەوە باوکی گریگۆری وەستاند. دەستی هەڵبڕی و نیگاشی گرتە خوشک و دایکەکە و گوتی:

«لێرەدا، لەسەر حاڵە قێزەونەکانی ناو ئەم خانوو و خێزانە،» لەگەڵ ئەم وشانەدا تفێکی پەلەی لە ئەرزەکە کرد، «دەستبەجێ بڕیاری چۆڵکردنی ئەم ژوورە دەدەم. بێگومان بۆ ئەو ڕۆژانەی کە لێرەشدا ژیاوم، یەک عانە نادەم. بەپێچەوانەوە بیر لەوە دەکەمەوە داوای قەرەبووتان لێبکەم... شتێک کە دەتوانم زۆر ئاسان بیسەلمێنم.»

ئێستا بێدەنگ بوو و لەبەر خۆی ڕووانی، وەک ئەوەی چاوەڕێی شتێک بکات. دوو هاوڕێکەی دیکەشی لەگەڵ وشەکانیدا کۆک بوون:

«ئێمەش دەستبەجێ بڕیاری چۆڵ کردن دەدەین.»

لەپاش ئەوە دەستی خستە سەر دەسکی دەرگاکە و بە گرمەیەک دایخست.

باوکی بە لارەلار گەڕایەوە لای قەنەفەکەیی و لەناویدا نقوم بوو. لەوەدەچوو بۆ سەرخەویکی ئاسایی ئیواران خوی بکیشیتەوە، بەلام بە لەقاندنە بیوچانەکەی سەریدا دیاربوو، کە بەهیچ چەشنیک نەخەوتووە. گریگور هەموو وەختەکە تەنها بیدەنگ لەو جییەدا کەوتبوو، کە ئاغا کریچییەکان لەقافدا گرتبوویان. نائومیدی شکستخواردنی پلانەکەی، ئەو لاوازییەی کە هۆکارەکەی دەگەڕایەوە بۆ برسییەتی، هەموو ئەم شتانە جوولەیان لیبڕیبوو. بەجۆریک لە جۆرەکان دلنیا بوو ئیستا نا ئیستا کارەساتیک بەسەریدا دادەڕوخیت و چاوەڕوان بوو. تەنانەت کەمانچەکەش، کە لەژیر پەنجە لەرزۆکەکانی دایکیدا لە کۆشییەوە بەربووەوە و زرمەیەکی لیوە هەستا، گریگوری دانەچلەکاند.

خوشکەکەی گوتی: «دایک و باوکی ئازیزم» و بۆ دەسپیک دەستی دا بە میزەکەدا، «وەزعەکە بەم چەشنە ناڕوات بەڕیوە. من هەستی پی دەکەم، گەر ئیوە هەستی پی ناکەن. من نامەویت لەپیش ئەو ناجنسەدا ناوی براکەی خۆم بهینم و لەبەر ئەوە دەلیم: دەبیت هەول بدەین لەکۆلی بکەینەوە. ئەوەی لە دەسەلاتی مرۆڤدا بیت کردمان، خزمەتی بکەین و ڕاییبگرین، باوەڕناکەم کەس بتوانیت سەرزەنشتمان بکات.»

باوکی، وەک ئەوەی بۆ خودی خۆی قسە بکات، گوتی:
«هەزار جار ڕاست دەکات.»
دایکی، کە هێشتا هەناسەی تەواوی نەهاتبووێ، دەستی ڕاگرت و بە نیگایەکی شێتانەوە کەوتە کۆخینێکی کپ بەناو دەستیدا.
خوشکەکەی بە پەلە خۆی گەیاندە لای دایکی و دەستی بە ناوچاوانییەوە گرت. باوکی بەبۆنەی قسەکانی خوشکەکەیەوە لەوە دەچوو خەیاڵی چووبێتە سەر شتگەلێکی دیکە، قینج بووبووەوە و بە بیریەکەی یاری لە بەینی ئەو دەوریانەدا دەکرد، کە لە ژەمی ئێوارەی کاکی کرێچییەکان مابوونەوەو جار نا جارێک تەماشایەکی لە گریگۆری بێدەنگ دەکرد.
دواجار خوشکەکەی بە باوکی گوتەوە: «دەبێت لە کۆڵ خۆمانی بکەینەوە» چونکە دایکی لەبەر کۆخەکۆخ گوێی لە هیچ نەبوو، «خۆ ژیانی هەردووکتان لەناو دەبات. لە ئێستاوە هەموو شتێک دەبینم، گەر مرۆڤ وەک ئێمە هێند سەخت کار بکات ناتوانێت بەرگەی ئەو عەزابە ئەبەدییەی ماڵیش بگرێت»
کە ئەمەی گوت کەوتە پرمەی گریان، بەشێوەیەک کە فرمێسکەکانی دەرژانە سەر دەمووچاوی دایکی و بە چەند جوولەیەکەی بێهۆشانەوە فرمێسکەکانی لەسەر دەمووچاوی بۆ دەسڕییەوە. باوکی بە تێفکرینێکی زەق و

هەمان کات پڕ بەزەییانەوە گوتی: «کچم، ئاخر چی بکەین؟»

خوشکەکەی بە شان هەڵتەکاندنێک ئاماژەی بۆ ئەو بێچارەییەی خۆی کرد، کە لەکاتی گریانەکەدا بە پێچەوانەی دڵنیاییەکەی ئەوسایەوە باڵی بەسەردا کێشابوو.

باوکی نیمچە پرسیارئامێزانە گوتی: «تەنها لێمان تێگەیشتایە!«

خوشکەکەی بە گریانەوە دەستی توند ڕاوەشاند بۆ ئاماژەی ئەوەی کە ئەوە شتێک نەبوو مرۆڤ بیری لێ بکاتەوە.

باوکی گوتی: «گەر لێمان حاڵی بوایە« و چاوی لێکنا، تاکو بیر لە دڵنیایی کچەکەی بکاتەوە لە نەکردەیی ئەو مەسەلەیە، «ئەوا دەتوانین ڕێکەوتننامەیەکی لەگەڵدا بکەین. بەڵام بەم چەشنە ...«

خوشکەکەی هاواری لێ هەستا: «دەبێت نەمێنێت. ئەوە تاکە چارەیە، بابە. تەنها دەبێت دەستبەرداری ئەو خەیاڵە بێت، کە ئەوە **گریگۆرە**. ئەوەی کە ئێمە ئەم هەموو کاتە باوەڕمان وابووە کە ئەمە **گریگۆرە**، ئەوە بەڵا ڕاستەقینەکەمانە. بەڵام چۆن دەبێت ئەمە **گریگۆر** بێت؟ گەر **گریگۆر** بایە، ئەوا لەمێژ بوو دەیزانی کە پێکەوەژیانی مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵێکی ئاوەهادا شتێکی نەکردەیە و هەر خۆی دەڕۆیشت. ئیدی ئێمە برایەکمان نەدەبوو، بەڵام

دەمانتوانی بەردەوامی بە ژیان بدەین و یاداشتەکانیمان لە ڕێز و حورمەتدا ڕادەگرت. بەڵام ئەم ئاژەڵە ئاوەها بەدوامانەوەیە، کرێچییەکانمان ڕاودەنێت، دەیەوێت هەموو خانوەکە داگیر بکات و وامان لێبکات لە کۆڵان بخەوین.»
ئێستا لەناکاو قیژاندی: «تۆ تەماشابکە باوکە. دیسانەوە دەستپێدەکاتەوە!»
بە داچڵەکینێکەوە، کە **گرێگۆریش** لێی حاڵی نەدەبوو، خوشکەکە دایکیشی جێهێشت، خۆی دا بە قەنەفەکەدا، وەک ئەوەی ئامادە بێت دایکی بکاتە قوربانی، تەنها بۆ ئەوەی لەنێزیکی **گرێگۆر**ەوە نەمێنێتەوە، بە پەلە خۆی گەیاندە لای باوکی، باوکیشی بە هەڵسوکەوتی کچەکەی شڵەژاو هەستایە سەرپێ و بۆ پارێزگاری کردن لە کچەکەی، کەمێک دەستی لێ بڵند کرد.
بەڵام **گرێگۆر** بە مێشکیدا نەدەهات کەسێک یان نەخوازە خوشکەکەی خۆی بترسێنێت. تەنها کەوتبووە ئەوەی بسووڕێتەوە، تاکو بگەڕێتەوە ناو ژوورەکەی خۆی. بەڵام جوڵەکانی زەق دەهاتنە بەرچاو، لەبەرئەوەی لەم حاڵە پڕعەزابەی ئێستایدا دەبایە بۆ ئەو خولانەوە سەختانە سەریشی بخاتە گەڕ، سەری چەند جارێک هەڵبڕی و دایەوە بە ئەرزەکەدا. ئێستێکی کرد و لە دەوری خۆی ڕووانی. دیار بوو لە نیازە باشەکەی تێگەیشتبوون. ئەو ترس و داچڵەکینە تەنها چرکەیەک بووبوو. ئێستا هەمووان بێدەنگ و غەمیگین لێیان دەڕووانی. دایکی

قاچەکانی جووت و درێژ کردبوو و لەسەر قەنەفەکە کەوتبوو، وەخت بوو چاوەکانی لە ماتیدا لێکدەنا. باوک و خوشکەکە بەتەنیشت یەکەوە دانیشتبوون، خوشکەکە دەستی لە ملی باوکی ئالاندبوو.

گریگۆر بە خۆی گوت: «ڕەنگە ئێستا بتوانم بسووڕێم» و کەوتەوە سەر کارەکەی خۆی. نەیدەتوانی لە خۆماندووکردنەکەیدا هەناسەبڕکێیەکانی بنوقێنێت و دەبایە جار نا جارێک پشوو بدات.

کەسیش زۆری بۆ نەهێنابوو. هەموو شتێک خرابووە ئەستۆی خۆی. کاتێک بە تەواوی سووڕایەوە، دەستبەجێ بەڕێکەوت. بەو مەودا دوورە سەرسام بوو، کە ئەمی لە ژوورەکەی جیا دەکردەوە و تێنەدەگەیشت بەو لاوازییەوەی کەمێک پێش ئێستایەوە چۆن توانیبووی هەمان ڕێ ببڕێت، بێ ئەوەی هەر هەستیشی پێ بکات. تەنها خەیاڵی لەسەر خشکانێکی پەلەپەل بوو، گوێی بەوە نەدەدا کە خێزانەکەی یەک وشە، یەک هاوار چییە لێوەی نایەت.

کە گەیشتبووە ناو دەرگاکە، ڕووی سوڕاند، بەتەواوی نا، چونکە هەستیکرد ملی ڕەق دەبێت. بەڵام هیچ نەبێت بینی کە لەپشتییەوە هیچ شتێک گۆڕانی بەسەردا نەهاتبوو، تەنها خوشکەکەی هەستابووە سەرپێ. دواهەمین نیگای لە دایکی گرت، کە ئێستا بە تەواوی خەوی لێکەوتبوو.

بە گەیشتنی بۆ ناو ژوورەکەی، بەپەلە و بێ دواکەوتن دەرگاکەی داخرا و قفڵ و کلیل درا. **گریگۆر** بەو زرموهوڕە پڕتاوانەی لەپشتییەوە هات زۆر ترساو قاچە چکۆلانەکانی لە جووڵە کەوتن. خوشکەکەی بوو ئەو پەلە پەلەی نابووەوە. بە قینجی لەویادا ڕاوەستابوو و چاوەڕێی کردبوو، پاشان بە جووتێک پێی سووکەوە هەڵهاتبووە پێشەوە. **گریگۆر** ئەسڵەن گوێی لێ نەبووبوو. خوشکەکەی، لە کاتێکدا کلیلەکەی لە کیلۆنەکەدا بادا، گوتی: «ئۆخەی.»

**گریگۆر** لەخۆی پرسی: «ئەی ئێستا؟» و لە تاریکییەکەدا لە چواردەوری خۆی ڕووانی. ئێستا بۆی دەرکەوت، کە چیدیکە جووڵەی بۆ نەدەکرا. بەلایەوە سەیر نەبوو، زیاتر بە شتێکی ناسروشتی دەهاتە پێش چاوی، کە هەتا ئێستا توانیبووی بەو قاچە چکۆلانەیەوە ڕێ بکات. بۆ زانیاریش بەپێی بارودۆخەکە هەستی بە ناڕەحەتییەکی وا نەدەکرد. لەڕاستیدا هەموو لەشی دەهێشا، بەڵام وای هەست دەکرد ئازارەکان هەر دێت و لاواز دەبن و دواجار تەواو نامێنن. بە ئاستەم هەستی بە سێوە گەنیوەکەی ناو پشتی و هەوکردنەکەی چواردەوری دەکرد، کە بە تەپوتۆزێکی نەرم داپۆشرابوو. بە هەست و نەستێکی خۆشەویستییەوە بیری لە خێزانەکەی دەکردەوە. بیروڕای خۆی لە بزێشتنی خۆی ڕەنگ بوو زۆر یەکلاییکەرەوەتر بێت وەک لە ڕای خوشکەکەی. لەو دۆخی تێفکرینە بەتاڵ و

بێدەنگەدا مایەوە هەتا کاتژمێری بورجەکە کاتژمێر سێی بەیانی لێدا. فریاکەوت سەرەتای رۆشنبوونەوەی گشتی بەیانیان لەبەر پەنجەرەکەدا ببینێت. پاشان بێ ویستی خۆی سەری تەواو شۆڕ بووەوە و بە لاوازی دواهەناسەی لێهاتە دەر.

کە بەیانی زوو خزمەتکارەکە گەیشت- بە پەلە و هێزێکی زۆرەوە هەموو دەرگاکانی داخستەوە ئەگەرچی چەندین جار تکای لێ کرابوو ئەوە نەکات، ئیدی بە هاتنی ئەو لە تەواوی هەمووماڵەکەدا خەوێکی ئارام نەکردە بوو- لە سەردانە هەمیشەییە کورتەکانی بەیانیانیدا بۆلای گریگۆر سەرەتا هەستی بە هیچ شتێک نەکرد. وای زانی گریگۆر لە ئەنقەست بەبێ جووڵە لەویادا کەوتووە و خۆی تۆراندووە؛ هەموو جۆرە عاقڵییەتیکی لە گریگۆر رادەبینی، ئیدی چونکە بەرێکەوت گسکەکە بە دەستییەوە بوو، هەوڵی دا لە شوێنی خۆیەوە ختووکەی گریگۆر بدات. کە هەستی بە هیچ جووڵەیەک نەکرد، خزمەتکارەکە توورە بوو و گسکەکەی کەمێک لە گریگۆرەوە ژەنی و سەرەتا کە گریگۆری بەبێ هیچ بەرهەڵستییەک لەجێی خۆی خزاند، ئاگادار بووەوە. کە بەراستی لە تەواوی مەسەلەکە حاڵی بوو، چاوی دەرپەڕین، لەبەر خۆیەوە فیکەیەکی لێدا، بەڵام زۆر نەمایەوە، بەڵکو دەرگای ژووری نووستنەکەی کردەوەو بە دەنگی بەرز بەناو تاریکاییەکەدا نەڕاندی:

«وەرن تەماشا بکەن، تۆپیووە. لەویادا کەتووە، تەواو تۆپیووە!»

ژن و مێردەکە لەسەر سیسەمەکەیان بە قینجی دانیشتبوون و ئەسڵەن بەر لەوەی لە هەواڵەکە تێبگەن هەوڵیان دەدا تۆقیوییەکەی خۆیان لە خزمەتکارەکە ئاسایی وەرگرن. بەڵام پاشان بەرێز **سامزا** و خانم **سامزا**، هەر یەک لە دیوی خۆیەوە، لەسەر سیسەمەکە دابەزین. بەرێز **سامزا** بەتانییەکەی دا بەسەر پشتیدا، خانم **سامزا** بە ڕۆبی خەوەوە دەرکەوت، بەو شێوەیە هاتنە ژوورەکەی **گریگۆر**ەوە.

لەو نێوەندەدا دەرگای ژووری میوانەکەش کرابووەوە. لەوەتەی کرێچییەکان هاتبوونە خانوەکەوە گرێتە لە ژووری میوانەکە دەنووست. گرێتە جلی تەواوی لەبەر دابوو وەک ئەوەی ئەسڵەن نەنووستبێت. پێدەچوو ڕووخسارە زەردهەڵگەڕاوەکەشی بەڵگەی شەونخونی بێت. خانم **سامزا** گوتی: «مردووە؟» و ڕووی لە خزمەتکارەکە بەرز کردەوە، ئەگەرچی دەیتوانی خۆی بیپشکنێت یاخود ئەسڵەن بەبێ پشکنین هەستی پێ بکات. خزمەتکارەکە گوتی: «پێم وایە« و بۆ سەلماندن گسکەکەی لە **گریگۆر** ژەنییەوە و کەمێکی دیکە پاڵی نا. خانم **سامزا** جووڵەیەکی کرد، وەک ئەوەی بیەوێت ڕێ لە جووڵەی گسکەکە بگرێت، بەڵام پەشیمان بووەوە.

بەڕێز سامزا گوتی: «ئێستا دەتوانین سوپاسی خودا بکەین»

خاچێکی لەسەر نێوچاوان و سنگی خۆی دروست کرد و سێ ژنەکەش بەدوایدا هەمان شتیان کرد.

گرێتە، کە چاوی لەسەر لاشەکە لانەدەبرد گوتی: «تەماشا بکەن چەند لاواز بووە. ماوەیەکی زۆر بوو هیچی نەدەخوارد. خواردنەکان چۆن دەهاتنە ژووری، ئاوەهاش دەرویشتنەوە دەری.»

جەستەی گریگۆر بەڕاستی تەواو تەخت و وشک بوو. ئەوەیان تازە دەبینی، چونکە لەم ئانوساتەدا قاچەکانی گریگۆر لەئیش کەوتبوون و جەستەی نیشتبوو و هیچ شتێکی دیکەش نیگای ئەمانی نەخافڵاندبوو.

خاتم سامزا بە بزەیەکی خەفەتبارانەوە گوتی: «گرێتە، بۆ ساتێک وەرە لامان بۆ ژووری» و گرێتەش بەدوای دایک و باوکیدا بەرەو ژووری نووستنەکەیان بەڕێکەوت و ئاوڕێکی لە لاشەکە دایەوە. خزمەتکارەکە دەرگاکەی داخست و پەنجەرەکەی تەواو خستە سەر پشت. سەرەڕای ئەوەی کە بەیانییەکی زوو بوو، هەوا فێنکەکە شیلەتێنییەکی لەگەڵدا تێکەڵ بوو. ئیدی ساڵ بەرەو کۆتایی مارس دەڕۆیشت.

سێ ئاغا کرێچییەکە لە ژوورەکەی خۆیان هاتنە دەری و سەرسامانە چاویان بۆ بەرچایی گێڕا. هەڵبەت خێزانەکە

لەبیری کردبوون. ئاغا مامناوەنجییەکەیان بەمۆنی لە خزمەتکارەکەی پرسی: «کوا خوانی بەیانی؟»

بەلام خزمەتکارەکە دەستی بە دەمییەوە نووساند و بە پەلەو بێدەنگ دەستی بۆ ڕاوە

شاندن، تاوەکو بڕۆنە ژوورەکەی گرێگۆرەوە. پاشان هاتن، دەستیان لە ناو چاکەتە کۆنەکانیاندا، لەناو ژووورە ڕۆشنەکەی گرێگۆردا لەدەوری لاشەکە وەستان.

لەوکاتەدا دەرگای ژووری نووستنەکە کرایەوە و بەڕێز سامزا لە بەرگی دەوامیدا قۆڵ لەناو قۆڵی ژنەکەی دەرکەوت، قۆڵەکەی دیکەشی لە قۆڵی کچەکەیدا. هەمووان ڕووخساریان کەمێک گریاناوی دەردەکەوت. گریتە جار نا جارێک سەری دەنووساند بە قۆڵی باوکییەوە.

بەڕێز سامزا، بەبێ ئەوەی ئافرەتەکان بەربدات گوتی: «دەستبەجێ ماڵەکەم جێبهێڵن!» و دەستی بۆ دەرگاکە ڕاکێشا.

مامناوەنجییەکەیان کەمێک نیگەرانانە گوتی: «مەبەستت لە چییە؟» و بزەیەکی شیرینی کرد. دوانەکەی دیکە دەستیان لەسەر پشتەقنگیان بوو بێوورچان لەیەکیان دەخشاندن، وەک ئەوەی خۆشحاڵانە چاوەڕێی دەمەقاڵەیەکی گەورە بن، بەلام دەمەقاڵەیەک، کە لە بەرژەوەندی خۆیاندا کۆتایی بێت.

بەڕێز سامزا گوتی: «ڕێک چۆن دەڵێم، ئاوها.» و بە یەک هێڵ لەگەڵ ژن و کچەکەیدا بەرەو پیری مامناوەنجییەکە

چوو. ئەویش سەرەتا بێجووڵە لە جێی خۆی وەستا و لەسەر ئەرزەکەی دەڕوانی، وەک ئەوەی شتەکان لە مێشکیدا بکەونە ڕیزبەندییەکی نوێیەوە.
پاشان گوتی: «کەوابێ دەڕۆین» و سەری هەڵبڕی و تەماشای بەڕێز سامزای کرد، وەک ئەوەی لە ژێردەستەییەکدا، کە لەناکاو بەسەریدا هاتبێت، بۆ ئەو بڕیارەش داوای مۆڵەتێکی نوێی لێبکات. بەڕێز سامزا بە چاوی دەرپەڕیوەوە تەنها چەند جارێک سەری ئەرێی بۆ لەقاند.
لەپاش ئەوەی کابرا بە هەنگاوی درێژ درێژەوە ڕۆیشتە ژوورەکەی پێشەوە، دوو هاوڕێکەی بۆ ساتێک تەواو بێجووڵە گوێیان قوڵاخ کردبوو و پاشان بەهەڵەداوان شوێنی کەوتن، وەکو بترسن بەڕێز سامزا بەر لەمان بڕواتە ژووری و پەیوەندیان لەگەڵ پێشەواکەیاندا تێکبدات. لە ژوورەکەی پێشەوە هەر سێکیان کڵاوەکانیان لە عەلاگەکە کردەوە، بێدەنگ چەمینەوە و ماڵەکەیان جێهێشت.
بە گومانێکەوە، کە وەک دەرکەوت ناڕەوا بوو، بەڕێز سامزا و دوو ئافرەتەکە هاتنە بەر دەرگای دەرێ. خۆیان بە محاجەرەکەوە هەڵپەسارد و تەماشایان کرد، چۆن سێ ئاغاکە هێواش و بەردەوام بە پلیکانەکاندا دەڕۆیشتنە خوارێ، لەهەموو قاتێکدا لە پێچێکی دیاریکراوی پلیکانەکاندا دیار نەدەمان و لەپاش چەند چرکەیەک

دووباره دەردەکەوتنەوە. هەتا خوارتر دەڕۆیشتن، گرنگیدانی خێزانی سامزاش بۆیان کەمی دەکرد. سەرەتا کاتێک شاگردی قەسابێک بە خۆیی و تەشتەکەی سەر سەرییەوە بە پۆزێکی شانازانەوە ڕووبەڕوویان سەرکەوت و پاشان بەرەو سەروتر لەمان بەلایاندا تێپەڕی، بەڕێز سامزا لەگەڵ ئافرەتەکاندا محاجەرەکەیان جێهێشت و هەموویان، وەک ئەوەی بارێک لەسەر شانیان لاچووبێت، گەڕانەوە ماڵەکەی خۆیان.

بڕیاریاندا ڕۆژی ئەمڕۆ بە پشووودان و پیاسەکردن بەسەر بەرن. هەر ئەوەندە نەبوو شایەنی ئەوەبن ئەمڕۆ کار نەکەن، بەڵکو پێویستیشیان پێی بوو. بەو شێوەیە لەسەر مێزەکە دانیشتن و سێ نامەی عوزورخواییان نووسی، بەڕێز سامزا بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکەی، خانم سامزا بۆ ڕاسپاردەرەکەی، گریتەش بۆ وەستاکەی.

لەکاتی نووسیندا خزمەتکارەکە هاتە ژوورێ تاکو بڵێت کاری بەیانیانی تەواو بووە و دەڕوات. هەر سێکیان کەسەرقاڵی نووسین بوون سەرەتا تەنها سەری ئەرێیان لەقاند، بێئەوەی سەر بەرز بکەنەوە و تەماشا بکەن، سەرەتا کاتێک خزمەتکارەکە هەر نەڕۆیشت، بێزارانە سەریان بلند کرد. بەڕێز سامزا پرسی: «ئێ؟»

خزمەتکارەکە بە بزەیەکەوە لەنێوەندی دەرگاکەدا وەستابوو، وەک ئەوەی مزگێنییەکی گەورەی بۆ خێزانەکە پێبێت و تەنها بە مەرجێک هەمووان بووروژێن پێیان

بڵێت. پەڕە تاوسە قینجە بچووکەکەی سەر کڵاوەکەی، کە بەڕێز **سامزا** لە هەموو وەختی کارکردنەکەیدا پێی پەست بوو، بە هێمنی بە هەموو ئاڕاستەکاندا دەنووشتایەوە.

خانم **سامزا** کە خزمەتکارەکە لە هەموویان زێدەتر ڕێز و حورمەتی بۆ دادەنا، پرسی: «فەرموو، چیتان دەوێت؟»

خزمەتکارەکە گوتی: «بەڵێ» و لەتاو پێکەنینی شادمانیی خۆی نەیدەتووانی دەستبەجێ بەردەوام بێت، «سەبارەت بەوەی، ئەو شتە چۆن بگوێزنەوە پێویست ناکات خەم بخۆن. کێشەیەک نییە.»

خانم **سامزا** و **گرێتە** بەسەر نامەکانیاندا چەمینەوە، وەک ئەوەی بیانەوێت دەست بدەنەوە نووسین. بەڕێز **سامزا**، کە هەستی پێ کردبوو خزمەتکارەکە دەیەوێت هەموو شتێک بە وردی ڕوون بکاتەوە، بە دەستێکی دڵنیا قسەکانی پێ بڕی. لەبەر ئەوەی ڕێی پێ نەدرا باس بکات، پەلەییەکەی خۆی بە بیر خۆی هێنایەوە و بە ڕووخسارێکەوە کە پێ دەچوو تۆرابێت گوتی: «ماڵتان ئاوا» و هەڵەشانە ڕووی وەرگەڕاند، دەرگاکەی بە گرمەیەکی تۆقێنەر داخست و ماڵەکەی بەجێ هێشت.

بەڕێز **سامزا** گوتی: «دەبێت ئێوارە ئێزن بدرێت»، بەڵام نە ژنەکەی و نە کچەکەی وەڵامێکیان نەدایێ، چونکە دیار بوو خزمەتکارەکە ئەو ئارامییەی لێ تێک دابوون، کە لەمێژ نەبوو بەو حاڵە ناهەموارە بە دەستیان هێنابوو. ئەوان هەستانە سەرپێ و چوونە بەر پەنجەرەکە و لەوێ

مانەوە، دەستیان لە یەک ئالاند. بەڕێز سامزا لە قەنەفەکەیدا ئاوڕی بۆ دانەوە و بۆ ساتێک ئارام لێی ڕوانین. پاشان بانگی لێ کردن: «دە وەرن ئیدی واز لە شتی کۆن بهێنن. کەمێکیش گوێ بە من بدەن.»

ئافرەتەکان قسەکەیان بەجێ هێنا، خۆیان گەیاندە لای، کەمێک خۆیان تێهەڵسوو و نامەکانیان تەواو کرد.

پاشان هەرسێک پێکرا لە ماڵ چوونە دەرێ، شتێک کە چەند مانگێک دەبوو نەیانکردبوو. بە تراموا کارەباییەکە ڕۆیشتن بۆ نزیک شار. ئەو فارغۆنەی ئەمان بە تەنها تیایدا دانیشتبوون پڕ بوو لە گەرمیی تیشکی خۆرەکە. ڕەحەت پاڵیان بە کوشنەکانیان دابووەوە و مشتومڕیان لەسەر داهاتوو دەکرد و لە تێڕوانینێکی لە نزیکەوە دەرکەوت، کە دواڕۆژێکی خراپیان نەبوو، چونکە هەرسێک ئەگەرچی هێچیان سەبارەت بەوە پرسیاریان لەوی دیکەیان نەکردبوو، شوێنکارەکانیان زۆر لەبار بوون و مزگێنیی دواڕۆژێکی باشیان تێدا بوو.

یەکەمین هەنگاوی بەرەوباشچوون بێگومان دەبایە لە گۆڕینی خانووەکەیاندابێت. خانوویەکی بچووکتر و هەرزانتریان دەویست، لە مەوقیعێکی باشتردا و عەمەلیتر لەوەی ئێستایان، کە گریگۆر خۆی دۆزیبوویەوە.

لە کاتێکدا ئاوەها بۆ خۆیان قسەیان دەکرد، بەڕێز سامزا و خانم سامزا بە دیار کچەکەیانەوە، کە هەر دەهات و زیندووتر دەبوو، بۆیان دەرکەوت کە کچەکەیان سەرەڕای

هەموو ئەو بەڵایەی کە گۆناکانی زەرد هەڵگەڕاندبوون، بۆ کچێکی جوان و خرپن گەشەی کردبوو.
بە بێدەنگبوون و تێگەیاندنێک لە ڕێی نیگایانەوە بیریان لەوە دەکردەوە، ئێستا وەختی ئەوە هاتووە پیاوێکی باشی بۆ بدۆزنەوە. ئیدی ئەوەش وەک پشتڕاستکردنەوەیەکی خەونە تازەکان و نیازە باشەکانیان وا بوو، کاتێک بینییان کچەکەیان لە دواوێستگەدا یەکەم کەس هەستایە سەرپێ و جەستە لاوێتییەکەی کێشایەوە.